# پەیڤەکانی دیوار

PDF4Kurd

# پەیڤەکانی دیوار

## کاروان عەبدوللا

### ڕۆمان

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

- **پەیڤەکانی دیوار**

- بابەت: (ڕۆمان)
- نەخشەسازی ناوەوە: سەنگەر دلاوەر
- بەرگ: ڕێمان
- ژمارەی سپاردن: (٢٧١٥) لەساڵی ٢٠١٣
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٣
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٧٨٤)

**ماڵپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

گرینگ نەبوو پاش کەمێکی دیکە چیمان بەسەر دێ، ئێمە دەبوایە بە زووترین کات ئەو شوێنەی لێی وەستابووین جێبهێڵین و بەبێ ئاوڕدانەوە یەکڕاست بە نشێوەکەدا شۆڕبینەوە. دەبوایە تەنیا سەیری بەر پێی خۆمان بکەین و لە ڕێگا سەرەکییەکە دوور بکەوینەوە. شوێنەکە ناوچەیەکی شاخاوی بوو، ئەگەرچی سەفەرەکەمان لە وەرزی هاوینیشدا بوو، بەڵام ئەوێ زۆر سارد بوو، هەر لە زستان دەچوو. زەوییەکە هێندە تەڕ و شێدار بوو، هەر چۆن پێمان دابنایە بە تۆپەڵە قوڕێکەوە خلیسکمان دەبرد و بۆ ماوەیەك بە قونەخشکە دەچووینە خوارێ. هەرچەند زووتر لە نشێوەکە رزگارمان بوایە، لە تارمایی مەرگ دوورتر دەکەوتینەوە. دڵمان بەوە خۆشبوو دوای کەمێکی دیکە دەگەینە ئەو دیو سنووری وڵاتێکی دیکە. بە دۆڵێکی ئەوەندە دڕ و عاسێدا چووینە خوارەوە، ئەگەر لە سەرەتاوە بمانزانیبایە ئەوەندە قووڵ و مەترسیدارە، هەرگیز سەرەڕۆیی ئاوامان نەدەکرد و دەرگای ئەو دنیا نادییارەمان نەدەکردەوە، بەڵام چ بکەین؟ ئێمە ناچار بووین بەشوێنێکی ئاوادا بڕۆین، تازە دەبوایە ملی ئەو ڕێگایە بگرینە بەر کە نەماندەزانی لە کوێوە کۆتای دێ. بە نیگەرانییەکی زۆرەوە وەك ئەوەی لە

پێشبڕکێی هەڵاتندا بین، بۆ دواجار بەر لەوەی روو لە دۆڵەکە بکەین سەیری ئەو هاوڕێیەمان کرد، کە ئێمەی هێنایە سەر سنوور، ئەو ئەگەر چی بە نیگەرانییەوە چاوی بڕیبوە ئێمە و دۆڵە هەزار بە هەزارەکە، بەڵام دەپەڕینەوە. ئێمە بە شێوەیەك بە نشێوەکەدا دەچووینە خوارێ، دەتوت لەوە دڵنیابووین کە کۆمەڵە کەسێك بە دوامانەوەن و راومان دەنێن، ئێمە بە هەموو هێزمانەوە رووە و دۆڵە عاسێکە غارمان دەدا. هەرچەند لە سنووری وڵاتەکەی دیکە نێزیك دەبووینەوە، وامان دەزانی لە دۆزەخەوە رادەکەین و دوای نەختێی دیکە دەگەینە بەهەشت! من دەستی خێزانەکەمم گرتبوو، دەبوایە زۆر ئاگاداری بم. هاتنە خوارەوە لە دۆڵێکی وا سەختدا ئاگاییەکی زۆری گەرەکبوو، بە تایبەتی بۆ ئەو. خێزانەکەم جگە لەوەی دووگیان بوو، ئەو رۆژە زۆریش نەخۆش بوو. هەرچۆنێك بوو بە پەلە و قونەخشکێ بێ ئەوەی هیچ ئاوڕێك بدەینەوە گەیشتینە خوارەوە. من پێش هەموویان گەیشتمە نێزیك تەلدڕەکە، تەکانێکی زۆرم دایە خۆم و بڕێك لە تەلدڕەکەم هەڵدایەوە. بەچاو بەخێزانەکەمم گوت (زووکە بڕۆ ئەودیو)، ئەگەرچی بۆ ئافرەتێکی سکپڕ کەمێك زەحمەت بوو ئەو کارە بکا، بەڵام لەچاو نوقانێکدا چووە ئەوبەر. ئەوانی دیکەش بە پەلە پەڕینەوە. من کە دوایین کەس بووم هێشتا نیوەی جەستەم هەر لەژێر تەلدڕەکەدا مابۆوە، گوێم لە کۆمەڵێك سەدای تێکقژقژاو بوو، زایەڵەکان دەتوت لە ئاسمانەوە دادەبەزینە سەر

زەوی، هەر لەوە دەچوون کەسێك راوەدوو بنێن. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەر لەوەی لە تەلدڕەکە رزگارم بێ، چەند سەربازێك بە خۆیان و سەگ و ئۆتۆمبێلەکانیان گەیشتنە سەرمان. ئەوەی لە سەربازەکان زیاتر ئێمەی تۆقاند و بێئومێدی و ترسی زۆری پێ گەیاندین، سەگە هارەکانی نێو دەستی سەربازەکان بوون. ئەو سەگانە بەقەد هەموو سەربازەکان هەڕەشەی گرتن و مەرگ و ئاودیوکردنەوەیان لێ دەکردین. ئەگەر ئەو سەگانە کۆنترۆڵ نەکرابوونایە، گومانی تێدا نەبوو، ئێستە داستانەکە لێرە کۆتایی دەهات. من وەك دەڵێن لە هەردوو دینەکە ببووم، نیوەی جەستەم لەوبەر و نیوەکەی دیکەم لەمبەر. تەنیا پێلەقەیەك دەیتوانی چارەنووسم بخاتە مەترسی و خێزانەکەشم لێ دوور بخاتەوە. من ویستم بەر لەوەی ئەوان کارێکی ئاوام لەگەڵدا بکەن، هێندێك زیاتر بخزێمە ئەو دیو، بەلاّم هەر زوو رایانگرتم و وەك تۆپێك کەوتمە ژێر رەحمی پۆستاڵی ئەفسەرێك. خێزانەکەم لەوبەر هاوارێکی لێ هەڵسا، دیاربوو بەو هاوارەی دەیویست پێیان بڵێ، کە من لەگەڵ ئەودام. ئەفسەرەکە بە تووڕەبوونێکی لە ڕادەبەدەر رووی لە من کرد و چەند شتێکیشی پێگوتم. من تەنیا بە سەروسیما و ئاماژەکانی دەستی ئەفسەرەکە، لەوە تێگەیشتم، کە چۆن هاتوومە دەبێ بە هەمان رێگاش بگەڕێمەوە. لەپڕ خێزانەکەم لەپڕمەی گریانی داو خۆی گەیاندە ئەفسەرەکە، بەدەست تێی گەیاند، کە من هاوسەری ئەوم.

ئەفسەرەکە قورسایی پۆستاڵەکەی لەسەر جەستەم کەمکردەوە و بەچاو پێی وتم، کە خێرا لە تەلدڕکە بێمە دەرێ و هەستمە سەرپێ. من سەیرێکی خێزانەکەم دەکەم، وەك ئەوەی تازە روخسارە قوڕاویی و جلوبەرگە دڕاوییەکەی و دەموچاوە روشاوییەکەی ببینم. ویستم لێی نێزیك ببمەوە، کەچی ئەفسەرەکە، بە ئیشارەت لە سەربازێکی گەیاند، کە من بباتە لای یەکێ لە ئۆتۆمبێلەکان، خێزانەکەشم بەرەو کۆنە جێبێکی عەسکەری ببەن. من بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەم، دەستم بۆ گیرفانم دەبەم و ئەو نامەیەی کە بەر لەو پەڕینەوەیە پێیان دابووم دەردەهێنم و دەدەمە دەست ئەفسەرەکە. ئەفسەرەکە تەنیا بە تیلەی چاو، لە نامەکە رادەمینێ و دەداتەوە دەستم و بە پەنجەش هێما بۆ سەربازەکە دەکا، کە سواری جێبێکم بکا. هێشتا سواری ئۆتۆمبێلەکان نەکرابووین، بە پارچە قوماشێك رووناکی لە چاوی هەمووان دەبڕن. من هەست دەکەم هەموو شتێك لەم وجودەدا دەبێتە دوو پارچە, سات و رۆژەکانی ژیان هەمووی لە یەك دەچن. هەر لەو شوێنەی پەڕیمەوە. ئەفسەرەکە بۆ خۆی نێزیك بۆوە و دەستی گرتم و بردمیە نێو جێبەکە. لەوە تێنەدەگەیشتم جیاکردنەوەی من و خێزانەکەم هۆی چی بوو. ئەو چاوبەستنەیان چ نیازێکی بەدواوە بوو. چ سەختە ئەگەر خێزانەکەشمیان وا لێ کردبێ. ئەو لە ژیانیدا زەحمەتی و لێقەومانی وای نەبینیبوو. زۆر دەترسام بەرگەی دوورخستنەوەی لە من و ئەو بێ تاقەتییە نەگرێ. ئێمە چ

بزانین بەو شێوەیە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکرێ. من خۆم دروست بە پێچەوانەوە بیرم دەکردەوە، وا دەهاتە بەر چاوم کە ئەودیو سنوور پێشوازییەکی گەرممان لێ بکرێ، ئەوانەش کە بەر لە ئێمە بەهەمان رێگادا پەڕیبوونەوە، هیچ شتێکیان لەو ناخۆشی و زەحمەتیانە بۆ کەس باس نەکردبوو. بۆیە هەقم بوو لەوە بترسێم نەوەکو بڕیارێکی خێرا بدەن و بمانێرنەوە ئەم دیو سنوور. ئەو کات کارەساتەکە بۆ بەدبەختێکی وەك من گەورەتر دەبوو. هەموو شتێك دووبارە دەبۆوە، بۆ نا؟! ئەی ئەوە نییە وەك جاری پێشوو بە چاوبەستوویی پەلکێشی نێو تاریکیمان دەکەن؟ ئەو جلوبەرگە خاکی پۆشانەی ئێستە و ئەوانەی دوێنێ کە راپێچی زیندانیان کردم هەر لە یەکدی دەچن. ئەوانەی کە بەر لە دوو ساڵ لە زیندانیان ئاخنیم، هاوشێوەی ئەوانە بوون کە ئێستە بۆ شوێنێکی نادیار دەمانگوازنەوە. من لە ساتێکی وادا وەك ئەوەی ئەوە قەدەرم بێ، هیچم پێ نەدەکرا، چونکە نەمدەزانی چیمان لێ دەکەن و بۆ کوێمان دەبەن. دیمەنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئێمەیان خستە نێوییەوە، دروست لەو ئۆتۆمبێلانەیان دەکرد کە دەچوونە بەرەکانی شەڕ. ئەوەی کە زۆر تووشی شڵەژانی کردم، چاوبەستن بوو...ئەو کاتەش هەر وابوو، بەر لە دوو ساڵ بۆ چارەسەری نەخۆشییەك چووبوومە ئێران, پەلکێشی نێو پیکابێکیان کردمەوە، خێرا بە پشدێنەکەی خۆم چاومیان بەست. من ئەو کات بەر لەوەی بگیرێم لە بەردەمی دوکانی

هاوڕێیەکم وەستابووم, بیرم لەوە دەکردەوە لە یەکدوو ڕۆژی دادێ بگەڕێمەوە ئەودیو. لەپڕ ئۆتۆمبێلێك بەخێرایی هات و لە بەردەمی دوکانەکە وەستا، دوو چەکدار بە پەلە دابەزین و ڕووە و ئێمە هاتن. من زۆر بەخێرایی لەوە تێگەیشتم، کە ئەو دوو چەکدارە تایبەت بۆ ئێمە هاتبوون. هەر زوو داوای ناسنامە و مۆڵەتیان لێ کردین، بێ هیچ  پرسیار و وەڵامێك من و یەکێ لە هاوڕێکانمیان وەپێش خۆیان دا. من ئەگەرچی هێندێك لە زمانی فارسی تێدەگەیشتم، کەمێکیش قسەم پێ دەکرد، بەڵام خۆم لە پرسیارەکانی ئەو دوو چەکدارە گێل دەکرد. چونکە شارەزاییەکی تەواویشم لەو شارە نەبوو، نەمدەزانی بەچ شەقام و کۆلانێکدا تێدەپەڕین. گوێمان لە دەنگی خەڵك دەبوو، بەڵام پاش کەمێکی دیکە ئەو دەنگانەش نەدەمان، وەك ئەوەی پیکابەکە بە جادەیەکی چۆڵدا ڕەت ببێ، لە دەوروبەرماندا هیچ شتێك نەدەبیسترا، لەپڕ خێرایی هاژۆشتنەکە کەم بۆوە، شوفێرەکە دەنگێکی لێوەهات، من تێنەگەیشتم، چی گوت، بەهاوڕێکەمم گوت:

- ئەرێ چی گوت؟

لەبەر ئەو شەپا زللەیەی بە تەپڵی سەرم کەوت، گوێم لە وەڵامی هاوڕێکەم نەبوو چی پێوتم. ئێمە خۆ چاومان بەسترابۆوە، کەچی ئەو شوفێرە بەهێزی دەستەکانی سەری هەردووکمانی نەوی کرد. من نەمزانی بۆ وا دەکا، بەڵام لەو کاتەدا لە شوێنێك وەستا،

بانگی یەکێکی کرد. گوێم لە کردنەوەی دەرگایەکی گەورە بوو. زەینم بۆ ئەوە چوو، کە ئەوە ڕەنگبێ دەرگای دەرەوەی زیندان بێ. هەر لەو شوێنە دوای کەمێك وەستان، ئێمەیان هێنایە خوارێ. کەسێك دەستی منی گرت، لەسەرخۆ ڕاپێچی شوێنێکی دەدام. بۆ من دنیا هەمووی قەترانی بوو. جەستەم دەتگوت بەدەر لە ئیرادەی خۆی رووە و خاڵێکی دیاریکراو دەچوو. چەند جارێك، کورتە نشێو و هەورازیان پێ کردم. لە شوێنێك وەستاندمیان. کەسەکە داوای لێکردم پێڵاوەکانم داکەنم. من تێگەیشتم، بەڵام خۆم لەگێلی دا. هەر کە زانی تێی ناگەم، بە کوردی پێی وتم. ئەو کات پێڵاوەکانم داکەند. منیان لە شوێنێکی ژوورەکە دانیشتاند. کەسێك وەك لێکۆڵەر بێ، بەخێرهاتنی کردم. من هیچ کاردانەوەیەکم نیشان نەدا، چونکە نەمدەویست لەوە تێبگەن کە من هەندێك فارسی دەزانم. سەیربوو ساتێکی کەمی نەبرد، دنیای ژوورەکە کشومات دەهاتە بەرگوێم، وەك ئەوەی لە بیابانێکدا فڕێیان دابم. نقە و پێخۆست و هەناسەی هیچ کەسێکم نەدەبیست. ترسێك هەر لەو مارە دەچوو، خێرا خۆی بکا بەنێو قەڵەشتی بەردێکدا، بەنێو گیانمدا هەڵگەڕا. لەناخمەوە دەنگێکی قەبەی عاسێبووی نێو خەرەندێکم گوێ لێ بوو. هاوارێك هاتە بەر گوێم، هەر لە هاوار و پاڕانەوەی کەسێکی دەکرد لە سەرەمەرگ دابێ. من وامدەزانی لەو ژوورەدا کەسانێك هەن، چاوەڕێی ئەوەن، ڕەفتار و گوفتارێکم

لێ بەدی بکەن. هەستم دەکرد هەر هەموویان بۆ ساتێك هەناسەیان لە خۆیان بڕیبوو.چاویان لەنێو جەستەمدا چەقاندبوو. من هیچم نەدەبینی، بەڵام قورسایی هەموویان بەسەر لەشمەوە بوو. لەنێو ئەو تاریکییە چڕ و خەستەدا، دەموچاوی زەبەلاحی پڕ خوێنی ئەوانم دەدیت. دەمدی کە چۆن، پەنجە ئەستوور و بەرد ئاساکانیان بە ردێن و سمێڵە تێکچرژاوەکانیان دادەهێنا. من چاوەڕوانی ئەوە بووم، زللەیەك، پێلەقەیەك، تفێك، بەنێو چاوانم بکەوێ، کەچی ئەوان هەر لە بێدەنگیدا مابوونەوە، هەر بێهەست و بێنقەبوون. لەناکاو ئەمجارەیان، دەنگێك وەك کولە تیغێك ڕۆچووە گوێچکەکانم. لەگەڵ ئازاری دەنگەکە ڕاچەنیم. گوێم لێبوو ئەو هاوڕێیەی، کە لەگەڵ من گیرابوو، لە شوێنێکی دیکەدا، وەك ئەوەی لەودیوی ژوورەکەی من بەسترابێتەوە، هاواری دەکرد. دیمەنی لێدانەکەیم دەهاتە بەرچاو، سەروسیمام وا دەبینی، کە جێ پەنجەی زللەکانی پێوە دیاربێ. پێدەچوو، بە ئانقەست لەو دیو ژوورەکەم ئازاری بدەن، تاکو بەهاواری ئەو، من بترسێنن. لەوە دەچوو ئەو شوێنەی منیان لێ دانابوو، ژوورێك بێ و پەنجەرەکەشیان بۆ ئەو مەبەستە کردبێتەوە، کە گوێم لە هەموو شتێك بێ. گوێم لێ بوو کە چۆن دوای هەر زللەیەك، کەمێك دەوەستان. بەڕوونی دەمزانی چی پێدەڵێن و ئەویش چی دەڵێ...هاوڕێیەکەم پێدەچوو زۆر بەخێرایی بیەوێ لەدەست ئەو

ئەشکەنجەیە ڕزگاری ببێ، ئەوان چەند جارێك پێیان وت: تۆ سیخوڕیت! دەزانی سیخوڕ چ سزایەکی هەیە؟! من وا دەهاتە بەرچاوم کە لە پەنجەرەیەك بەسترابێتەوە و کەسێکیش ناوە ناوە بە قامچی و شەپازللە بکەوێتە وێزەی. من ئەگەرچی لەنێو تاریکیشدا خنکێنرابووم، کەچی لەگەڵ هەر هاوارێکی ئەو هاوڕێیەم، کەسێك بەچەقۆیەکی کول جەستەمی هەڵدەکۆڵی. بەهەناسەیەکی تژی لە تووڕەییەوە پێی دەوتم (هەرچی هەتە زوو بیڵێ، ئەگەرنا وەك هاوڕێیەکەت ناچارت دەکەین بیڵێی) من لەوە دڵنیابووم تازە ئیدی چارەنووسم لە مەترسیدایە، زۆر زەحمەتیشە بەئاسانی لەدەست ئەوانە ڕزگارم ببێ. تازە کەوتبوومە دەستیان، ئەو نامەیەش کە لە گیرفانمدا بوو، هەموو ڕێگایەکی قورتاربوونی لێ دەگرتم. من بۆچی ئەو نامەیەم لەو برادەرە وەرگرت، بۆ دەبوایە ئەمڕۆ لێی وەربگرم؟ لەوە دەترسام ئەو نامەیە شتێکی وای تێدا بێ نەتوانم داکۆکیی لەخۆم بکەم. دڵنیابووم لە نامەکەدا بڕێك باسی من کرابوو. ئەگەر گیرانەکەم سەعاتێکی دیکە دواکەوتبا، نەدەکەوتمە دەستیان. حەتمەن لەوە دەچوو ئەوانە لەمێژبوو بێ، چاودێری ئێمەیان کردبێ. دەبێ ئاگایان لە هەموو هەڵسوکەوتی ئێمە بووبێ. من ئەگەر ئەو دەقەیە نەچووبومایە دوکانی ئەو هاوڕێیەم، زەحمەت بوو وامان بەسەر بێ...وا پێدەچوو لە هاوار و ئاخ و ئۆفی هاوڕێیەکەم (کە لە ژوورێکی دیکە ئەشکەنجە دەدرا)

بیانەویٚ ترسم وبیمم بۆ بهێنن و تەنگەتاوم بکەن، من زیاتر لە نامەی نێو گیرفانم تۆقیبووم، دەمزانی ئێستە دێن و دەریدێنن و هەموو شتێك ئاشکرا دەبیٚ. ئەو نامەیە بۆ خۆی سەرەداوی هەموو گرفتەکان بوو. هەرچەندە هەوڵی نکۆڵی لێکردن و خۆ لێگێلکردنیشم بدابا بۆ ئەوان بیٚ کەڵك بوو. بیرم کردەوە، چۆن بتوانم لەدەست ئەم نامە خەتەرناکە قورتارم بیٚ؟ دەستێکم لە خۆڕا بەرز بۆەوە، کەمێك پشدێنەکەم لەسەر چاوم لابرد. هێندێك بەرپێی خۆمم بینی. سەرم بەرز کردەوە. هەوڵم دا لەو شوێنەی کە دانیشتبووم شتێك ببینم. کەسێکم نەبینی تەنیا مێزێك و دوو کورسی، مێزێکی کۆن، هەر لەو مێزانە دەچوو، کە لە کۆنە چایخانەکان دانراون و تاوڵە و دۆمینەی لەسەر دەکەن. لە شوێن خۆم جوولامەوە و هەڵسامە سەر پیٚ. هیچ کاردانەوەیەکم نەبینی، زانیم ئەو ژوورەی لێیان داناوم، کەسی تێدا نییە، پێدەچوو بۆ چاوەڕێکردن بیٚ. لە درزی نێوان ڕوومەت و پشدێنی سەرچاوەکانم، ئەرزی ژوورەکەم بینی. کونی ئاوەڕۆیەکم لە تەنیشت پێچکەی کورسییەك هاتە بەرچاو. خێرا نامەکەم لە گیرفانم دەرهێنا، ویستم بیخەمە نێو کونەکە، کەچی لەیەك لەحزە ڕایەکەم گۆڕی و خستمە نێو دەمم. چەند جارێك هەوڵمدا قووتی بدەم، نەمتوانی. نامەکە زەحمەت بوو بە گەروومدا بچێتە خوارەوە. بەپەلە دەرمهێنایەوە، خستمەوە ناو گیرفانم. دەستم بۆ گیرفانەکەی دیکەم برد. ناونیشانی

هاوڕێیەکی دیکەم لابوو، کە لەسەر پارچە کارتۆنێکی بچووکم نووسیبوو، نەخشەی ماڵەکەشیان بە قەڵەم ڕەساس کێشرابوو. پارچە کارتۆنەکەم دەرهێنا و بلەز خۆم شۆڕکردەوە و خستمە نێو کونی ئاوەڕۆکە. هەرزوو کونەکەشم بەپێ داپۆشت. لەپڕ وەك ئەوەی کۆمەڵێك کەس، لەیەك کاتدا، لەسەر بانێکەوە هەڵبپەڕن، ڕمب، ڕمب، ڕمب، دەرگایان کردەوە و گەیشتنە سەرم. من دەموچاوی ئەوانم نەدەبینی، بەلاّم دەمزانی هاتنیان بەو شێوەیە، دەبێ شتێکیان بینیبێ. ئەوان بێ ئەوەی هیچ پرسیارێکم لێ بکەن، دامیانە بەر پێلەقە و شەپازللە. یەکێکیان بەپەنجە ئاسنینەکانی، گوێچکەیەکی ڕاکێشام و وتی:(سەگباب...چیت خوارد؟!) من وەك ئەوەی لە هیچ شتێك تێنەگەم، لێوەکانم لێك نەترازاندن، ویستم بڵێم (دەمەویست جگەرەیەك بکێشم)، بەلاّم نەموت. ئەوان وەك ئەوەی دڵنیا بن، کە شتێکم قوت دابێ، بەناچاری پشدێنەکەیان لەسەر چاوم لادا. یەکێکیان کە گەنجێکی ڕەشتاڵەی بەڕیش و سمێڵ بوو، بەئیشارەت پێی وتم"ئەو شتە چی بوو قووتت دا؟" منیش هەر بە ئاماژە تێم گەیاند، "هیچم قوت نەداوە، ویستم جگەرەیەك بکێشم" لەودەمە نامەکەی لە گیرفانم دەرهێنا و بەخەندەیەکی پڕ لە جوێن و سووکایەتی پێکردنەوە پێی وتم:

- کوڕی سەگ دەتویست ئەم نامەیە قوت بدەی؟!

منیش بۆ ئەوەی لەوە تێ بگەن، کە هیچم قوت نەداوە، چەند جارێك هەر بەزمانی کوردی سوێندم بۆیان دەخوارد. سەرم بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، کەچی ئەوان نەك هەر باوەڕیان بەقسەکانی من نەدەهات، بگرە یەکێکیان بەگاڵتە پێکردن و پلارەوە لێم نێزیك بۆوە و وتی:(کام خوا، ئەوەی من یاخۆ ئەوەی تۆ؟!) من هیچ وەلاٌمێکم نەداوە، هەستم کرد کار لەکار ترازا. خۆم وەك کەسێکی بەدیلگیراوی نێو شەڕێکی سەخت هاتە بەرچاو. قورساییەك هەموو جەستەمی داگیرکرد. پەڵە هەورێکی خەستی قەترانی ژوورەکەی داپۆشی. لەو ساتەدا هەرچی لەوێدا بوو وەك خۆی نەمایەوە. هەموو ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون لەبەرچاوم بوونە کۆمەڵێك باڵندەی ترسناك، کە لە هیچ باڵندەیەکی سەرزەمین نەدەچوون. هەریەکە و دوو باڵی لە موو خولقاو، دەندوکێکی تووڕە، دوو چاوی پڕ لە خوێن. چوار قاچی توندوتۆڵ. هەموویان پێکەوە وەك مرۆڤ دەیانقیژاند، چاویان لەدوڕ چاوەکانم دەچەقاند. ئەو مێز و کورسییانەی لە ژوورەکە بوون، ڕەپ و ڕاست ببوونە سێدارە. هەموویان بە قاچەکانیان بەرزیان کردمەوە، خستمیانە سەر سەری خۆیان. بەو قیژە ترسناکەیانەوە منیان ڕاپێچی دەرەوە کرد، فڕییان دامە پشتی پیکابێك. دووان لەو باڵندە وەحشەتناکانە سەرکەوتن. هەرچەند هاوارم کرد (چیم لێ دەکەن بۆ کوێم دەبەن؟) گوێیان پێنەدام. ئەوان دەیانزانی دەچنە

کویێ، منیش هەر ئەوەندەم دەزانی، لەوێ دوورم دەخەنەوە. لە پشتی پیکابەکە لەسەر سك ڕاکشابووم. وەك مردوویێك فڕێدرامە نێو ئۆتۆمبێلێك، ناوە ناوە هەستم دەکرد پێلەقەیەك بەپشتم دەکەوێ. لەوە دەچوو دەرەتانی ئەوەم پێ نەدەن بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە. مەبەستیان ئەوە بوو قورسایی ترسەکە بەسەر جەستەمەوە بمێنێ. من ئەو کاتە خۆم وەك مرۆڤێك نەدەهاتە بەرچاو. دەمزانی لە شتێك دەچم تەنیا لە مرۆڤ نەبێ. دەمزانی لە ئاژەڵێك دەچم، کە لە شەڕ دۆڕاندبێتی و بەبریینداری کەوتبێتە دەست ڕەقیبەکانی. هەر بەڕاستی ئەوان ئەو باڵندە دڕندانە بوون، کە منیان بە چۆك داهێنابوو، منیش ئەو ئاژەڵە بریندارە بووم کەوتبوومە ژێر پێکانیان. کە سەیری ئەوانم کرد بینیم لە تەنیشتمەوە دانیشتبوون. بە مێشکم داهات کە ئەوان دەیانەوێ لە شار دوورم خەنەوە و لەوێ هەنجن بە هەنجنم کەن و لە دووری ڕێگاکەش فڕێم بدەن. ئەو چەکانەی بەدەستی هەردووکیانەوە بوو. لە بەرچاوم ببوونە دوو شمشێر، شمشێرەکان هێندە ساف و لووسبوون، سەروسیمای خۆمم تیا دەبینی. لە شمشێرێکیان نێزیك بوومەوە، لە جیاتی دوو برۆ چوار برۆم بە پشتی چاومەوە بینی. چاوەکانم هەر لەو چاوانە دەچوون، کە مەرگ خۆی نیشان دابن. من خۆم لە دیمەنی خۆم دەترسام. دەستێکم بۆ شمشێرەکە برد، چەکدارەکە یەکسەر دوور کەوتەوە و هاواری کرد: (چ دەکەی؟!)

ئەوی دیکەیان هەتا لە توانای دابوو بە نوکی پۆستاڵەکەی زەبرێکی تێوەشاندنم. نەمزانی چی بوو بە پشتم کەوت، بەلاّم هەر ئەوەندەم هەست کرد من لەسەر قەرەوێڵەیەك درێژکراوم و کەسێکی جلوبەرگ سپی بەسەرمەوەیە. بە دیقەت تێی وەڕامام، دەتوت پێش ئێستە ئەو کەسەم بینیوە. خەندەیەکی بۆ فڕێدام. خەندەکەی پڕبوو لە سۆز و هاودەردی. ویستم قسەیەك بکەم، زمانی خۆم گرت. (ئەو) دەمی کردەوە، بەزمانی عەرەبی قسانی لەگەڵ کردم. عەرەبییەکەی تەواو بە شێوە زمانی عەرەبی عێراق دەچوو. کە قسەی لەگەڵم کرد، چەند جارێك ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دەدایەوە، پێی وتم:(خەڵکی کوێی؟) منیش تێم گەیاند، کە ماوەیەکە هاتوومەتە ئێران بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانم (من خەڵکی کوردستانی عێراقم..کوردم..لە خۆڕا منیان گرتووە..هەر ئەمڕۆ منیان گرت و لە ژوورێك دایاننام، ویستم جگەرەیەك بکێشم بۆم هاتنە ژوور، لەگەڵ ئەوەی لێیان دەدام، دەیان گوت: (چیت خوارد، چیت قوتدا؟) دکتۆرەکە وەك تەنیا ئەو ئەرکەی پێ ڕاسپێردرا بێ، کە چارەسەری من بکا، بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی دیکە بکات، دەرزییەکی بۆ ئامادەکردم، لێم نێزیك بۆوە و داوای لێ کردم، کە شەواڵەکەم بێنەمە خوارێ، بەر لەوەی دەرزییەکەم لێبدا، لێی پاڕامەوە تاپێم بڵێ بۆچی ئەو دەرزییەم لێ دەدا، تەنیا ئەوەندەی وت: (تۆ ماندوویت) وامدەزانی

دەیانەوێ بەم دەرزییە هەموو شتێکیان بۆ ئاشکرا بکەم. زۆر ترسام، بە دکتۆرەکەم وت"داوای چیم لێ دەکەن؟" دکتۆرەکە بەسەر وەڵامی نەزانینی خۆی بۆ چارەنووسم نیشاندا. لە نیگا بێ ئۆقرەکانی دکتۆرەکە، تێگەیشتم کە ئەوانە بە ئاسانی دەسبەردارم نابن. دکتۆر وەك ئەوەی نهێنییەکم پێ بڵێ، لەو کاتەی دەرزییەکەی لە سمتم دا، سەری لە گوێچکەم نێزیك کردەوە و بە هەناسە، دەنگەکەی دەربڕی و وتی"خوا پشتیوانت بێ!" ئەو قسەیە هێندەی دیکە ترساندمی. ترپەکانی دڵمی خێراترکرد. بواری ئەوەی بۆ نەهێشتمەوە شتێکی دیکە بڵێم. لەودەمە لە دەرگا درا، بینیم کەسێکی زەبەلاحی ریشدار هاتە ژوورەوە. پستە پستێکی لە بن گوێی دکتۆرەکە کرد، دکتۆرەکە ڕەزامەندی بۆ قسە و داواکاریەکانی دەربڕی. کابرا یەکڕاست سەیرێکی منی کرد و لە چاوەکانی خوێندمەوە، کە من لەگەڵ خۆی دەبا. هەرواش بوو جل خاکییە ریشدارەکە هاتە لام زۆر بە ئەدەبەوە داوای لێ کردم هەڵبستمەوە و لەگەڵی ڕێبکەوم. بەڕاستی کەوتمە ژێر سیحری ئاوازی دەنگەکەی. من لەو بڕوایەدا نەبووم کەسێکی وا بەو نەرمونیانییە قسەم لەگەڵدا بکا. منیش وەك ئەوەی لە هیچ و خۆڕایی زوڵمم لێ کرا بێ و لە مێژ بێ چاوەڕێی دەنگێکی ئاوا بووبم، یەکسەر بۆی هەڵسامەوە و دەستێکیشم خستە نێو دەستیەوە. لە دەستگرتنەکەشدا هەستم نەکرد پەنجەکانم بەر

دەستێکی زبر و پڕ لە قین دەکەون. ئەو بە سۆزەوە دەستی گرتم، بەلاّم وێنەیەك، جوولّەیەکی کابراکە، هێنامییەوە دۆخی جاران، ئەو کاتەی تەماشای دکتۆرەکەی کرد، چاوێکی لیّ نوقاند و بزەیەکی پڕ لە پرسیاری بۆ فڕێدا، من جارێکی دیکە دلّم بە خورپە کەوتەوە. باوەڕم بەوە لەق بوو، کە ئەو رزگارکەری من بێ، بەلاّم هێشتا لە ئومێد دانەبڕابووم. دەبێ بۆ کوێم بەرێ؟ لەپڕ هەستم کرد بەرە بەرە بەر چاوم  لێلّ و تاریك دادێ. لەو ساتەدا خۆم وەك ئەو ماسییە سرك پڕ جوولّە و گیراوی نێو دەست ماسیگرێك هاتە بەرچاو، کە تازە لە ڕووبارێکەوە دەرهێنرا بێت و فڕێدرابێتە نێو پشتی بەلەمێك. جەستەم بە هەموو لایەکدا هەلّدەپەڕی. هەستم دەکرد لەم دنیایەدا کەسێ نییە بە هانامەوە بێ، تەنیا خۆمم لە شوێن خۆمدا خول دەخۆمەوە و هەلّدەپەڕم. لەپڕ وەك ئاوێکی سارد بەسەرم دابکەن و لە خەوێکی قورس بە ئاگا بێمەوە، جارێکی دیکە خۆم لە شوێنێکی دیکەدا بینییەوە. ئەمجارە لەسەر زەوی ژوورێك ڕاکشابووم. دوو کەس لە تەنیشتمەوە وەستابوون. دیاربوو چاوەڕێی ئەوەبوون بێمەوە سەرخۆ. یەکێکیان بۆم دانەوییەوە. دەستێکی بەسەرمدا هێنا. لەسەرخۆ بە دەنگێکی نزم پێی وتم(چۆنی؟) من هیچ وەلاّمێکم نەدایەوە. هەردووکیان بێ ئەوەی قسەیەکی دیکە بکەن، چوونە دەرەوە. ئاوڕێکم لە دەورو پشتی خۆم دایەوە، ژوورەکە هەر لە

ژوورێکی نەخۆشخانە دەچوو. بۆنی دەرمان، بەتایبەتی دیتۆل، کاسی کردم. لە شوێن خۆم هەڵسامەوە. لەو پەنجەرەیە نێزیك کەوتمەوە، کە تیشکی خۆر راستەوخۆ لێیەوە دەهاتە ژووری. لەودیوی پەنجەرەکە تێکەڵقژقژانی دەنگەکانم گوێ لێ دەبوو.سەدای سروودەکانی شەڕ، دیوار و شووشەی پەنجەرەکانی دەسمی. هەموو ئەو دەنگانە لەنێو ژوورەکەدا حزوریان هەبوو. ژیان لە دەرێ تژی بوو لە جووڵە و فڕینی باڵندەکان و هەراوزەنای خەڵك و گریانی زارۆکان و هۆڕنی ئۆتۆمبێل و دەنگی مەزادکردنی شتومەکەکان. کە سەیریکی خۆمم کرد، من لەنێو ژوورێك وەستابووم جیابوو لە هەموو ئەو ژوورانەی کە لە دەرەوە هەبوون. ژیان بە گەورەیی و پڕ جووڵەی خۆیەوە، لەو ژوورەدا جیا کرابۆوە. لەوێ تەنیا کەسانێك دەهاتنە بەرچاو کە لە کونی دیوارەکانەوە خۆیان بە ژوورەکەدا دەکرد. من قسەی دکتۆرەکەم دەهاتەوە بیر، مەگەر خوا لەدەست ئەوانەم رزگاربکا، دەنا قورتاربوون ئەستەم بوو. من هەر بەپێوە وەستابووم. جل خاکییەك بۆم هاتە ژوورەوە. دۆلکەیەکی سپی بە دەستەوە بوو. لێم نێزیك بۆوە. دۆلکەکەی دایە دەستم. سەیرێکی ناوەوەم کرد ئاوێکی ڕەنگ قاوەیی تیابوو. وامزانی شەربەتی بۆ هێناوم. بە ئیشارەت داوای لێکردم هەمووی بخۆمەوە، کە تامم کرد لە شەربەت نەدەچوو. بە دەست و چاو پێم وت" ئەمە چییە؟"جارێکی دیکە بە زار و دەست تێی

گەیاندم کە دەبێ بیخۆمەوە، هەمووی بخۆمەوە. زۆرم لە خۆمکرد تا گەیاندمە نیوەی دۆلکەکە، نەخێر ئەوجارە هەڕەشەی لێ کردم، ماوەی دوو خولەکی بۆ دانام، کە دڵۆپێکی تێدا نەهێڵمەوە. هێندەی نەبرد هەستم کرد دڵم دەژێڵدا دەهات، خەریکبوو ئەوەی لە هەناومدا بوو، خۆی بۆ هاتنە دەرەوە ئامادە بکا. کەمێك مابوو ئاوە ڕەنگ قاوەییەکە تەواو بێ. خێرا وەك ئەوەی گەنجینەیەکیان دۆزیبێتەوە، تەشتێکیان لە بەردەمم دانا. لەپڕ جەستەم بوو بە ئاگردان. هێزێك لە بنرا، ئەوەی لە هەناومدا هەبوو، هەڵیکێشایە سەرەوە. گڕکانێك لەناو دەممدا تەقییەوە، لەو دەمە هیچ شتێکم نەبینی، کەچی وامدەزانی خەڵکێکی زۆر، لە دەوروبەرم وەستاون. هەریەکە و لە ئاست خۆیەوە سەرەڕمێکی بە جەستەمدا دەبردە خوارێ. کۆمەڵێکیش بە زەرگەی دەروێشەکان تەواوی کەللەی سەرمیان کون کون دەکرد. گڕکانی هەناوم دیسان هەڵچوو، ئەوەی لە نێویدا مابۆوە، لە دەم و کونە لووت و هەندێکیش لە چاوەکانم هاتنە دەرێ. ئیدی کەسم نەدەهاتە بەرچاو، تەنیا خۆمم دەبینی کە چۆن شەپۆلە ئاوەکان لە دەم و چاومەوە، دەڕژانە نێو تەشتەکە. جەستەم وەك بزماررێژ کرابێ سەدان مووچڕکەی پێدا هەڵدەگەڕا. من چوارمشقی بۆی دانیشتبووم. دوو دەستم بینی، وەك لەنێو دووکەڵێکدا دەربکەون تەشتەکەیان دوورخستەوە. دوو کەس دەمولووتیان بە پەڕۆیەك

بەستابوو، لە تەشتەکە ڕامان، یەکێکیان دارێکی تێوەر دەدا، دیاربوو لە شتێك دەگەڕا کە زۆر بە نرخ بێت. دڵنیابوو کە هەر دەیدۆزێتەوە. من لە بێتاقەتی خۆمەوە بەلادا کەوتم. دڵم بەوە خۆشبوو کە تا بەیانی لەو ئاوە قاوەییەم بدەنێ، هیچ نابیننەوە، چونکە هیچم نەخواردبوو، تا بیدۆزنەوە. من ئەوەی لێی دەترسام، دۆزینەوەی ئەو ئەدرێسە بوو، کە خستبوومە نێو کونی ئاوەڕۆکەوە، ئێستە ئەوان دەیانەوێ لە گەروومدا دەریبێننەوە، ئەگەر ئەو پارچە کارتۆنە بدۆزنەوە، کە ئەدرێسی ماڵی هاوڕێیەکم لەسەری کێشرابوو، ڕەنگبێ هەموو سەرەداواکانیان وەگیر بکەوێ، من ئەگەرچی لە ژوورەکەدا بەلادا کەوتبووم، بەلاّم هەستم بە جووڵەی پڕ نیگەرانی ئەو کەسانە دەکرد، کە لە ژوورەکەدا دەهاتن و دەچوون، ئۆقرەیان نەمابوو دوو سێ جار دەهاتنە تەنیشتم و بە ڕقەوە هەناسەیەکی نائومێدیان هەڵدەکێشا و بە جوێنێك دەریان دەدایەوە. من دەمزانی وا بە ئاسانی دەستم لێ هەڵناگرن. چەند جارێکی دیکەش هێڵنجم دەهاتەوە. وەختێك وەك ئەوەی گیانم بکێشن، تەواوی ژوورەکە بە هەموو کەس و شتومەکەکانەوە لە بەرچاوم تێکەڵی یەکدی دەبوون و پێکدادەچوون. هەموو شتان لە خاڵێکدا یەکیان گرتەوە و بەسەر سەرمەوە وەك بۆمبێك تەقینەوە، ئاگام لێبوو دووکەس هەردوو قۆڵیان گرتبووم. منیش دەمم بەسەر تەشتەکەوە بوو.

ئەوەی لە هەناومدا مابوو بەزیادەوەش دەڕژایە نێو تەشتەکە. جارێکی دی بە شولکە دارێك ڕشانەوەکەیان دەپشکنی. هەستم کرد ئەو دوو کەسەی قۆڵیان گرتبووم لێم دووركەوتنەوە، سووکنایيەك رۆچووە جەستەم، دیاربوو لەوە دڵنیابوون، کە چییان دەست ناکەوێ. بەتەواوی نائومێد بوون، گوێم لێبوو یەکێ لەوانەی لە ژوورەکەدا بوو، چەندجار وتی (خۆم بینیم، بەخوا شتێکی قوتدا!) هێندەی نەبرد ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوە و پشکنین لەگەڵیان بوو، ئەمری پێکردن، کە هەڵمبگرن و مبەنەوە زیندان، کە بەرزیان کردمەوە دەتوت هەموو ئەو تاقەتەی هەمبوو، لەنێو تەشتی رشانەوەکە جێم هێشتبوو، نەمدەتوانی لەسەر پێ بوەستم، چەند جارێك هەوڵمدا نەکەوم، کەچی قاچەکانم توانای راگرتنی لەشمیان لە دەست دابوو، بە ناچاری یەکێك لەوانەی لە ژوورەکەدا بوون، توووند قۆڵی گرتم، لەوێ هێنامییە دەرێ. ڕێڕەوی نێو نەخۆشخانەکە پڕبوو لە خەڵکی ئاسایی، ئەگەرچی هێندێك هێزی بینینیشم لەدەست دابوو، بەڵام توانیم هێندێ لە ڕووخسارەکان ببینم. لەوێ کەسم نەدەناسی رووخسارەکانیش زۆر لەیەکدی دەچوون، ڕاستە دەستم کەلەپچە نەکرابوو، بەڵام ئەوەی کە سەیری دەکردم دەیزانی کە من کەسێکی گیراوم. زۆرم حەز دەکرد لەو دەمە کەسێکی ناسراو ببینم. کەسێك تەنیا بەوە بزانێ کە من ئێستە زیندانیم، پاش کەمێکی دیکە پەلکێشی زیندان

دەکرێمەوە، گەیشتمە بەر دەرگای نەخۆشخانەکەش، هیچ کەسێکی ئاوام نەبینی. لە بەردەمی ئۆتۆمبێلێك وەستاندمیان. زەلامێکی چوارشانەی قژ ڕەشی سمێڵ تراشراوی ریشدار لێم هاتە پێش، بە ئاستەم قورسایی دەستێکی خستە سەرشانم، وەك ئەوەی دڵم بداتەوە و داوای لێبووردنم لێ بکا، زۆر بە نەرمی و دوور لە زمانی رق و کینە، پێی وتم (ئەوە تەنیا گومانێك بوو و بەس...بە ئاسایی وەریبگرە!) من دیسان خۆم وا نیشاندا کە لێی تێ نەگەیشتووم. ئەو لە نەبوونی هیچ کاردانەوەیەکم بۆ قسەکانی، زمانی ئاخاوتنی گۆڕی، بە عەرەبییەکی تێکشکاو وتی (اعتزار للشك!) دەیویست پێم بڵێ لەو هەڵەی ڕوویدا داوای لێبووردن دەکەین. من ئەوجارەیان ناچاربووم وەلاّمی بدەمەوە و سوپاسی لێبووردنەکەیان بکەم. هێشتا منیان سواری ئۆتۆمبێلەکە نەکردبوو، هەستمکرد میزڵدانم فشارم بۆ دێنێ. کە ئەوجارە لە پێشەوەی پیکابەکەیان دانام، بیرم کردەوە بۆ داوای لێبووردنیان لێ کردم. ڕەنگبێ بیانەوێ ئازادم بکەن، تۆ بڵێی وابێ؟ زۆر زەحمەتە، ئاخر نامەیەکی ئاوام لێ بگیرێ، چۆن بە ئاسانی دەستم لێ هەڵدەگرن؟ ئەی ناڵێن کێ ئەو نامەیەی پێداوی؟ خۆ هەموو شتێك وەك رۆژی رووناك دیارە، دەبا هێندەك ئارام بگرم، من چوزانم نامەکە چ پرسیارێکم بۆ دێنێتە پێش؟..ئەوان ئێستە بەڵگەیەکی چاکیان دەستکەوتووە. تازە مەحاڵە بهێڵن لەبن دەستیان دەربچم. چما ئەوان هێندە

غەشیمن باوەڕ بە قسەیەك بکەن لەگەڵ نامەکەی بن دەستیان یەك نەگرێتەوە؟ ئەوە خۆیشم بەبێ گوناح نیشانی هەمووان دا ئەی بۆ نامەکە چ وەڵامێکیان بدەمەوە، ئەوە وتم بمبوورن جارێکی دیکە پێ لەو خاکە نانێم، دەچمەوە وڵاتی خۆم، تۆ بڵێی بەو قسەیە یەخەم بەردەن؟ نا، قەت باوەڕناکەم، بەخوا دەبێ خۆم بۆ ئەشکەنجەش ئامادەکەم، ماقوڵە بێ ئەوەی شتێکیان لێم دەستکەوێ هەروا دەرگاکانم بۆ بکەنەوە و فڕێمدەنە دەرێ؟ باوەڕ ناکەم، ئەو دەست بەسەرداهێنان و نەرم قسەکردنەش بەرنامەی خۆیانە. دەزانن لە چ وەختێکدا بەرخوردی چاك، یاخۆ خراپم لەگەڵ دەکەن. من کە لە پێشەوەی پیکابەکە دانیشتبووم، خەڵکێکی زۆرم لە ڕاست و چەپی خۆمدا دەبینی، دەتوت لە کەلێنی جادەکانەوە دەردەچن و بەنێو قووڵایی چاوەکانی منەوە ڕەت دەبن. ئاپورەی خەڵك لەنێو ئەو شەقامانەدا هێندە زۆربوو، هیوام دەخواست هەمووی بۆ ڕزگارکردنی من، روو لە زیندان بکەن. چ دەبوو ئێستە ئەم خەڵکە بە دار و بەرد، بە ئاسن و تفەنگ، بە هاوار و ڕقێکی ئەستوورەوە، بەسەر شوورەی زیندانەکە هەڵگەڕێن و یەکڕاست بچنە نێو ئەو ژوورانە، کە خەڵکیان تیا ئاخنراوە، بیکەن بەرۆژی خۆیان. هەموو شتێك تێکوپێك بدەن. دار و بەرد بەسەر یەکەوە نەهێڵن، خۆ ئەوکاتە منیش تێکەڵ بەو خەڵکە دەبم، خەڵکیش هەموو ئەو چەکانەی دەستیان دەکەوێ، دەتوانن لە

دژی پاسەوان و لێپرسراوەکان بەکاری بێننەوە. ئەگەر منیش پارچەیەکم دەستکەوت، ئەوجا دەزانم چ بەزمێك دەنێمەوە. زیندانییەکان سواری ئۆتۆمبێلێك دەکەم، هەریەکە و پارچە چەکێکیشیان دەدەمە دەست. بەبێ منەت، بۆ ئەو شوێنەیان دەبەم کەلێی هاتبوون. (تارا)ش لە دەرەوە دەمبینێ، دڵی بەوە خۆش دەبێ، کە نەك هەرخۆم، بگرە کۆمەڵێکی دیکەشم لە زیندانییان رزگار کردوون. ئاخر چ دەبوو ئێستە (تارا)ش لەنێو ئەو خەڵکە بوایە منی بینیبا کە چیم لەو شوفێرەی تەنیشتم دەکرد، چۆن چۆنی بەو پشدێنەی خۆم هەردوو چاوم دەبەستەوە. خۆم دەچوومە جێگای ئەو. ئەو کات دەمزانی کێوەی دەبەم. دەمبردە ئاقاری شار و لەوێ لە قەدی دارێك دەمبەستەوە. خۆشم تێم دەتەقاند و دەگەڕامەوە نێو هاوڕێیەکانم، بەلاّم ئەو شوفێرە لە کەسێکی بێ گوناحی دەکرد. وەك کەسێکی زۆر بەدبەخت و غەوارە دەهاتە بەرچاوم، دەتوت بەزۆر کاری وای پێ دەکەن. خۆ هیچیشی پێ نەبوو بیرم کردەوە بۆ پێی نەڵێم" لێرە ڕاگرە پاکەتێك جگەرە دەکرم" ڕەنگە زۆریش هەژار بێ. چی تێدایە دەڵێم پاکەتێکیش بۆ تۆ دەکڕم..."

ئاوڕێکم لە شوفێرەکە دایەوە، ئەویش یەکسەر تەماشای کردم، بە ئاماژە پێم وت کە جگەرەیەکم بداتێ، بەلاّم دیاربوو نەدەوێرا هیچ قسەیەکم لەگەڵ بکات، ئەوەندە نەبێ سەری

نارِازیبوونی بۆ لەقاندم و بە پەنجەش تێی گەیاندم کە بێدەنگ بم. جارێکی دیکە هەستم کرد میزڵدانم خەریکە دەتەقێ. شوفێرەکە هەستی بە نارەحەتی جەستەم دەکرد. سەیرێکی منی کرد و دیواری ئەو شوێنەی نیشاندام، کە لێی نێزیك ببووینەوە. خێرایی هاژووشتنەکەی کەم کردەوە. رووی ئۆتۆمبێلەکەی لە دەرگایەك کردوو چووە ژوورێ. شۆفێرەکە پەڕۆیەکی دایە دەستم. بە ئاماژە تێی گەیاندنم، کە چاوەکانمی پێ ببەستم. لە دواییدا بە چەند جادەیەکی نێو فەرمانگەکە سوڕاندمییەوە، دیاربوو مەبەستی بوو سەرم لێ بشێوێنێ و نەزانم بۆ کوێی ئەو شوێنەم دەبا. هەندێ جار هەستم بە بەرزی و نزمی جادەکان دەکرد. دوایین جاریش زانیم ئەو شوێنەی لێی راوەستا، هەرلەوە دەچوو ژێرزەمین بێ، کە هێنامییە خوارەوەش هەر خۆی دەستی گرتم. دواتر بە هەورازێکدا سەری خستم. زەینم بۆ ئەوە دەچوو، هەموو ئەو شوێنانەی پێیاندا دەڕۆیشتین تەسك و تریسك بوون، چونکە چەند جارێك نووکی پێڵاوەکەم بە پشت پێی شۆفێرەکە دەکەوت. لە شوێنێك وەستاین بە زەحمەت بەر پێی خۆمم دەبینی، نەمدەوێرا تۆزقاڵێکیش سەرم بەرزبکەمەوە. دەمزانی لە پشترا زللەیەکم پێ دەکەوێ. لەوێ گوێم لە چرپە چرپێك بوو. دڵنیابووم کە پێوەندیی بە منەوە هەیە...بەرە بەرە هەستم دەکرد میزڵدانم خەریکە بتەقێ، هەردوو دەستم خستە نێو رانەکانم. نەمدەزانی

شوفێرەکە لەوێ ماوە یان نا، گرینگ ئەوە بوو، ڕێگام پێ بدەن خۆم بگەێنمە ئاودەست. من نەمتوانی چی دیکە بە پێوە بوەستم. ویستم دانیشم یەکێك توند گرتمی، پێمی وت: (چیتە؟ نەخۆشی؟) ناچار بووم وای نیشاندەم، کە لە زمانەکەی تێدەگەم. بەسەر ئاماژەی بەڵێم بۆ کرد، دەستێکیشم خستە ناو گەڵم. هێندەی نەبرد بەرزیان کردمەوە. کەسێك دەستی گرتم. بەدوای ئەو، هەنگاوم هەڵێنا. دەرگایەك کرایەوە، بەر لەوەی پێ بنێمە ژووری. بۆنی خەستی میز و پاشەڕۆ لووتمی تروزاندەوە و هەناوی پڕکردم. دەستێك پەڕۆکەی سەر چاومی لادا و شەپازللەیەکی لە پشتم دا و فەرمانی پێکردم میز بکەم. بلەز دۆخینی شەرواڵەکەم کردەوە و میزەکەم هەڵدا. دەتوت لە مێژبوو میزڵدانم چاوەڕوانی ئەمرێکی وای دەکرد. میز هەر لەو جۆگەلە ئاوە دەچوو، ماوەیەك گیرا بێ و لەناکاو بەربدرێتەوە. هەستم دەکرد گرژیی لەشم دوای میزکردنەکە خاودەبێتەوە و لە ئاریشەیەکی مەزن رزگارم دەبێ. دڵنیابووم کابرای پشت دەرگا، لەو دواکەوتنەی من و ئەم هەموو میزکردنەم، سەری سووڕدەمێنێ. ئێستە تێدەگا کە من چ ئازارێکم هەبووە. کەمێك سەرم بەرزکردەوە لە بەرزایی نێزیکەی چوار مەترێك، پەنجەرەیەکی بچووکی کراوەم بینی، بەوێدا هەم رووناکی دەهاتە ناو ئاودەستەکە و هەمیش هەندێك بۆنەکەش دەچووە دەرێ. بیرم کردەوە خۆ پەنجەرەیەکی وا بچووك زەحمەتە سەری یەکێکی وەکو

منی پێدا بچێت. خۆ ئەگەر تۆزێك سەرم بچووك بوایە دەمتوانی بە خێرایی لەوێ بچمە دەرەوە و رزگارم بێت. سەر گەورەیی من بۆ رۆژێکی وا بە خراپ کەوتەوە! لە کونی پەنجەرەکەوە گوێم لە دەنگی تێکەڵ و پێکەڵی خەڵك دەبوو، بۆم روون نەدەبۆوەوە چی دەڵێن، من لەنێو ئاودەستەکە وەستابووم، لەپڕ وا هاتە بەر چاوم، ئەو کەسەی لە پشت دەرگاکەوە بوو، ئێستە پاڵێك بە دەرگاکەوە دەنێ و دێتە ژوورێ، پشتی ملم دەگرێ و دەم و لووتم لە کونی ئاودەستەکە نێزیك دەکاتەوە، بە بن گوێچکەشمدا دەقیژێنێ:

- ئەم گووە دەبینی...یاخۆ ڕاستییەکە دەڵێی، یان دەبێ بیخۆی!

من وا خۆم نیشان دەدەم، وەك ئەوەی باش لە قسەکانی تێ نەگەییشتبم. بە ئاماژەی پەنجەکانیشم تێی دەگەێنم، کە هیچ لە هەناومدا نەماوە، هەمووی بە رشانەوە هاتۆتە دەرێ. ئەویش پانایی دەست و پەنجە گەورەکانی دەخزێنێتە نێو کونی ئاودەستەکە و تۆپەڵە گووێك لە دەمم نێزیك دەکاتەوە:

- بیخۆ! ناخۆی؟ هەر دەبێ بیخۆی!

من وەك ئەوەی کەسێك لەناکاو شوێنێکی لەشم داخ بکا، هاوارم کرد، لەگەڵ دەنگی خۆم هۆشیاربوومەوە، تەق، تەق، تەق، سێ جار بە نەرمی لە دەرگای ئاودەستەکە درا:

- تەواو بوویت؟ دەی خێراکە!

لە شەرمان نەمدەزانی چۆن بچمە دەرێ، باشە من شێت بووم، بۆچی بەو شێوەیە قیژاندم؟ کە دەرگاکەم کردەوە، خێرا پاسەوانەکە بۆم هاتو هەردوو چاومی بەستەوە و بە پێش من کەوت. باشبوو هیچی پێنەوتم. لە کەلێنی نێوان ڕوومەتم و پەڕۆکەکەی سەرچاوم، ئەرزم دەبینی. گوێم لە چرپە و شریقە و هاوار و گریانێکی زۆر دەبوو، هەر لە خۆمەوە چەند جارێك دەوەستام، کەچی پاسەوانەکە ڕای دەکێشامەوە. لە شوێنێك وام هەست کرد بە کوردی قسەم لەگەڵ دەکا، هێندە جوان وتی:(بوەستە) خەریك بوو منیش پێی بڵێم: (ئەرێ تۆ کوردی؟)، بەڵام ئەوەم نەوت. جیڕە لە دەرگایەکەوە هات، وامزانی بزمارێك بە جەستەمدا چووە خوارێ. هەستم دەکرد بە دەرگاکە چوومەتە ژوورەوە و لە ناوەڕاستی ژوورەکە وەستاوم. دەنگێك وەك لە قووڵایی بیرێکەوە دەربچێ. بەکاوەخۆ بە کوردی وتی:

* ناوت چییە؟

- سەران.

* سەران یەعنی چی؟

هێندێك سووکنایم هات، کە ئیدی دەتوانم بە ئارەزووی خۆم وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە.

- گوندێکی کوردستانە.

* لە عێراق یان.....

- بەڵێ.

* چ کارەی؟

- سەربازی هەڵاتووم.

* ئەی چۆن هاتیتە ئێرە؟

- بە ئۆتۆمبێل.

* چەند دەبێ؟

- نێزیکەی مانگێکە.

* ئەو ماوەیە لە کوێ بوویت؟

- لە هوتێل و چەند رۆژێکیش لەماڵی ئەو برادەرە بووم، کە لەگەڵ من گیراوە.

* ئەو ناوی چییە؟

- هەڵمەت.

* ناوی خۆیەتی؟

- نازناویەتی.

* ئەی تۆ ناوی خۆتە یان...؟

- نەخێر منیش نازناومە...ناوی ئەسڵیم، کەریمە.

* بۆ هاتیتە ئێرە؟

- نەخۆشم...مەعیدەم تەواو نییە.

* چارەسەرت وەرگرت؟

- بەڵێ...

گوێم لێبوو، کەسێك قسەکانی من و لێکۆڵەرەوەکەی بۆ یەکێکی دیکە دەکردە فارسی، ئەو کات زانیم لە ژوورەکە بەلای کەم سێ کەسی دیکەی لێیە. ماوەیەك وەك بە ئەنقەست لە بێدەنگی بهێڵنەوە، هیچ پرسیارێکی دیکەم لێ نەکرا. لەو دەمە بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئێستە قامچییەك، زللەیەك، شاپێکم، بەردەکەوێ، جەستەم لە خۆیەوە لە دۆخی ئامادە باشیدا بوو. گوێم لە چرقەی چەرخێك بوو. هەر زوو بۆنی جگەرە هورژمی بۆ لووتم هێنا. چەند سەعاتێك بوو جگەرەم نەکێشابوو، بە دڵ حەزم دەکرد دووکەڵی جگەرەکە زیاتر بێت. واشم زەن برد رەنگبێ جگەرەیەکم بدەنێ، بەڵام وانەبوو. هەر لەو مەراقە هێشتمیانەوە، حەزم دەکرد لەو بێدەنگییە کوشندەیە دەربچم و پرسیاری زیاترم لێ بکەن. بیرم لەوە دەکردەوە کێ دەڵێ ئەو برادەرەی لەگەڵ من گیرا، لەوێ دانەنیشتووە و گوێ لە قسەکانم ناگرێ؟ لەو دەمە گوێم لە دەنگی گریانی ئافرەتێك بوو، لەگەڵ گریانەکە هاواری دەکرد" نا، نا، نا نەمدیوە!!" زیڕڕەکان وەك زەبری قامچی، ئازاریان بە جەستەم دەگەیاند. وای بۆ دەچووم، ئەوانە بە ئەنقەست لە کاتی لێکۆڵینەوە، پەنجەرەی ئەو ژوورانە دەکەنەوە، کە تیایدا ئازاری زیندانییەکان دەدەن. لەو ژوورەش کە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ مندا دەکرد، پەنجەرەکان کرابوونەوە، هەستم دەکرد لە نێوەڕاستی پارچە زەویەکدا وەستاوم، کە ژێرەکەی بە خێرایی بنکۆڵ دەکرێ، لەگەڵ

ڕۆچوونەکە دەخزێمە خوارێ. لە پشتمەوە گوێم لە هەنگاوی کەسێك بوو، دووجار بە دەورمدا سووڕایەوە، جارێکی دیکە ژوورەکە لە بێدەنگیدا نقووم بوو، دوای چەند چرکەیەك هەنگاوەکان ڕووبەڕووی منەوە دەهاتن، کەسەکە هێندە لێم نێزیك ببۆوە، گوێم لە هەناسە هەڵکێشانەکەی دەبوو، لەپڕ پەنجەیەك بەژێر چەناگەم کەوت و سەرم کەمێك بەرز بۆوە. ئەگەرچی کەسەکەم نەدەبینی، بەڵام دەمزانی ئێستە چاوەکانم لە ئاست بینینی چاوەکانی ئەو دایە. چاوەڕێم دەکرد زللەیەکم پێ بکەوێ، کەچی قورسایی دەستێك بەسەر شانمەوە گیر بوو، لەوە نەدەچوو شتێکم لێ بکات. بە مەزندە وا دەهاتە بەر چاوم زەلامێکی کەڵەگەت بێ. جارێکی دیکە دەستی خستەوە سەر شانم، داوای لێکردم لە شوێن خۆم دانیشم. من بە دوودڵی و بە ترسەوە قاچم نوشتاندەوە. دەنگێك وەك لە قووڵایی بیرێکەوە بێتە دەرێ داوای لێکردم دابنیشم، هەر لەگەڵ ئەوەی دانیشتم لێمی پرسی:

* ئەو نامەیەی لە گیرفانت بوو، لەکێت وەرگرت؟

- لە کوڕێك.

- ناوی چ بوو؟

بێ ئەوەی لە گوتنی ئەو ناوەی، کە لە مێشکی خۆمدا، بۆ ئەو کوڕەم دانابوو، دوودڵ بم، یەکسەر وتم: (سیروان).

لێکۆڵەرەوەکە بە تووڕەیی پێی وتم: ئەو (سیروانە) چ کارەیە؟

- لە نەخۆشخانەیەکی ئەودیو بینیومە...وابزانم پێشمەرگەیە.

لێکۆڵەرەوەکە وەك ئەوەی درۆم لەگەڵ کردبێ، هەستمکرد کەمێك لێم دووردەکەوێتەوە. ئەوجارە بە دەنگێکی بەرزەوە وتی :

- ئەی لێرە چ دەکا؟!

- نازانم.

کابرا هێندێك لێم نێزیك بۆوە:

- نازانی؟! بۆ درۆ دەکەیت؟!

شتێك بەدەوری سەرمدا سووڕایەوە و شریقەی لێوەهات، هەر لە وەشاندنی قامچییەکی درێژ دەچوو. هەستم کرد کەسێك لە پشتمەوە وەستاوە، لێم نێزیك دەبێتەوە، دەستێکی دەخاتە سەر سەرم، بە توندی قژی پشت سەرم رادەکێشێ:

- بڵێ، راستییەکەمان پێ بڵێ...تۆ جاسووسی!

وەك پارچە ئاسنێك بە تەپڵی سەرم بکەوێ، وەك دەوروبەرم ببێتە کڵپە ئاگرێك و بەنێو مێشکمدا رەت ببێ، بەو قسەیە، نەك هەر زۆر ترسام، بگرە گێژووێژ بووم، لەگەڵ خۆمدا وتم: (نەکەن بە جاسووسی حکوومەتی عێراقیشم دابنێن؟ جاسووسی لای ئەوانە، ئاخرین و چەپەڵترین تاوانە، کەمترین دەلیڤە بۆ تاوانبار ناهێڵنەوە، جاسووس چارەنووسەکەی لە داردانە، لە بەرچاوی

خەڵکیش بە پەت هەڵیدەواسن. من وەك ئەوەی لەو تۆمەتە دووریان بخەمەوە وتم:

- من نەك هەر جاسووس نیم، خراپەیەکیشم بۆ ئێوە نەبووە.

لێکۆڵەرەوەکە ئاستی تووڕەبوونەکەی کەم کردەوە سەری هێنایە بن گوێم بە توانجەوە وتی:

- ئەگەر جاسووس نیت، ئەی چیت؟

لە لەرەی دەنگییەوە، تێگەیشتم کە دەکارم پتر داکۆکیی لەخۆم بکەم، ڕەنگبێ ئەویش هەر وای بیر کردبێتەوە، کە ئەو تۆمەتە سەرەداوی لێکۆڵینەوەکانی لێ تێك بدا، بۆیە جارێکی دیکە بە دەنگێکی نەرمتر وتی:

- من دەمەوێ یارمەتیت بدەم و لێرە بڕۆیت، ئەو کەسەی ئەو نامەیەی داوەتە تۆ، لێپرسراوی حزبێکی سیاسییە، وایە یان نا؟!

من دەمزانی قسەکەی ئەو زۆر ڕاستە، بەڵام بایی ئەوەندە جەربەزەیی و ناخۆشیم لە ژیاندا بینیبوو، کە هەروا بە ئاسانی نەچمە ژێر باڵی هەڕەشە و قسەکانیان، بۆیە بێ ئەوەی هیچ ترسێکم لێ بەدی بکەن، وەڵامم دایەوە:

- من نازانم...لەودیو بینیومە...لێرەش بەڕێکەوت ئەوکاتەی دەمویست بگەڕێمەوە شاخ، بینیم و ئەو نامەیەی پێدام.

- ئەی ئەگەر ئەو هاوڕێیەی کە لەگەڵ تۆ گیراوە، هەموو شتێکی لەبارەی ئەو کوڕە گوتبێ، چی دەکەیت؟! بیرم کردەوە

ئەگەر ئەو هاوڕێیەم، هەموو شتێکی وتبێ، باوەڕ بە هیچ قسەیەکی من ناکەن. تازە یاخۆ ئەوەتە دەبێ هەموو شتێکیان پێ بڵێم یان دەبێ لێرە بڕزێمەوە. ئەگەر ئەو نامەیان لێ نەگرتبام دەرفەتی دەرچوونم نێزیکتر دەبوو، بەڵام ئێستە زۆر زەحمەتە. ئەوانە خۆیان هەر لە بنەڕەتەوە، دوژمنی کەسانی وەك منن. ئەو هاوڕێیەی وەك من بیناسم قەت بەرگەی ئەشکەنجەدان ناگرێ. دڵنیابووم زۆر شتی لەدەم دەرچووە. هەر لە سەرەتاشەوە ئەو کاتەی سواری ئۆتۆمبێلەکەیان کردین، رۆح لە بەدەنیدا نەمابوو، هەر زوو رەنگی زەرد هەڵگەڕا. بەر لەوەش دەرگای پیکابەکە بکرێتەوە، لەسەرخۆ پێمی وت (تووش بووین، قوڕمان بەسەر!) من تەنیا بۆ ئەوەی هێندێك هێزی پێ ببەخشم، پێم وت (هیچ نییە مەترسێ) کەچی ئەو بەچاوی پڕ لە ترس و بێ ئۆقرەکانییەوە تێمی گەیاند، کە بەرگەی هیچ فشارێك ناگرێ..ئەو کاتەی لێکۆڵەرەوەکە پێمی وت (دەزانی هاوڕێیەکەت هەموو شتێکی وتووە؟) ترسێك رۆچووە گیانم، هەستمکرد هەردوو دەستەکانم وەك ئەوەی بزمارڕێژ کرا بن، بەتەواوی دەتەزین. کەمێك هەناسەم سواربوو، ژانێك نێوە راستی سینگمی گرت، پێ دەچوو، ئەوانەی لەوێ بوون، هەستیان بە شڵەژان و تێکچوونی تەندروستیم کردبێ. چاوەڕێ بوون وەلامێکی لێکۆڵەرەوەکە بدەمەوە. دڵم هێندێك بەوە خۆشبوو بەزمانی کوردی قسەیان لەگەڵ دەکردم، ئەویش تەنیا

لەبەرئەوە بوو دەمتوانی بە ئاسانی وەڵامەکان بدەمەوە، من دەمویست بڵێم "ئەگەر هەموو شتێك لەبارەی ئەو کوڕە دەزانن، ئەی چ پێویستییەکتان بەمنە؟" کەچی کە زارم بەش کردەوە خۆشم نەمزانی بۆ وتم:

- من بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانم هاتووم، دەمەوێ ئێستە بمگەڕێننەوە...

لێکۆڵەرەوەکە لە قاقای پێکەنینیدا. هەستم کرد دووجاریش بەدەورمدا سووڕایەوە. ئەوجارەیان وەك سێرەی لە سینگم گرتبێت، نوکە دارێکی لەو شوێنە گیرکرد، کە بەر لە ئێستە ئێشێکی تێکەوتبوو. زەبری نووکەدارەکە هیچ ئازارێکی نەبوو، بەڵام ترسێکی زۆری خزاندە نێو جەستەم، پێ دەچوو بیەوێ لە یەك وەختدا پرسیارەکان و ترسهێنانەکە تێکەڵ بکا و وەڵامێکی چاکی دەست کەوێ. پرسیاری ئەوجارەی بەدەر نەبوو لە پلار و کینە:

- چییە بە گێلمان دەزانی؟! کوڕەکە ناوی (سەرۆ) بوو، یاخۆ (سیروان)؟ لێرە دەژی یان لە شاخ؟

هەرکە ناوی (سەرۆ)ی هێنا زانیم هاوڕێیە گیراوەکەم زانیاری دیکەشی بەوان داوە، بەڵام بێ ئەوەی دوودڵی لە قسەکانم نیشان بدەم، یەکسەر وتم:

- من بە (سیروان) ناسیومە...لەوێ پێیان دەوت (سیروان).

چەند جار ناوی (سیروان)ی لەسەرخۆ و بەرقەوە دووبارە دەکردەوە، دوای کەمێك بێدەنگی لەناکاو لەبن گوێم هاواری کرد:

- کێ ئەو مۆڵەتەی پێدای؟

- برادەرێك لە حزبێکی ئیسلامییە!

جارێکی دیکە قاقا بەڕوومدا پێکەنی، گوێچکەیەکیشی راکێشام و وتی:

- تۆ و ئیسلامی، لە کوێوە یەکدی دەگرنەوە؟!.

هەستم کرد پرسیارەکەی زۆر ئاسانە و دەتوانم بە خێرایی وەڵامی بدەمەوە:

- لەو شوێنەی کە هەردووکمان دژی (سەدام)ین!

لەوە دەچوو وەڵامەکەم رقی ئەستوورتر کردبێ، شەپازللەیەك بە پشتی ملم کەوت و وتی:

- تۆ کێیت، کۆمۆنست و ئیسلامییەك چۆن یەکدی دەگرنەوە؟

من لەگەڵ زەبری شەپازللەکە، خۆم وا لێکرد کە گوێم لە پرسیارەکەی نەبووە، زانیم قۆناخی ئەشکەنجەدان لە ئێستەوە دەست پێدەکا. ماوەیەك، کە بەئەنقەست خۆم بێدەنگ کرد، دیاربوو لێکۆڵەرەوەکە زیاتر لێم دەهری ببوو، گوێم لێبوو، بە فارسی پستە پستێکی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەکرد، تێگەیشتم کە پێی دەڵێ: (باشترە فرێی دەینە زیندانی ئینفرادی، لەوێ چاوەڕێ بکەین، بگرە شتێکمان دەستکەوێ.)

کەسێك لێم نێزیك کەوتەوە و دەستمی گرت و بەدووی خۆیدا بردم، زانیم بەرەو ئەو شوێنەم دەبا، کە پێش ئێستە گوێم لێبوو. من کە هەردوو چاوم بە پەڕۆیەك بەسترابوونەوە، لە تاریکی زیاتر هەستم بە هیچ شتێکی دیکە نەدەکرد. خۆشم هەروام دەزانی پارچەیەکم لە جەستەیەکی تاریك، بۆ نێو تاریکیش هەنگاو دەنێم. هەنگاوەکانم وەك ئەوەی لەنێو بۆشاییدا رێبکەن، جۆرێك لە فڕینیان پێوە دیاربوو. کە گوێم لە هاژەی ئۆتۆمبێلێکیش بوو، وا هاتە بەرچاوم، کە ئۆتۆمبێلەکە لەنێو فەزایەك لەتاریکیدا رەتدەبێ. کە ئۆتۆمبێلەکەش وەستا، هەر لەوەی دەکرد لەناو بۆشاییدا وەستابێ. من هەردوو چاویشم بەسترابوون، کەچی کۆمەڵێك مرۆڤم لەنێو چڕی تاریکییەدا بەدی دەکردن، کە لە یەك خاڵەوە سەریان دەردەهێنا. هەرچەند لێم نێزیك دەبوونەوە پانتر و درێژتر و پتر دەبوون، هەموویان بە تەنیشتمدا تێ دەپەڕین، هیچیەك بەر من نەدەکەوتن، دەنگێکی ترسناکیش لە دەمیانەوە دەردەچوو، هەر لە دەنگی کوندەپەپۆی دەکرد.. کوندەپەپۆ!! شەوانی تاریکی پێشمەرگایەتی هێنایەوە بیرم، ئەو شەوانەی کە لەسەربانی بارەگەکەمان، لەو کاتەی نۆرەی پاسەوانیم دەهات، گوێم لەدەنگی کوندەپەپۆکان دەبوو. دەنگەکان لە دوورەوە کشوماتیی شەوە تاریك و نوتەکەکانیان دەبڕی و بەسەر سەری

ئێمەدا ڕەت دەبوون. دەتوت دەنگەکان لە قووڵاییی ئاسمانەوە دێنە دەرێ لەگەڵ خۆیاندا پەیامێکی ترسناکیان بەو ناوەدا بڵاودەکردەوە. من قەت کەیفم بەو دەنگانە نەدەهات، بەڵام بە ناچاری دەبوایە هەر گوێشیان لێ بگرم، لە یەکێ لە شەوە تاریکەکانی ئەو دۆڵەی کە بنکەکەمانی لێبوو، من و (تارا)، لەسەربانی بارەگەکەمان پێکەوە پیاسەمان دەکرد، لە دوورەوە دەنگی کوندەپەپۆکان وەك ئەوەی شمشێر بە ڕۆحماندا ببەنە خوارێ، دەگەیشتە لامان، بۆ ماوەیەك دڵتەنگی دەکردین، تارا لێمی پرسی:

- سەران، بۆچی کوندەپەپۆکان تەنیا بەشەو دەخوێنن؟

نەمدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، ڕاستییەکەی هۆیەکەیم نەدەزانی، بەڵام بۆ ئەوەی کەمێك ترسەکەی بڕەوێنمەوە، لەخۆمەوە وتم:

- ئاخر بەو دەنگانە دەیانەوێ دەوروبەری خۆیان بترسێنن!.

ئەویش وەك بڕوای بە قسەکەی من کردبێ، هەر زوو وتی:

- ڕێی تێدەچێ قسەکەت ڕاستبێ.

من ئەو شەوە هەستم دەکرد، سەرما فشاری زۆری بۆ دەهێنام، جاروبار تەزوویەکی سارد بە گیانمدا هەڵدەگەڕا، تارا کە بە ملپێچێك گەردەن و ملی داپۆشیبوو، هەستی بە سەرمابوونی

جەستەم دەکرد، هەر زوو ملپێچەکەی بە دەستی خۆی لە ملی خۆی کردەوە دای بە من و وتی:

- دەزانم سەرماتە! هەرچەندە رەتمکردەوە، کە ملپێچەکەی لیٚ وەربگرم، بەلاٚم کەڵکی نەبوو، دواین جار بە دەستی خۆی لە ملمی ئالاٚند. لەو شەوە ساردەدا هەستم بە گەرمایی دەست و پەنجەکانی دەکرد. ئەو گەرماییەش کە لەناو ملپێچەکەدا خۆی مەلاٚس دابوو، ئەو بۆنەش کە لەنێو گەرماییەکەدا ئاوێتە ببوو، تێکەڵ بە جەستەی من دەبوون. خودایە بەو شەوە تاریکە ئەوە رووناکی چ گەردەنێك بوو، چاوەکانمی گەش کردنەوە، ئەوە بوو، پڕی کردم لە گەرمی، دەنگی کوندەپەپۆکانی لەنێو کپی ئەوشەوەدا خنکاند؟ کە باوەشی پڕ میهرەبانی تێوەرهێنام، دەتوت هێزێکی موگناتیسی بوو لێکی گرێداین. ئێمە هەناسەمان لە یەکدی دەدزی، تاریکیمان لەنێو لێوەکانمانەوە راو دەنا، گەردەنمان تێك دەئالاٚند، تاکە شتێك ئەوەی بیرمان لیٚ نەکردباوە، زەمەن بوو، تاکە هێزی چ سیحرێك شتێك کە ئێمەی داپۆشیبوو، تاریکی بوو. حەزمان دەکرد شەوەکە هێندە تاریك بیٚ، لایتی دەستی پێشمەرگەکانیش هێزی بڕین و راونانی تاریکیان نەبیٚ.ئێمە لەو لەحزەیەدا، نەماندەزانی یان بەلامانەوە گرینگ نەبوو، کە چ لەدەرەوەی جەستەماندا دەگوزریٚ. ئێمە ئەوکاتە پەنجەکانمان وەها تێکئالاٚبوون، نەتەنیا تاریکی، بگرە سەرماش بەرگەی هالاٚوی

گەرمای ئێمەی نەدەگرت. هەموو شتێك لە دەوری ئێمەدا دووردەکەوتەوە، ئەگەر دەنگی لەناکاوی ئەو هاوڕێیە نەبوایە، کە بەدوای ئێمەوە نۆرەی پاسەوانی هاتبوو، رەنگ بوو تا بەیانی من و تارا لە باوەشی یەکدی بمابایەنەوە و رووناکیی گوناحەکانمان ئاشکرا بکردایە! دەنگی ئەو هاوڕێیە، هەر لە دارمانی پارچە شاخێك دەچوو، کە لە تەنیشتمانەوە گلۆربێتەوە. ئەگەر چڕی تاریکییەکە نەبوایە نەماندەتوانی لەزەتەکانی ئەو شەوە بشارینەوە....

ئەو رۆژەش کە هەردوو چاومیان بە پەڕۆیەك بەستبوو، کەسێکیش پەلکێشی شوێنێکی نادیاری دەکردم، دەنگی هەمان ئەو کوندەپەپۆیانەم دەبیست کە بەنێو تاریکیدا تێدەپەڕی. کاتێك لە شوێنی خۆم راچەنیم، ئەو کەسەی دەستی گرتبووم، هەستی بە شتێك کرد، لەوانەش بێ ئەو راچەنینەی بە ترسنۆکی لێك دابێتەوە، بۆیە بەفارسی پێی وتم:

- نەترس...هیچی نیست!

چونکە لەناکاو ئەو قسەیەی کرد، زانیم ئێستە دەمباتە ژوورێك، بەتایبەتی ئەوکاتەی گوێم لە کردنەوەی دەرگایەك بوو. کەسەکە پەڕۆکەی لەبەر چاوم لابرد. داوای لێ کردم بەهیچ شێوەیەك ئاوڕ نەدەمەوە. پالێکی پێوەنام و فڕێی دامە ژوورێکی تەسك و تریسك، کە درێژییەکەی لە بەژنی من کەمتر بوو.

ئەگەرچی زیندانەکە یەکنەفەری و پانی مەترێك و درێژیەکەی هەر دوو مەترێك دەبوو، بەلاّم کە چاومیان کردەوە و خۆم لە ژوورەکەدا بە تەنیا بینی، هەستم کرد بەشێك لە قورسایی سەر جەستەم کەم دەبێتەوە و دەتوانم خۆم و دەر و دیوارەکان ببینم. بێ هیچ مەبەستێك ئاوڕێکم لە دواوەی خۆم دایەوە، لەپڕ دەرگای زیندانەکە پێوەدرا. سەرم بەرز کردەوە سەیری بەرزایی زیندانەکەم کرد، بە مەزەندەی خۆم بەرزاییەکەی لە پێنج مەتر کەمتر نەبوو. گلۆپێك لە نێوەڕاستی بنمیچەکە بەوایەرێکەوە شۆڕ کرابۆوە. هەرکەس بیدیبایە، حەتمەن وای بیر دەکردەوە، کە ئێستە نا کەمێکی دیکە بەردەبێتەوە و شریقەی لێوەدێ. ئەو گلۆپە نەفرەتییە، دیمەنێکی وای پێدرابوو، ئەگەر بۆ ماوەی خولەکێك، بە دیقەتەوە سەیرت کردبا، هەر لە دەعبا و دڕندەیەك دەچوو، کە لە ئاسمانەوە بۆت بێتە خوار و راتکێشێتە سەرەوە. ئەوەی زیاتریش منی خستبووە فەزایەکی ترسناك، جوولاّنەوەی وایەرەکە بوو، کە بە ئەنقەست لە کونی پەنجەرە بچووکەکەوە نێزیك کرابۆوە، هەر بە سووکە بایەك دەکەوتە سەما. ئەو کاتانەش کە بە ئەنقەست، کارەباکەیان دەکوژاندەوە، رووناکی پەنجەرەکە لە گلۆپەکەی دەدا، دیمەنێکی کۆڤانی لێ چێ دەبوو، هەر لە کەسێکی زەبەلاحی دەکرد، لەپڕ خۆی شۆڕکاتەوە و لە قوولاّیی زیندانەکەوە، پڕت بداتێ و هەڵتکشێتە سەرەوە. یەکەمجار کە بردمیانە ژوورە تەسکەکە،

خولەکێکی نەبرد، گڵۆپەکەیان کوژاندەوە، هەر لە کونی پەنجەرەکەوە، جگە لە شەپۆلێکی تۆزاوی، کۆمەڵە دەنگێکی تێکەڵاو بە یەکدی دەهاتنە ژووریٚ، دنیایەك ترس و وێنەی تۆقێنەریان دەخستە دەروونمەوە. من هەوڵم دەدا کەمێك دان بەخۆمدا بگرم، بەلاّم دەستێك، وەك بیەویٚ ئۆقرەم لیٚ ببڕیٚ، ترسی دەڕژاندە نێو دڵم، هەستم دەکرد هەناسەدان و وەرگرتنم لە دۆخی ئاسایی دەردەچوون. قورساییەك دەکەوتە سەر سنگم و بەرچاوم لێڵ و تاریك دەبوو، لە کونی پەنجەرە چکۆڵەکەی سەرەوە، بە چاوی خۆم باڵندەیەکی رەشم بینی، رەشێکی قەترانی، دووجار تا نیوەی زیندانەکە شۆڕ بۆوە، وەك نەیەویٚ لێم نێزیك بێتەوە، پێچەیەکی دەکرد و بەرز دەبۆوە، دواجار چوو خۆی بەوایەری گڵۆپەکەوە هەڵواسی، ملی بۆ لای من شۆڕکردەوە، دەتوت شتێکی لە دڵدا بوو، گەرەکی بوو بمدوێنی، وام هەستکرد پێم دەڵێ: ئەگەر بێمە تەنیشتت ئازارم نادەیت؟ بەو پەنجانەت ملم ناقرتێنیت؟ من زۆرینەی ژیانی منداڵییم، گەڕان و منەکردن بوو، بەدووی گرتن و کوشتنی باڵندان، ئەو رۆژانەی بمویستایە راوە باڵندە بکەم، دارلاستیکێکم دەخستە گیرفانی شەرواڵەکەم و پارچەیەك نانیشم دەخستە گیرفانەکەی دی، هەر کە لە ماڵ دەردەچووم، نەمدەزانی بەکوێی رێگا و باناندا دەڕۆم، راستییەکەی ئەوە من نەبووم بەدووی باڵندە دەکەوتم، بگرە باڵندەکان بوون منیان بەدووی

خۆیاندا رادەكێشا، رەنگبوو كوشتن یاخۆ گرتنی باڵندەیەك، بەخۆی هێنابامەوە و ئەوكات بمزانیبوایە لەكوێی گەڕەكێكم. یاخۆ بە چ كەند و دۆڵێكدا تێپەڕیوم، دەستم لە هیچ باڵندەیەك نەدەپاراست. كە چۆلەكەیەك، یان بولبولێك، یاخۆ هەر باڵندەیەكی دیكە بكەوتایە بەر بەردی دار لاستیكەكەم، بە بەردێكی دارلاستیكەكەم بكەوتبایە سەر زەوی، وەك تیسكەی گوللە بۆی دەچووم، خێرا ملم دەقرتاند، هەستم بە ئۆخژن و خۆشییەكی زۆر دەكرد، پتریش رەنگبێ هەر بۆ گۆشتەكەیان بووبێ. كە دەگەڕامەوە ماڵێ، یاخۆ لەسەر پەنگران دەمبرژاندن، یان لەنێو رۆن سوورم دەكردنەوە، ئێستەش كە ئەو رۆژەم دێتەوە هزران، ئەوكاتەی بۆ هێنانەوەی لاشەی باڵندەیەك، بە عاسێترین قەڵشتەكانی خەرەند چوومە خوارێ، خەرەند چ خەرەندێ! مرۆڤ هەر بە تەماشاكردن ترسی تێدەگەڕا، هەردوو چاوی خۆم توند دەگرت، من كە بۆ ئەو باڵندەیە، ئەو رێگا عاسێیەم بڕی و چەند مەترێك چوومە خوارەوە. بیرم لەوە نەدەكردەوە ئاخۆ چۆن سەردەكەومەوە، گەیشتمە نێزیك باڵندە كوژراوەكە، بەردێكی لەقیو لەبن پێم خزی، ئەگەر بنەدار سماقێك نەبووایە، هەلا هەلا دەبووم، بەو حاڵەش سووربووم لەسەر ئەوەی باڵندەكە هەڵگرمەوە، تەنیا شەقاوێكم مابوو، بە عاستەم دەستێكم بەدارسماقەكەوە گیر كردبوو، دەستەكەی دیكەشم شۆڕكردەوە، بە چاوێك سەیری قوولاّیی خەرەندەكەم دەكرد، هەر

لەخۆمەوە، حەزێك هورژمی بۆ هێنام، حەزی خۆفڕێدانە خوارێ، هێزێك هەر لە هێزی موگناتیس دەچوو، بۆ لای خۆی رادەکێشام، ئەگەر دیمەنی ئەو باڵندە مردووە نەبووایە، کە لەبەر چاوم هەردوو لنگە چکۆلانەکەی لەنێو زگە پڕ تووکەکەی دەرهێنا بوو، ملە باریك و سەرە کەلا ئاساکەی لەنێو باڵیدا شاردبۆوە، رەنگبوو هێزی خەرەندەکە بۆ خۆی راکێشابام و تا بنی بنەوە، راینە گرتبام. باڵندە مردووەکەم هەڵگرتەوە، خستمە نێو گیرفانم، بە دەردەسەرییەك گەڕامەوە سەرێ، وامدەزانی لە سەفەری مردن هاتوومەتەوە. بەرێگاوە باڵندەکەم لە گیرفانم دەرهێنا، هێشتا گەرمایی لە جەستەی مابوو، ویستم ملی بقرتێنم، هاتەوە بیرم، کە خواردنی حەرامە، چونکە مردار بووە! ئەو باڵندە رەشەی کە بەسەر وایەرەکەی نێو زیندانەکە خۆی هەڵواسیبوو هێشتا رووی لە من وەرنەگێڕابوو، لە خۆیەوە لەبەرچاوم گەورە و گەورەتر دەبوو، هێندە قەڵەو و قەڵەوتر دەبوو، دەتوت لە جێگایەکەوە پفی دەدەن، ترسی ئەوەم لێ نیشت لە ناکاو بتەقێ و ئەوەی لە هەناوی دایە بە سەر و گوێلاکم بێتە خوارێ. بیرم لەوە کردەوە، تۆ بڵێی ئەوە باڵندەیەکی راست بێ، یاخۆ لە پلاستیك چێ نەکرا بێ؟ ئەگەر ئێستە بیەوێ بچێتە دەرێ، چۆن لەو پەنجەرە بچووکە دەردەچێ؟ دوو سێ جاران کشەکشم لێکرد سوودی نەبوو، لەپڕ دەرگای زیندانەکە کرایەوە. باڵندەکە خۆی کرد بە کونی پەنجەرەکە،

کوڕێکی گەنج بە جلی سەربازییەوە، بەسەرسوڕمانەوە سەیرێکی کردم، بەئاماژە پرسیاری ئەوەی لێکردم (ها چ رووی داوە، ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟!) نەمزانی چۆن چۆنی تێی بگەێنم، کە باڵندەیەکی لەو جۆرەی بینیم لە پەنجەرەکە هاتە ژوورەوە، ناچار بووم بە دەست و چاوم تێی بگەێنم کە هیچ نەبووە، کەچی ئەو بە گومانەوە بە دەوری مندا سوڕایەوە و چەند جارێکیش لە پەنجەرەکەی سەرەوە راما، بەڵام هیچی دیکەی نەوت، بەرلەوەی بچێتە دەرەوە، دیسان بە ئیشارەت پێم وت، کە دەمەوێ میز بکەم، کەچی دەرگاکەی بەروومدا پێوەداو رۆیشت، جارێکی دیکە لەسەرخۆ لە دەرگاکەم دا، دوای کەمێکی دیکە گەڕایەوە، دەرگاکەی کردەوەو داوای لێکردم بەو پەڕۆیەی کە بە دەستییەوە بوو، هەردوو چاوم بگرم، پەڕۆیەکەم لێوەرگرت، خستمە سەر هەردوو چاوم، پێدەچوو باوەڕ بە بەستنەکەی من نەکا، خۆی لە پشتەوە گرێیەکی توندی لێدا. لە ژوورەکە دەری هێنام، تا گەیشتینە ناو ئاودەستەکە دەستی بەرنەدام، لەوێ بۆ خۆی پەڕۆیەکەی لەسەر چاوم لابرد و دەرگای ئاودەستەکەشی لەسەرم پێوەدا، ئاودەستەکە لە ژووری زیندان زۆر رووناکتر بوو، لەوێ زیاتر هەستم بە ئازادی دەکرد، لەگەڵ ئەوەی بۆنی خەستی پاشەڕۆکان وڕ و کاسی دەکردی، بەڵام هێشتا، لە نەفەسی نێو زیندان خۆشتر بوو، لەوێ گوێم لە دەنگی خەڵك دەبوو، هاژەی

ئۆتۆمبێلەکانی ناو شارت بە ئاسانی دەژنەفت، گوێت لە تەڕەفرۆش و دەنگی دووری شوفێرەکان بۆ پەیداکردنی نەفەرەکانیان دەبوو.ماوەیەك هەستم دەکرد بەنێو بازاڕدا هاتوچۆ دەکەم، لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا، دۆست و هاوڕێکانم دەبینم، هەواڵی گرتنی خۆمیان بۆ باس دەکەم، بۆنی ئاروو، تەماتە، پیاز و گۆشتی برژاو دەکەم، لەنێو ئاودەستەکە گوێم لێ بوو، کەسێك وەك لە گۆڕەپانێك وێستا بێ، هاواری دەکرد (دنیا خەراپ بووە..کەس نەماوە..شارەکەش سووتێنراوە!!)

(دەبێ چی بووبێ، حەتمەن کارەساتێك روویداوە شارێك وێران کراوە لە دڵەوە حەزم دەکرد ئەو زیندانەی منی تێدابووم، بەفڕۆکەکانی عێراق بۆردومان بکرێ، بیرم دەکردەوە، ئەگەر شتی وا رووبدا رەنگبێ شانسی ئەوەم پێ ببڕێ، خۆم قورتارکەم، مەگەر بە رووداوێکی ئاوا بتوانم، لەو کونە سەیە هەڵبێم، سەیرە بۆ نایێن ئەم جێگایانە بۆردومان بکەن بۆ دەچن ناو شار و شوێنە قەرەباڵغەکان وێران دەکەن؟ دیسان گوێم لێ بوو پیاوێك بە ئەسەفەوە ناوی هەڵەبجەی دەهێنا. ئەوکات لەوە گەیشتم کە رەنگبێ هەڵەبجە بۆردومان کرابێ. لەدوورەوە دەنگی مەلای مزگەوتەکان دەهات، بەڵام هیچی لێ تێنەدەگەیشتم. هەستم دەکرد بازاڕ زۆر شڵەژاوە، لەدڵی خۆمدا وتم: (دەی خودایە، تێکوپێکی بدەی، خۆ ئێستە ئێرە بۆردومان بکرێ، کەس بە کەس

نابێ، تولە ڕێگایەك هەر دەدۆزمەوە خۆمی پێدا بکەم، ئەوکات کێ بەکێ رادەگا، هەر بابای دەیەوێ لەم دۆزەخە رزگاری بێ. تۆ بڵێی لەو ساتەدا ئەوانەی ئەشکەنجەی خەڵك دەدەن لەنێو ئەو پاشاگەردانییەدا بکارن خۆیان وەشێرن؟ بۆ کوێ دەچن، بەڵام کێ دەیانناسێ، چما لێ دەگەڕێن دەموچاوی ئەو کەسانە ببینین کە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا دەکەن؟) من نەمدەزانی چەند لە ئاودەستەکەدا مابوومەوە، خولەکێك بوو یان دوو یاخۆ سێ، گرینگ ئەوەبوو، کە پاسەوانەکە لە دەرگاکەی دا، خێرا هەڵسامەوە، شەرواڵەکەم هەڵکێشایەوە و خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوەی هەردوو چاوم ببەستمەوە و لەوێ دەرچم...من نەمدەزانی دەمژمێر چەندە و چەند شەمەیە و چەندی مانگە، سێ ژەمی نانخواردن، ساتەکانی رۆژ و ئێوارە داهاتنی بۆم دەردەخست، تۆ دەبوایە زۆرینەی وەختەکانی نێو زیندانی تاکەکەسیی بە خەوتن ببەیتە سەر، یان هەر لەنێو زیندان مەراقت لە شتێك دابا و ئیدی بەدوایدا چووبای، من خۆم بە بەرزایی بەژنی خۆم هەموو وردە بەردی نێو دیواری چیمەنتۆکراوی ژوورەکەم ژماردبوو، زۆرجار لە سفرەوە دەستم پێ دەکردەوە، هەندێ جاریش هەر خۆم حەزم دەکرد لە ژماردنەکەدا هەڵەیەك بکەم، بۆ ئەوەی دیسان دەست پێ بکەمەوە. زۆرم هەوڵدەدا ریزە داوەکانی ئەو بەتانییە رەش و چڵکنەش بژمێرم، کە بۆ بەخۆدادان لەوێ دانرابوو، بە نووکی قەڵەم

جافێك كە لە یەكەم ڕۆژەوە بۆیان هێنام دەمژماردن. ئەو قەڵەمە لەزەتێكی زۆری پێ دەبەخشیم، هەر لەخۆیەوە ببووە هاوڕێم و دڵم پێی خۆش دەبوو، زۆرجار لەخۆمەوە دەرم دەهێنا و بە خەیاڵ لەسەر كاغەز شتێكم دەنووسی. ڕۆژێك هەر ئەو كەسەی لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا دەكردم، پێمی وت:

- حەز دەكەیت، دەفتەرێكت بۆ بێنم؟

منیش وەك ئەوەی شتێكم لێ ونبووبێ و بۆم بدۆزنەوە، هەر زوو وتم:

- زۆر سوپاس، مەمنوونتم!

من كە چاوم لە شوختێكی دیوارەكە گیر دەكرد، بە دەیان شوختی دیكەم دەدۆزییەوە، وەك تولە ڕێگای بەناو یەكداچوو، بەنێویاندا تێدەپەڕیم. هەر لەخۆیانەوە دەبوونە دیمەنی سەیر و سەمەرە، جاری وا هەبوو وێنەی سەگێكم بەدی دەكرد، لەپڕ دەبووە سەری مانگا. كەمێكی دیكە لێی ورد دەبوومەوە، كەللە سەری مرۆڤێكم دەدی هێندە نەدەما لەگەڵم بكەوێتە قسان. بەم چاوانەم، بەو هەموو هێڵە خوار و خێچانەی سەر دیوارەكە، دیمەنی ئافرەتێكم نەخشاند، هەر خۆم واملێكرد لەگەڵم بدوێ، سەرەتا بەچاو ئیشارەتی پێ دەدام، دواجار دەستەكانیشم بۆ دروستكردن. بە وردی دیقەتم دەدایێ. سەیربوو ئەو چاوانەی سەیریان دەكردم چاوەكانی"تارا"بوون، هێندە لێیان ورد دەبوومەوە، وردە

دەمارەکانی دەوروبەری بیلبیلەی چاوەکانیشم دەدیتن. ئەو فرمێسکانەشم دەهاتنە بەرچاو، کە بێ وەستان دەڕژانە سەر گۆنای. لێی دەپاڕامەوە کە نەگری. پێم دەوت من ئێرە هەر جێ دەهێڵم، کەچی ئەو زیاتر بۆم دەگریا. منیش لە حەژمەتی ڕۆندکانی ئەو، هورژمی گریان جەستەمی دادەگرت. لەگەڵ دەرچوونی فرمێسکەکانی چاوم، هەموو شتێك لێڵ و تەڵخاوی دەهاتنە بەرچاو. جارێکی دیکە تەقەلاّم دەدایە خۆ، بۆ ئەوەی لەسەر رووی دیوارەکە، شتی دیکە ببینم. تێڕامانەکانم قووڵتر و تیژتر دەبوونەوە. لە چەند خاڵێك و هەندێ شوختی تێکەڵ و پێکەڵی دیکەدا، باوکمم بینی خۆی لە پشت بەردێکەوە مەڵاس دابوو. بە ترسەوە لە نیگا پەشێوەکانی من رادەما. دیمەنەکە دەگۆڕا و دەبووە دایکم، بە قژ رنینەوە، بەغار بۆ لای تەرمی لەوێ فڕێدراوم، رایدەکرد. دوو تولە رێگا، لەبەرچاوم بوونە دوو ماری لێکئالاّو، ئاشق و ماشقە. بەدیتنی مارەکان دەپرینگامەوە. لە منداڵیش زۆر لە مار دەترسام، خەونە هەرە ترسناکەکانم، بە مارەوە دەدیتن. دەبوایە لەو خەونانەمدا، مارێك هەر پێوەم بدا. بە چاوی خۆم مردنی خۆمم دەبینی، هەستم بە دەرچوونی رۆحم دەکرد. ژەنگی سەر دەرگای زیندانەکە هەر لەو زەوییە دەچوو، کە لە رۆژی بەفربارینداا بۆ تەپکە دانانەوە، خاوێنمان دەکردەوە. بەفر هەموو تەمەنی منداڵییمانی لەگەڵ توانەوەی خۆیدا برد. ئێمەی

منداڵ، هیچ جیاوازییەکمان لەگەڵ ئاژەڵە بەرەڵاکانی دەوروبەری شار نەبوو. راستە ئێمە ماڵێکمان هەبوو، بەڵام کۆڵانەکان بۆ منداڵان ماڵێکی خۆشتر بوون. کە بەفر دەباری، حەزمان لێ بوو هەر بباریێ. دڵمان بەوە خۆشبوو بەفرێکی زۆر تەپڵی سەرمان داپۆشێ. پێمان خۆشبوو بەفری هەموو کۆڵانەکانی شار و دۆڵ و عاسێکانی دەوروبەرمان بشێلین، ئەوکات بگەڕێینەوە. زۆرینەی جارانیش هەر وامان دەکرد، کە جەستەمان شەلاڵی بەفر و ئاو دەبوو، نەدەگەڕاینەوە ماڵێ، دەترساین دارکاری بکرێین، بە ناچاری دەچووینە سەربان. لە نێزیك دووکەڵکێشەکە دادەنیشتین، دەست و پەنجەمان گەرم دەکردەوە، پڕ بە سییەکانمان بۆنی سووتانی دارەکانمان هەڵدەمشت. قەت ئەو خەونەمان نەهاتەدی، کە لەوبەر خەرەندەوە بە ئاسانی بەسەر بەفردا بپەڕینەوە ئەوبەر. خەرەند نەك هەر بەفری هەموو دنیای قوت دەدا، بگرە ناوە ناوە کەسانێکیشی بۆ خوارەوە رادەکێشا و نقوومی هەناوی خۆی دەکرد، کە لە نهێنی و سەختییەکانی ئەو کەندەلانە عاسێ و هەزار بە هەزارە شارەزا نەبوون. ئێمەی منداڵ کە لەخەرەند نێزیك دەبووینەوە گوێمان لە پاشماوەی دەنگی ئەو مردووانەش دەبوو، کە لە کاتی رۆچوون و بەربوونەوەیاندا لە دوایانەوە بەجێدەما...تۆ دیقەت بدە، ئەو بەتانییە کۆن و چڵکنەی نێو زیندان، لە کۆنبوونیدا وەك لۆچبوونی دەموچاوی پیرەمێردێکی لێهاتووە، لە بێ تاقەتیدا شل و خاو، ئەو

هەموو قەد و چاڵەی تێکەوتووە، هەر لە شاخێکی وشك و برینگی، وشکە ساڵیی دەچێ. تۆ وەرە ئەو بەتانییە بەخۆت دادە و بخەوە. ئێمە کە لە شاخ بووین، دروست لە بارەگەکەمان، بەتانییەکی وای لێ بوو، لە پەنای دیوارێکی رووخاوی خانووێك فڕێ درابوو. رەنگبێ پاشماوەی فڕێدراوی خەڵکی ئەو گوندە بووبێ، کە بە زۆر راگوێزرابوونەوە شار، ئێمەش لە رۆخ کەلاوەکانی گوندەکە بارەگەیەکمان چێکردبوو. ئەو پەتووە، هێندە کۆن دیار بوو، قەوارەکەی بەقەد تۆپێکی لێهاتبوو. زۆر جاران پشیلە و سەگەکانی ئەو ناوە، کە ئەوانیش دەربەدەر کرابوون و بە هاتنی ئێمە بۆ ئەو ناوە، گەڕابوونەوە. خۆیان لەنێو ئەو بەتانییە دەشاردەوە و ببووە ئامرازێك بۆ یاریکردن. من بە جۆرێکی دیکە لە یارییەکانی ئەو سەگ و پشیلانە تێ دەگەیشتم. زۆر بەجدی بەو هاوڕێیانەم دەگوت، کە لە بارەگەکەدا پێکەوە بووین، ئازاری ئەو پشیلە و سەگانە مەدەن، ئەو پەتووە کۆنە فڕێ مەدەن! ئەوان لە مەبەستی من تێ نەدەگەیشتن، تا رۆژێکیان زۆر بەجوانی مەبەستی خۆمم بۆ هەندێکیان روونکردەوە و وتم:

- ئەو پەتووە، گەمە نییە! ئەوە مێژووی یادگارییەکانی ئەو سەگ و پشیلانەیە، کە لێرەن!

کەچی ئەو هاوڕێیانە نەك هەر بەتانییەکە، بگرە سەگ و پشیلەکانیشیان لەو ناوە دوورخستنەوە! ئەوان باوەڕیان نەدەکرد،

که ڕۆژێ دادێ، ئەو پشیلە و سەگانە دێنەوە، بەڵام ئەوجارەیان وەکو جاران ڕەفتار ناکەن! لە نیوە شەوەکاندا، ئەو کاتانەی لە پرخەی خەوداین، بەسەرماندا دەدەن! نارەحەتمان دەکەن.

- سەران وڕێنان دەکا!

زۆرجار ئەو قسەیان پێ دەوتم، بەڵام هێندەی نەبرد، سەگ و پشیلەکان، هاتنەوە. دەچوونە هەمان ئەو شوێنەی کە کەلاوەی خانووەکانی پێشووی لێ بە جێ مابوو، لەوێ وەکو جاران بەزمی خۆیان دەکرد. شەوانەش لێ نەدەگەڕان، تۆزقاڵێك پشوو بدەین.. ئەو بەتانییەی کە ئێستە لە تەنیشتمەوە دانراوە، هەر لەو بەتانییە دەکا، کە سەگ و پشیلەکان یارییان پێ دەکرد، بەڵام نە ئەو بەتانییە هێندە گەورەیە و نە منیش هێندە بچووکم وەك ئەوان، تا بتوانم بەخۆمی دادەم یاخۆ خۆمی پێ خەریك بکەم. ئەو پەتووە هیچ یادگارییەکی منی لەخۆدا هەڵنەگرتبوو. ڕاستە لە داهاتوودا دەبێتە بەشێك لە ژیانی من و هی ئەوانەش کە پێش من لێرە بوون. بەتانی بۆنی هەمووومان هەڵدەگرێ. ئەگەر چەند ساڵێکی دیکە ئێرەش ببێتە کەلاوە و ئێمە بێرەدا گوزەر بکەین و ئەو بەتانییە لێرە جێ بهێڵین، کەس ناتوانێ بۆنی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. بۆنەکان تێکەڵ بە یەکدی دەبن و بۆنێکی دیکەی لێ چێ دەبێ. ڕەنگەکانیش وەك خۆیان نامێننەوە و دەگۆڕێن، کەچی ئەو سەگ و پشیلانەی شاخ، دوای ئەو هەموو ساڵەی کۆڕەوپێکردنیان بۆ

شاخەکان و بەکێویی بوونیان، بۆنی ئەو بەتانییە کەونەی نێو کەلاوەی خۆیان، رایاندەکێشێتەوە...من کە سەیری ئەو بەتانییەی تەنیشت خۆمم دەکرد، قێزم لێی دەبۆوە. بە بۆنە خەست و قورسەکەی هەردوو چاوم ئاویان تێ دەزیا. بە نووکی پێم لە دەرگاکەم دا، دوایی دامە بەر پێلەقان. گوێم لێ بوو پاسەوانەکە بلەز، تەپ، تەپ، تەپ، گەیشتە پشت دەرگاکە. شیشی پشتەوەی راکێشا و دەرگاکەی بەڕوومدا کردەوە. بە تووڕەییەکی تژی لە ترس و نیگەرانییەوە وتی:

- چییە، شێت بووی؟!

دەستێکم بۆ بەتانییەکە درێژ کرد و وتم:

- ئەم بەتانییەم بۆ بگۆڕە، بۆنێکی پیسی لێ دێ!!

کابرا لێم تێگەیشت. رووخساری تووڕەبووی خۆی گۆڕی و بە بزەیەکەوە وتی:

- باشە.. لەسەرخۆ!

گەر بتەوێ ئەو پاسەوانەی پشت دەرگای زیندانەکە بۆ لای خۆت راکێشی، یان بۆ ساتێك هاوسۆزت بێ، گەرەکە لەو دنیایە دایبڕێنی. ئەو پاسەوانە گوێچکەکانی تەنیا بە گەف و هەڕەشە و ئەمر و نەهی راهێنراون. دەبێ ئەو گوێچکانە بە نەرمە مۆسیقایەکی خەیاڵیی لەسەر ڕەزمی داباریینی لەتە پەمۆکانی ئاسمان، ئاشنا بکەیت. تارەکانی ئەو مۆسیقایە دەبێ بە پەنجەکانی

ڕۆحێکی بەدەر لە دۆستایەتی کردنی خوێن، بژەنرێن. تۆ دەتوانی پاسەوانێکی چاوبرسی بۆ گۆشتی جەستە هەلاهەلابووەکەت بەو مۆسیقایە وەسەما بخەی. وای لێ بکەی روو لە جاڕەکانی مارشی شەڕ وەرگێڕێ. هێدی هێدی لەسەر پەنجەی پێیەکانی، بالێی خونچە تازە پشکوتووەکان نمایش بکا. من خۆم زۆرینەی کاتەکانی زیندانم بە سەفەری خەیاڵ بۆ هەموو ئەو سەرزەمینانە بەڕێکردووە، کە کەس پێیدا نەڕۆیشتبوو. بەو دەشت و زورگ و تەلان و شاخانە هەڵدەگەڕام، کە هیچ چاوێك نەیبینیبوون. بەنێو ئەو جۆگە و رووبار و دەریایانە تێدەپەڕیم، کەس خەونی پێیانەوە نەدیبوو. راستە من لەنێو سێ دیوار و دەرگایەکی درێژ، بەقەد ئەو پاسەوانە بالآبەرزەی، کە لە بناری چیاکانی خۆراسانەوە پەلکێشی ئەوێ کرابوو، ئاخنرابووم. دڵنیابووم هەر کیژۆڵەیەك لە بالآی ئەو کوڕە خۆراسانییەی روانی بێت، حەزی کردووە خۆی پێ هەڵبواسێ. هەر کچێك لەو سەرزەمینەی ئەوێ ئەو پاسەوانەی بەر دەرگای زیندانەکەمی بینیبێ خەونی بە چاوە هەنگوینی و بزەشیرینەکانی بینیوە. من هەرچەند لەو پاسەوانە ورد دەبوومەوە، هەستم دەکرد گریانێك نێوە راستی قوڕگی داگرتووە. چاوەکانی وێڵ و سەرگەردان خۆیان دەنواند، دەتوت بەدوای ئەو حەزانە رادەکەن، کە زەمەنێکە لێیان زەوتکراوە. من ئەو کاتانەی بۆ خۆم و لەسەرخۆ گۆرانیم دەچڕی، هەستم دەکرد بە حەز و حەماسەتەوە گوێ لە شێوەی

گوتنەکەم دەگرێ. ئەو لەلای من نەیدەشاردەوە و دەیوت (کوردم، بەڵام نازانم ئێستە بۆچی فارسم!) حەزی دەکرد هەندێك وشەی کوردی لەمنەوە فێربێ. من لەو سیحرە تێ نەدەگەیشتم بۆچی هەر وشەیەکم فێر دەکرد هەردوو چاوی پڕ دەبوون لە ڕۆندکان؟ نەمدەزانی ئەوە لە خۆشیی ئاشنابوونی بوو بە پەیڤە نوێیەکان یان هەستی هاونەتەوەیی بوو، کە حەزی دەکرد یارمەتیم بدا؟ کەچی نەیدەتوانی هیچ شتێکم بۆ بکا. ئەو کوڕە لە چاوەکانیدا ژەنینی مۆسیقایەکی خەمگینم دەبیست. لە بیستنی گۆرانییەکانمدا گوێچکەی ئاژەڵە سرك و کێویەکانم دەبینی، من ڕۆژێکیان پێم وت:

--- ئاغای محەمەدی بۆچی کە سترانت بۆ دەبێژم خەیاڵ دەتباتەوە؟

(محەمەدی پورزادە) بەو قسەیە سەراپای جەستەی لە بێدەنگیدا نقووم بوو. کە پێم وت:

- چییە برادەر؟

سەری بێزاریی بۆم بادا. لەوە دەچوو هەواڵێکی ناخۆشی پێبێ، وەك ئەوەی هەواڵەکە تایبەت بەخۆی بێ و بیەوێ منیش بەشداریی بکەم. بۆ جاری دووەم، کە لێم پرسییەوە خێرا راست و چەپ ئاوڕێکی دایەوە و بە پەلە وتی:

- ئاگاداری، هەڵەبجە، تەواو!

من وەك ئەوەی ئەو هەواڵە بە نیوە چڵی بكەوێتە بەر گوێم وتم:

- ئاغای محەمەدی یانی چی تەواو؟

نەیتوانی ئەوەی لە دڵیدا مابوو بۆمی باس بكات، بەڵام بەدەست و پەنجەكانی وەك ئەوەی مارشێكی شەڕ و وێرانكاریم بەگوێدا بدا، تێی گەیاندم مەرگ میوانی ئەو دەڤەرە بووە و ژەهر لە ئاسمانەوە باریوەتە سەر شارەكە و خەڵكەكەی راپێچی كێڵگەكانی مەرگ كردووە. من لەو پەنجانەی پاسەوانەكەوە، كە بەنهێنی سەیرم دەكردن، رق و ئازارێكی زۆرم تیادا بەدی دەكردن. من لە دواییدا لەنێو زیندان تەنیا بەڕێی دەنگە زەبەلاحەكانی موكەبیرەی مزگەوتەكانەوە، گوێبیستی ئەو هەواڵە بووم، بەڵام هێشتا هەر وەك خەبەرێك وابوو، كەچی ئەوەی پاسەوانەكە پێی وتم شتێكی دیكە بوو، من مەرگی هەزاران كەسم لە پانتایی سەر و سیمای ئەو كوڕە و وشەی (هەڵەبجە تەواو)دا بەدی دەكرد. لە چاوە پڕ ئەسرینەكانیدا گریانی سەدان و هەزاران لەو چاوە پڕ ترس و پەشۆكاو و نیگەرانبووانەم دەبینی، كە لە دۆڵ و عاسێكانی ئەو دەڤەرە بەدوای ئازیزەكانیاندا دەگەڕان. قوڕگی پڕ گریانی ئەو پاسەوانە، نێزیك بوونەوەی مەرگی هەموویانی نیشان دەدام. داوام لە پاسەوان كرد، كە كاغەز و قەڵەمێكم بۆ بێنێ. ئەو نەیوێرا بەڵێنم پێ بدا. بەسەر ئاماژەی (ئەرێ و نەرێی) بۆ كردم. من پێم

وت: (تا لێپرساوەکەت نەهاتۆتەوە، دەتوانی گۆرانییەکم بۆ بڵێی؟) من لە چاوەکانیدا زۆر شتانم دەخوێندەوە. لەخۆمەوە ئەو داوایەم لێ نەکرد. چەند جارێك لە دوورەوە گوێم لەدەنگە پڕ نائومێدەکانی ببوو، ئەویش بە دزی گۆرانی دەچڕی، بە دزیش گوێی لە گۆرانییە دەنگ نزمەکانی من دەگرت. من هێندێك لەوە دڵنیا بووم، کە ئەگەر ئەو پاسەوانە شتێکی بەدەست بوایە، یان لە تەمەنێکی هەرزەکاری سەرەڕۆ بوایە، رەنگبوو نەخشەی ئازادکردنی منی دارِشتبا و بۆ هەر کوێش بمویستایە لەگەڵم دەهات. ئاغای محەمەدی هەر لەپشت دەرگای زیندانەکەوە، داواکەمی قبووڵکرد و لەسەرخۆش دەنگە بەسۆزەکەی لە کەلێنی چوارچێوەی دەرگاکەوە دەناردە ژوورەوە. منیش وەك ئەوەی لە کۆنسێرتێکی دەنگ غەریبەکانی سەرزەمینی خەیاڵ دانیشتبم، هەموو ئەندامەکانی لەشم ببوونە گوێچکەیەکی زیت و ماتبوو. بێ ئەوەی گوێم لە دەنگی هەناسەی خۆم بێت، هەستم دەکرد لەگەڵ ئاواز و پەیڤان، دەرگا بەستراوەکانی رۆحم دەبنەوە. لە رۆخی رووبارێکی مەزندا، کە بەهێمنی بەدەشتێکی بێ گرێوگۆڵدا تێدەپەڕی، لەهەموو لایەکەوە لەرێگای گوێچکەکانی جەستەمەوە، لە لقەکانی راست و چەپی رووبارەوە، ئاوێکی ساف دەڕژایە نێو لەشم و چڵکەکانی رۆحمی دەشووشتەوە و بیابانی گەورەی دڵمی تەڕ دەکرد. هەستم دەکرد پەنجە نەرمەکانی دەستێکی گەرم بەسەر

روومەتمدا تێدەپەڕن. ئاغای محەمەدی خەریك بوو گۆرانییەکەی بەرەو تەواوبوون دەچوو. لەسەرخۆ لە دەرگاکەم داو پێم وت:

- بیڵێوە تو خودا!

ئاغای محەمەدی، کە ئەمجارە لە جاران خۆشتر گۆرانییەکەی دەچڕی، هەموو پەیڤەکان، ئاواز و ئەدای گوتنەکان، لەسەر لاپەڕە هەورییەکانی خەیاڵم جێگیر بوون. رۆژی دوایی بە نهێنی هەمان گۆرانیم هەر بە زمانی فارسی بۆ ئاغای محەمەدی گوتەوە:

دنیایێ زیندوونی، دیوارە
زیندوونی ئەز دیوار بیزارە
هەوایێ قەفەس کوشەندەست
بیرون پڕ ئەز دڕەندەست
کوجا بریێ پەڕندە؟

کە لە گوتنی گۆرانییەکە بوومەوە، گوێم لە هەنگاوە ترسئامێز و نیگەرانەکانی پاسەوانەکە بوو، هەر لەوە دەچوو هێزی موگناتیسێك بۆ لای خۆی پەلکێشی بکات. دنیا کشومات بوو، لەگەڵ ئەوەش سەدای گۆرانییەکە وەك ئەوەی لە قووڵایی زیندانێکی دیکەدا بێتە دەرێ، بەنێو دەروونمدا گوزەری دەکرد. بیرم لە وشەکانی شیعرەکە دەکردەوە. بێزاری، هەوا، قەفەس، بۆگەنی، دڕندە، باڵندە، هەموویان لەنێو هەر چوار دیواری زیندانەکە وجوودیان هەبوو. چاوم لە هەرکوێی دیوارەکان دەکرد، ئەو باڵندانەی لەوێ بوون بەدوای

هەناسەدانێكی پاكدا رایاندەكرد. دەیان كەللە سەرم دەبینی، كە لەپێش منەوە لەنێو قەڵەشتی دیوارەكان بەجێ مابوون. هەناسەی بۆگەنیان هەڵدەكێشا. خۆمم بینی، كە چۆن لە ترسی ژەهراوی بوونی هەوا، هەڵكشابوومە نێزیك میچەكەوە. سەرم لەنێو پەنجەرە بچووكەكە بردبووە دەرێ. لەگەڵ باڵندەكانی دەرەوە قسانم دەكرد. هەستم دەكرد لەنێو كۆمەڵێك لاشەی تۆپیوو فڕێدراوم، نەك هەر توانای ئەوەم نەبوو لە شوێن خۆم ڕبم، بگرە ناچاریش بووم بۆنی گەنیوی هەموویان بگوازمەوە نێو سییەكانم. من توند خۆم بەدیوارەكەوە نووساندبوو، دەتوت دەمەوێ لە ترسی دڕندەیەكی كێوی بچمە نێویەوە. چاوم بڕیبووە دەرگاكە. خەیاڵم بۆ ئەوە چوو، كە كێ دەڵێ ئەو كوڕە خۆرەسانییە خەریكی ئەوە نییە رزگارم بكات. هەر خۆیشم گاڵتەم بەو خەیاڵە دەهات. لەپڕ ئەوەم بەمێشكدا هات، كە ئەو بێدەنگییەی نێو زیندان و پشت زیندانەكە، نیشانەی خۆئامادەكردنێكی لێپرسراوانی ئەوێیە، بۆ بانگكردنێكی دیكەم و ئەشكەنجەدانێكی دیكە، ئەو بێدەنگییە تەزووێكی ترسناكی بەنێو جەستەمدا تێپەڕاند. هاتەوە بەر چاوم، كە چۆن ئەمجارە فەلاقەم دەكەن، بە پانكەیەكەوە هەڵمدەواسن و ناوە ناوەش لەسەرم هاوار دەكەن:

- دەی خێراكە، ئەوەی هەتە بیڵێ!!

خۆشم نازانم بۆچی خێراییەکانی زەمەنی خەیاڵ بردمییەوە، سەردەمی منداڵییم. ئەو کاتەی لە پۆلی چوارەمی سەرەتایدا بووم، لە رۆژێکی بەفر باریندا لە گەرمەی شەڕە بەفری زارۆکاندا، تۆپەڵە بەفرێك بەنێو چاوانی مامۆستایەکمان کەوت. ئێستەش نەمزانی بۆ بەسەر منیان داهێنا. هەر ئەو رۆژەش لەبەر ئەو تاوانە منیان بە پانکەی ژووری مامۆستاکان هەڵواسی، لەگەڵیاندا چەند شولکە دارێکیشم بەرکەوت، من دڵنیابووم، کە ئەگەر ئەوجارە بمبەنە ژووری ئەشکەنجە، وام لێدەکەنەوە. بیرم کردەوە دەبێ رێگایەك بدۆزمەوە خۆم لەو ئازارە ترسناکە دووربخەمەوە، یەکسەر پەنجەیەکم لە قورگم بردە خوارێ و هێڵنجێکی توند هەموو گیانمی هەڵتەکاند، دەنگێك لە دەممەوە هاتەدەرێ هەر لەوە دەچوو، بەردێکی گەورە بەنێوەراستی پشتم بکەوێ...لەپڕ گوێم لە تەپە تەپی هەنگاوە خێراکانی پاسەوانەکە بوو، بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکا دەرگاکەی کردەوە و تەماشایەکی کردم و بەسەر سوڕمانەوە وتی:

- چییە؟!

- دەڕشێمەوە!

هەر کە پاسەوانەکە منی بینی، بە پەشۆکاوی منی جێهێشت و غاریدا. نەمزانی چ مەبەستێك لە دوای ئەم غاردانەیدا هەبوو. بیرم بۆ ئەوە چوو دکتۆرێکم بۆ بێنێ. چەند جارێکی دیکەش هەوڵمدا خۆم بڕشێنمەوە، کەچی تەنیا هێڵنجی توونـد و

بەدەنگم دەهاتیْ. خۆم وا دەردەخست، کە تووشی زگ ئێشانێکی زۆر هاتووم. دووجارانیش سەرم بە دیوارەکەدا کێشا و خۆم لە هۆش خۆم برد. زانیم کەسێکی دیکە بە غەیری پاسەوان لە تەنیشتمەوە دانیشتووە. کەسەکە دەستی چەپمی بەرز کردەوە، دیاربوو ترپەکانی دڵمی دەژمارد. من بەردەوام بووم لە گرژکردنەوەی هەموو جەستەم. وام نیشان دەدا کە ئازاری سکم هەیە، کەسەکە دەنگی هەر لەو لێکۆڵەرەوە دەچوو، کە چەند جارێکی دیکە قسەی لەگەڵ کردووم. بە پاسەوانەکەی وت:

- نیوەڕۆ چی خواردووە؟

- برنج و گۆشت.

کابرا لەوە دەچوو بڕوای تەواوی بە تێکچوونی تەندروستیم کردبیْ، بلەز هەڵسایەوە و بە پاسەوانەکەی وت (دەبیْ بیبەینە نەخۆشخانە) هەستم کرد کابرا بە پەلە ئێمەی جێهێشت. پاسەوانەکە لە نێزیك سەرمەوە لەسەر چیچکان دانیشت. دوو سیْ جار بانگی کردم. بە ئەنقەست وەڵامیم نەداوە. داوای لێکردم هەڵبستمەوە و خۆم ئامادە بکەم بۆ نەخۆشخانە، کە بینی توانای هەڵسانەوەم نەماوە، بە هەردوو دەستی منی بەرزکردەوە، کە چاوم کردەوە، لە گۆشەی هەردوو چاوی پاسەوانەکە، دوو فرمێسکی قەتیسماوم بینی. نازانم بۆ ئەو رۆژەم هاتەوە بیر، کە من و دایکم بە هاوکاری برادەرێك، کە خاوەن تەکسییەك بوو، لە ئاخرین خاڵی

پشکنینی سەربازانی عێراق، لەسەر پردی (حافیز) بۆ پشکنین هاتینە خوارێ. جێگری ئەفسەرێك، کە پیاوێکی رەشتاڵەی ورگنی بە ئەزموون بوو، لێمان هاتە پێشێ، نیگاکانی لەدوورٍ چاوم چەقین. بە دەمیش پێی وتم:

- ناسنامەکەت!

منیش، کە لەزمانی عەرەبیدا کێشەیەکی ئەوتۆم نەبوو، بێ ئەوەی بشڵەژێم، ناسنامەی زانکۆم پێدا، چەند جارێك سەیری وێنەکەمی کرد، پاشان لەمن رادەما. هەستم دەکرد ئەو چەند خولەکەی راوەستانمان، منی خستبووە فەزایەکی ترسناك، بەڵام نەمدەهێشت ئەو ترسە لە سەروسیمام بەدی بکات، بەر لەوەی ناسنامەکەم بداتەوە، لێمی پرسی، (ئەو ژنەی لەگەڵتدایە کێیە؟) منیش یەکسەر وتم (دایکمە). جێگری ئەفسەرەکە چووە ژوورێك، کە لەبەرچاوی من تاریك دیاربوو، من و دایکم هەر لەوێ وەستابووین، دایکم زۆر لە من بوێرتر و بێ منەتتر دەهاتە بەرچاو. ئێمە رێککەوتبووین، کە مەبەستمانە بچینە کوێ و بۆچی دەچینە ئەو شوێنە، ئەو کاتەش کە جێگری ئەفسەرەکە لێمی پرسی (دەچنە کوێ؟) بێ هیچ دوودڵییەك وتم (دەرگاڵە)، ئەوان دەیانزانی ئەو گوندە بەدەست پێشمەرگەوەیە، بەڵام مەرج نەبوو ئەوەی بچێتە ئەوێ، تەنیا بۆ سەردانی پێشمەرگەکان بچێ، یاخۆ شتێکی لەگەڵ ئەوان هەبێ، دوای کەمێك چاوەڕوانی، بۆیان دەرکەوت، کە

ناوی من لەنێو ئەوانە نەبووە، کە لەلای حکوومەتەوە داواکرابوون. ناسنامەکەیان بۆ گەڕاندمەوە. جێگری ئەفسەرەکە خۆی وا دەرخست، کە قەناعەتی بە قسەکانمان هاتووە.حەتمەن ئەویش لە سیمای مندا دەبێ شتێکی ئەوتۆی بەدی نەکردبێ، بۆ رێگرتن لە سەفەرەکەمان. لەگەڵ ئەوەشدا کە خوا حافیزی لێ کردین، دەستێکی لەشانم دا و وتی: (چاوەڕێی گەڕانەوەتانین!). فرمێسکەکانی ئەو پاسەوانەی نێو زیندان، دروست لە هەمان ئەو فرمێسکانەی دەکرد، کە بۆ دوایین جار من و دایکم سەیری یەکدیمان کرد و لەیەکدی جودا بووینەوە. من نازانم دایکم چۆن چۆنی ساتەکانی ئەو رۆژەی بەڕێ کردن، بەڵام بۆ من تا گەیشتمە ناو هاوڕێیەکانم، فرمێسك لە چاوەکانم نەدەوەستا. ئاخر کاکی پاسەوان من چیم بۆ غەریبێکی وەك تۆ، تا بە فرمێسك هاوخەمی خۆتم نیشان بدەی؟ ئەگەر بزانی ئەوەی من ئێستە دەیکەم، هەمووی نمایشێکە و درۆ لەنێو درۆ. چیم پێدەڵێی؟ من ئەم چوار دیوار و ئەم ژووره تەسکەیە، وایان لێکردم، بیرم بۆ ئەوە بچێ، کە من لەم دنیایەدا ناژیم. من لە شوێنێکدام هەر لەوە دەچێت، ئەستێرەیەکی دوور، منی بۆ خۆی راکێشابێ. من نازانم خەڵکی لە دەرەوەی ئەم دنیایە تەسکە، بە چییەوە خەریکن، بەچی دڵیان خۆشە، بۆچی دەبێ خەڵکانێك لە دەرەوە تا مردن زیندانی بن، هەندێکیش لەم ژووره تەسك و تاریکەدا، لە سفری خەیاڵەوە بۆ

سفری خەیاڵ ژیان ببەنە سەر؟ دەبێ من چیم کردبێ کاکی پاسەوان؟ نەکەی ئەوانی دیکە ئەو فرمێسکانەت ببینن، دەنا چاوەکانت هەڵدەکۆڵن. من ئێستە خۆشم نازانم، بە چ پەرجوویەك لێرە رزگارم دەبێت. تاوانی من تەنیا ئەوەیە، کە سروود و گۆرانییەکانی ئەوانم ئەزبەر نییە. من چۆن بکارم تێت بگەیەنم، کە من چیم و کێم، ساڵهای ساڵە بە دوای چییەوە وێڵم؟ من ئێستە دەمەوێ هەناسەیەکی پڕ دەنگ و هەرای دەرەوەی زیندانی ئینفرادی هەڵبکێشم. دەمەوێ بۆ چەند خوولەکێکیش بێت بۆنی چڵکنی ئەم بەتانییەیە لەناو سینگم بێتە دەرەوە. بەم چاوانەم جارێکی دیکە خەڵکەکە ببینم، کە چۆن بە رێگاوە دەڕۆن، چۆن لەگەڵ یەکدی دەدئاخفن، چۆن شەڕان دەکەن و بە چ شێوەیەك دەگرین و پێدەکەنن؟خەریکە هەموو ئەو شتانەم لە هزران دەچنەوە. من دەمەوێ ئەگەر جەستەیەکی مردووی نێو جێگاش بم، چاوە بزێوەکانی ئەم و ئەو ببینم. دەمەوێ چاوەکانی (تارا) لە پشت بەردە رەنگینەکانی بارەگەکەمان بانگی من بکەن، لێیان بچمە پێش، بە حەسرەتەوە سەیریان بکەم، بە ناسکییەوە پەنجەکانم بەسەر پێڵوەکانیدا تێپەڕێنم، ئەو چاوە گەڕۆك و مەستانەی لەسەر چاوەکانم پشووبدەن. من دەمەوێ کاکی پاسەوان چی دیکە ئەو فرمێسکانەت نەبینم. دەزانم مێژوویێك، کارەساتێکی مەزنی مێژوویی لە پشتی ئەو فرمێسکانەوەیە. ئەوە هەمووی کوردانی

خۆرەسانن، کە لە پانتایی چاوەکانتەوە ریزیان بەستووە، بە چاوە پڕ حەسرەتەکانی تۆوە، ڕۆندکان دەڕێژن. خودایە چۆن بکارم حەقیقەتی ئەم نمایشەمی پێ بڵێم، چۆن بتوانم پێی بڵێم ئەمە تەنیا فێڵێکە و گەرەکمە بمبەنە دەرەوە؟ دەترسم ئەم هەموو پاکییە لێڵ بکەم و چی دیکەش گۆرانیم بۆ نەڵێ! کاکی پاسەوان بێ ئەوەی چاوم ببەستێ، دەستمی گرت و لە پێپیلکەکان بردمییە خوارێ. لە پێشەوەش کابرایەکی زەبەلاحی چوارشانە، کە جلێکی خاکی لەبەردابوو، بە خێرایی هەنگاوی هەڵدەهێنا، پێدەچوو ریشێکی پان و بەرینی هەبێ، چونکە لەلای راست و چەپییەوە دەبینرا، لە شێوەی رۆیشتن و شەقاوە قورسەکانیدا هەستت بە بێ فیزی دەسەلاتدارێك دەکرد، کە لەوپەڕی قودرەتەوە کارێکی بچووك ئەنجام بدا. ئەو پیاوە بێ ئەوەی نیوە ئاوڕێکیش بداتەوە، هەر دەڕۆیی. کە گەیشتە بەردەمی پیکابێکی خاکی بە قوڕ سواخدراو، وێستا و چاوەڕوان بوو تا من و پاسەوانەکەش گەیشتینە لای. بۆ خۆی دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی کردەوە و لەگەڵ پاسەوانەکە منیان سوارکرد. چاوێکم بە دەوری خۆمدا گێڕا. هەستێکی سەیر و نامۆ هەموو گیانمی داگرت. لە ساتەوەختێکی زۆر کەمدا دوو دنیای جیاواز بەبەرچاومدا رەتبوون، جیاوازی نێوان زیندانی تەنیایی و ژیان لە دەرەوەی زیندان. بیرم کردەوە، کە چۆن لە زیندانی تەنیاییدا ژیان لە واتابەخشین و گەورەییدا زۆر بچووك دەبێتەوە.

هەر ئەوەشە وا دەکات کەسی گیراو، مانایەك بۆ بوونی خۆی نەدۆزێتەوە، مەگەر خەیاڵ بە هانایەوە بێت و واتایەکی دیکەی بۆ ژیان پێ ببەخشێ، خۆ خەیاڵیش لە سنووردارکردنی مەوداکانیدا بێبەش نییە. من بۆ خۆم وەنەبێ کەسێکی پڕ خەیاڵ نەبم، بەڵام ئەو خەیاڵەی، کە لە زیندانی تەنیاییدا دەمکا بە گەڕیدەیەکی وێڵ و سەرگەردان، هەمیشە ترسێك راوی دەنێ، قامچییەك بەدوایدا رادەکا، زللەیەك بناگوێی سوور دەکاتەوە، ئاوە ساف و بێگەردەکانی لیڵ دەکا. هەردەم پاسەوانێکی چاوسووری فرمێسك مردوو بۆ پەڕاندنی سەری خەیاڵ لە ئامادە بووندایە. من حەزم دەکرد بە ئارەزووی خۆم زیندانییەکی تەنیاییم هەبووایە، با لەهەر کوێی سەر رووی ئەم زەمینە بێت. من زۆرجار بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵە کتێبێك، بڕیارم دەدا نەچمە هیچ شوێنێکی شارەکەم، چاوم بە هیچ کەسێك نەکەوێ، لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەك، کە زۆریشم حەز لێبوو ئامادە نەبم. زۆرجار نیوە شەوانیش هەر خەریکی خوێندنەوە بووم. هەموو ئەو شەوانەش، کە درەنگ دەخەوتم، دەبوایە دایکم چەند جارێك دەرگای ژوورەکەم بکاتەوە و سەیرێکم بکات، ئەگەر بینیبای لەسەر کتێبەکە خەوم لێکەوتووە، بە ئەسپایی دەهاتە ژوورەوە و پێخەفەکەی پێ دادەدام. من لە دەمی ئەم دایکەم چەند جارێك بیستوومە: (سەران، یان شێت دەبێ، یان کوێر!) بۆ نا؟ دایکم لەوەدا هەقی بوو، ئەی ئەم هەموو

خوێندنەوەیە و شەوخونییە، جۆرێك نەبوو لە شێتێتی؟ ئەگەر چاوەکانم هێندە ماندوو نەکردبان، قەت ئاوا بێهێز دەبوون؟ من بڕوا ناکەم دوای ئەم هەموو ساڵەی ئیشکردن و ئەشکەنجەدانی چاوەکانم، بتوانم رەنگەکان وەکو خۆیان ببینم، سەروسیمای مرۆڤەکان وەك ئەوەی هەن ئاوا بێنە بەرچاوم. من ئێستە شین و مۆر، پەمبە و سوور، زەرد و نارنجی، رەش و نیلی، لێك جیا ناکەمەوە. ئەی ئەمە سەرەتای کوێربوونم نییە؟ئەو هەموو دیمەنە سەیر و سەمەرانەی، کە لەسەر دەر و دیوار، بەرد و دار، دەبینم چین؟ ئەو هەموو خەونە پڕ لە دڕندە و مار و مارمێلکە و مرۆڤی حەوت سەر و خەرەندەکانی پەرمۆدا و ئاوە رەنگاورەنگەکانی کێڵگە و بیابان، بەشوودانی مامزی کێوی بۆ گوێدرێژێ، تاوسیێ بۆ باشوکەییێ، لە شیشدانی بۆق و دیتنی ئەسپە کیسەڵێ، ئەوانە، ئەگەر شێتبوونی نەبن ئەدی چین؟! من ئێستە کە لەنێو ماشێنێك و دوو پاسەوان دانراوم، وا هەست دەکەم سواری پشتی فیلێك بووم، دوو کەسیش لە تەنیشتمەوە لەگەڵ هەنگاوەکانی فیلەکە رێدەکەن بەنێو دارستانێکدا تێ دەپەڕین. لەسەر هەر لقە دارێك کەسێك دانیشتووە و ملی بە ئاراستەی ئێمە شۆڕکردۆتەوە. ئەو حەشامەتەی لەنێو ئەو دارستانەدا دەبینرێن، لەژمار نایێن، ناوەکانیان لە ئاسماندا بەرووی ئێمەدا دێنە خوارەوە و گوێچکەکانمان وڕ و کاس دەکەن. من لەو خەڵکە تێ ناگەم چیان

دەویٚ، من ئەگەرچی لەسەر پشتی ئەو فیلە زەبەلاحەم، کەچی دەستم بە هیچیان راناگا، دەنگم لە دەنگی هیچ یەکێکیان ناکا، هەر کە لە کۆمەڵێکیان نێزیك دەبمەوە، هەموویان دەچنەوە نێو خۆیان تەنیا دووچاوی مۆڵەقیان جیٚ دەمێنیٚ، فیلی زەبەلاح وەك ئاژەڵە شێتەکانی فیلمە ترسناکەکان، بەنێو شاردا سووڕایەوە و شار لەنێو تەپوتۆزی ژێر پێی فیلەکەدا نەدەبینرا، هەموو شتێك لە جووڵە کەوت...لەپڕ گوێم لەدەنگیٚ بوو، بە فارسی پێی وتم: (فەرموو، وەرە خوار.!!) من لەوە تێنەگەیشتم ئەو جێگۆڕکێیە چی بوو بەمنیان کرد. لە پیکابێکەوە بۆ قەمەرەیەکی سپی. بیٚ ئەوەی چاوم ببەستن، دەرگای دواوەی قەمەرەکەیان بۆ کردمەوە، کە سوار بووم، بە شۆفێرەکەوە سیٚ کەسی لەنێو دانیشتبوون. زەلامە ریشدارەکە، کە لە زیندانەوە تا شوێنی قەمەرە وەستاوەکە لەگەڵمان بوو، لێمان هاتە پێش و بە پاسەوانەکانی نێو قەمەرەکەی وت:"زۆرتان ئاگا لە سەران بیٚ، کوڕێکی چاکە. بۆ ئەوانیشم نووسیوە، کە ریٚزی لیٚ بگرن!"هەر لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەوە دەستە زل و زەبەلاحەکەی بۆم درێژکرد و تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم، تۆزقاڵێك مابوو دەمم بکەمەوە و بڵێم:"بۆ کویٚم دەبەن؟"ئەو خێرا لە سیمای من، ئەو پرسیارەی خوێندەوە و هەر زووش وەڵامی دامەوە و وتی: ئینشالاٌ ئازاد دەکرێیت! من بەو قسەیە دڵم خۆش بوو، ئاوڕێکم بۆ لای پیکابەکە

دایەوە، پاسەوانە خۆرەسانییەکەم بینی، دوو چاوی زەقی پڕ لە نیگەرانی و بێ ئومێدیم دیت. دووچاو، کە لەنێو فرمێسکدا غەرقببوون. من هەوڵمدا خۆم کۆنترۆڵ بکەم و نەهێڵم فرمێسك هەڵمەت بۆ چاوەکانم بهێنێ، بەڵاّم لەو کاتەی ئۆتۆمبێلەکە جووڵەی کرد، چەند دڵۆپە فرمێسکێك بارینە سەر پەنجەکانی دەستم، ئەوەی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هیچی نەوت، بەڵاّم وا هاتە بەرچاوم، ئەو فرمێسکانەم یادگارییەکی تاڵی وەبیر هێنابێتەوە. من پێم سەیر بوو، ئەوانە گەرەکیانبوو بۆ کوێم ببەن؟ خۆ من ئەو هەموو نمایش و فیلم دەرهێنانەم، بۆ ئەوەبوو، بمبەنە نەخۆشخانە، کەچی تا ئێستە خەریکە لە شاریش دوور دەکەوینەوە. قسەکانی زەلامە ریشدارەکەم هاتەوە بیر، کە بەر لە ئێستە هیوای ئازادبوونی بۆ خواستم. بیرم کردەوە، کوا نەخۆشخانە لەو چۆڵەوانییە؟ ئەو ڕێگایە دەچێتە شارێکی دیکە، ئەوانە چەند بە نەرمی نەخشەکانیان پیادە دەکەن! بەچ زمانێك لە دۆزەخێکەوە دەتگوازنەوە دۆزەخێکی دیکە. دەبێ ئەمجارە چ زیندانێکم پێ نیشان بدەن؟ ترسێك، وەك هەواڵێکی ناخۆش پەلاماری دام، دەتووت لە خەونێکی ناخۆشەوە، دەچمە نێو خەونێکی ناخۆشتر، جەستەم هەر لەوە دەچوو خوێنی تێدا نەگەڕێ، چاوی نیگەران و پڕ غەریبیم بەو ناوەدا دەگێڕا، هەتا بینایی حوکم بکا، ڕاست و

چەپمان دارستان بوو، دارستانێك چڕوپڕییەکەی بەرادەیەك بوو، واتدەزانی دەریایەکە لە سەوزایی، من کە نەمدەزانی بۆ کوێم دەبەن، نەمدەزانی چ رۆژێکی رەش چاوەڕێم دەکا، چۆن بتوانم تامی ئەو دیمەن و فەزا شیرینە بکەم؟ من ئێستە پەلکێشی سەفەرێك کراوم، نازانم مەوداکەی چەند نێزیکە و چەندیش دوورە، ئەوە ئەوانن، کەسێکی وەك منیان کەوتۆتە بەردەست و بۆ هەر کوێی ئەم دنیایە بچن، لەگەڵ خۆیان دەمبەن.. ئۆتۆمبێلەکە وەها دەڕوا، دەڵێی بەنێو دەمی کراوەی دارستانە چڕوپڕەکەدا تێدەپەڕێ، دەڵێی ئەو رێگایەی بەسەریدا رەتدەبووین، دەچێتە نێو قوڕگی دارستانەکە. هەرسێ کەسەکەی ناو ئۆتۆمبێلەکە، بێ ئەوەی نیگایان راست و چەپ بسوڕێنن، دەتوت پەیکەرێکن کڕ و بێدەنگ دانیشتبوون، لەوە تێ نەدەگەیشتم بۆچی لەگەڵ یەکدیش قسەیان نەدەکرد. بێدەنگی و متبوونی ئەوان، شەڕێکی گەورەی دەروونی بوون، ئاخر ئەوانە یاخۆ ئەوەتە هیچ شتێك لەبارەی من نازانن، یان لەوە دەترسن شتێك لەدەمیان دەربچێ و سوودی بۆ من هەبێ. ئاخر من کێم، تا بەو بێدەنگییە پڕ ئازار و ئەشکەنجەیە، ئەو سەفەرە نادیارەم پێ بکەن؟ ئێستە رەنگبێ لەدڵی خۆیاندا، وا بزانن ئەرکێکی گەورەیان پێ راسپێردراوە و بە ئەمانەتەوە جێ بەجێی دەکەن، ئەو سێ کەللە سەرە دەڵێی سێ کوارگی رەشی هەڵتۆقیوی نێو دارستانن، ئەو کوارگانەی بەردەوام لێیان دەترسام،

هەموو ئەو ساڵانەی کە لە شاخیش بووم، بۆ جارێکیش نەمتوانی بە دڵی خۆم، لەگەڵ هاوڕێکانم، بیانخۆم، کوارگ، لە ژیانی مندا داستانێکی وەحشەتناکی هەیە، ئەگەر ئەو رۆژەی لە داوەتێکی کوارگ خواردن ئامادە بوومایە، ئێستە ئەو سێ کەللە کوارگەشم نەدەبینی. ئەوانەی کوارگەکەیان خوارد، زۆرینەیان نەگەیشتنە نەخۆشخانە و مردن. من نازانم بۆ ئەو ئێوارەیە، داوای ئەو برادەرەی دراوسێمانم بەجێ نەهێنا و نەچووم بۆ ماڵیان؟ ئەو برادەرە زۆر پاڕایەوە کە ئێوارە لەماڵیان پێکەوە ژەمە کوارگێك بخۆین. من نەچووم، بۆ بەیانی هەواڵی مەرگی ئەو برادەرەم و چەند کەسێکی دیکەش لە خانەوادەکەیم پێگەیشت. لە پێشمەرگایەتیش خۆشترین خواردن بۆ هاوڕێکانم کوارگ بوو، وەرزی بەهار بۆ ئەوان وەرزی کوارگ بوو، کەچی بۆ من وەرزی کارەسات و مەرگ بوو، بەلام ئەو رۆژە هات، کە بەدەر لە بڕیار و ئیرادەی خۆم، ناچار بم ئەو ژەهرە مەرگهێنەرە بخۆم. کە تۆ چەند رۆژێك لەنێو ئەو شاخانەدا، هیچت بەدەست نەکەوێ بیخۆیت، لە شەڕێکی خۆترین و هاوڕەگەزیدا دۆڕابیت و لەگەڵ سەدانی دیکەدا راوە دوونرابیت و هەر بەرێگاوە نەوەستیت و رابکەیت، جگە لە مەرگ چ شتێکی دیکە هەڕەشەت لێ دەکا؟ برسێتی، تۆ ئەگەر بزانی برسێتی چ هەڕەشەیەکی کوشندەیە، ئەوکات تێ دەگەی هەموو خواردنێك، ماناکانی پێشووی لەدەست دەدا، لە هەموو ئەو خواردنانە نێزیك

دەبیتەوە، کە تا دوێنێ رقت لێیان دەبۆوە، پێت سەیر نەبێ لەکاتێکی وادا چاوت بنوقێنی و شتی وا بخۆیت، کە لە ژیانتدا بیریشت لێ نەکردبێتەوە..بێنە بەرچاوت، سوپایەك لە شەڕێکی بێمانا، دۆڕانێکی گەورەی تووش هاتبێ، بەنێو دۆڵ و عاسێ و پەناو پێچی شاخەکاندا رابکا، لەوەش دڵنیا بێ، کە نەیارەکانی دوای کەوتوون، بەڕای تۆ ئەو سوپایە لەو سەفەرە نادیارەیدا، بەچی دەتوانێ جەستەی تێکشکاوی راگرێ؟ ئەو هێزە بەو رێگا دوور و درێژ و بێ کۆتاییانەدا بڕوا و نەیارەکانیشی بەدوایەوە بن بیر لە چی دەکاتەوە؟ بینیت؟ هیچ شتێك وەکو جاران نایێتەوە بەرچاو، هیچ حەزێك لە حەزی جاران ناچێ، قسە و پێوەندیی نێوان کەسەکانیش دەگۆڕێ، ئەوەی حوکم بەسەر ئەو سوپا تێکشکاوە دەکا، مەنتیقێکی دیکەیە جیا لە پێشوو، رەفتارێکی دیکەیە جیا لە رەفتاری بەر لە شەڕ و سەرکەوتن لە شەڕدا. ئێمە دروست ئاوابووین..تاکە شتێك بیرمان لێ دەکردەوە، هەڵاتن و خواردن بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی راکردنەکە زۆری خایاند. ئەوە ئێمە نەبووین بڕیارمان دەدا چ بخۆین، زگەکانمان چەند هەنگاوێك لەپێش کەللەکانمانەوە رایان دەکرد، گەروومان بەنێو هیشکاییدا دەگەڕا، هەرچی تەڕایی سەر زەوی بوو وشکیان دەکرد، بۆق، کیسەڵ، ماسی، تەیر و تاشی ئەو ناوانە، بەرگەی چاوبرسێتی ئێمەیان نەدەگرت، لێتان تێك نەچێ، من باسی رۆژانی یەکەمین جەنگی

دنیا ناکەم، باس لە قاتوقڕی ڕۆژانی دوای ئەو شەڕە ناکەم، کە خەڵکی هەرچ شتێکیان بکەوتبایە دەست و حەرامیش بوایە دەیانخوارد. من باس لەو شەڕ و تێکشکانانە دەکەم، کە لە شاخ، هەر بۆ حەزی چەند کەسێك هەڵمانگیرساندبوو، یەکدیمان ڕاودەنا، لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو لەسەر لاشەی نەیارەکانی خۆمان، لاوکی سەرکەوتنمان دەگوت! لێدە..بڕشێنە قوربانت بم، ئەمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتن و لەناوچوونی دوژمنەکانمانە! هەڵپەڕە قوربانی دەسماڵی دەستت بم، ئەمڕۆ فریشتەکانی دوندی سەرکەوتن، هەواڵی زیندووبوونەوەی شەهیدانمان بۆ دەهێنن! ئەمڕۆ کوارگە پیسکەکان لەژێر پێی پۆلاّیینی ئێوەدا بوونە تۆزوبا! بۆ کوێ دەچن، هەواڵی مەرگی ئێوە لەنێو گیرفانی ئێمەدایە، ڕۆحی تێکشکاوتان وەك تێکشکانی سەنگەرەکانتان، لەنێو لەپی ئێمەدایە. لەجیاتی ئاو، زمان لەمیزی خۆتان وەربدەن، لەجیاتی نان، شایی لەدەوری گوی وشکی خۆتان بکەن، لەجیاتی گۆشتی بزن و مەڕ و گا و گۆلك، بەدوای مار و کیسەڵ و بۆق بکەون..خۆ بەگوێی خۆت ئەو قسانەت بیست؟ من یەکێك بووم لەنێو ئەو شەڕە تێکشکاوانە، یەکێك بووم لەو سەدان کەسەی دووجار نەمهێشت لەخۆڕا زەوی میزم هەڵمژێ، چاوم دەنووقاند و فڕم دەکرد، ئەوەی باش بوو، میزەکە هی خۆم بوو، دەنا زۆر زەحمەت بوو بتوانم هی کەسێکی دیکە بخۆمەوە، نازانم لەوانەشبێ ئەگەر ئاو لە لەشت نەمێنێ و

توێنییەتیش هەڕەشەی مەرگت لێ بکا، میزی ئەوانی دیکەش بەپەلە فڕکەیت! من ناکارم ئەوەشت لێ بشارمەوە، کە چۆن وەك ئەوەی گۆشتی برژاوی مریشك بخۆم، ئاوا گۆشتی برژاوی بۆقم دەخوارد، هەر بە تەنیشت منەوە، چەند سەرێکی برسی لەنێو دووکەڵی کیسەڵی سەر ئاگرەکە نقووم ببوون، من نازانم گۆشتی کیسەڵ، مار، قەلەڕەش، سەگ، کەر، جوانوو، چ تامێکیان هەبوو، بەڵام تامی گۆشتی بۆقە برژاوەکانم بۆ هەموو ئەوانە دەگێڕایەوە، کە نەیانخواردبوو، بینیت؟ لە تێکشکانا، یاخۆ لە قاتوقڕی دا، هیچ شتێك واتای جارانی نامێنێ، ئەو کوارگەی کە لەکاتی خۆیدا لە سەردەمی منداڵیمدا، مەرگی کەسانێکی نێزیکی خۆمی هەڵگرتبوو، لە سەردەمی شاخدا، هەمووومانی لەمەرگ پاراست..من لە سەفەری تێکشکان و هەڵاتندا، ئەو کوارگەی بەردەوام لێی دەترسام و مەرگی نیشان دەدام، چەند جارێك بۆ راونانی مەرگ ناچار بووم تاقی بکەمەوە، من هەموو ئەو جارانە تا ماوەیەك ترس بەرۆکی دەگرتم، ترپەکانی دڵم خێرا لێیان دەدا، ئارەقەی لەشم زیاتر دادەچۆڕا، کەچی هەر دەمخوارد، ئەوەی کە زۆر لێی دەترسام، کوارگی رەش بوو، دروست کەللەسەری ئەو سێ کەسەی نێو ئۆتۆمبێلەکە لەو کوارگە رەشانە دەچن، هەر ئەو کوارگانەش بوون، منداڵیمی رەش کرد، ئەو کوارگە رەش و

نەفرەتییانە بوون، کە ئێستە لەبەرانبەرمدا هەڵتۆقیون.. نا، نامەوێ بتانبینم، بەرچاوم چۆڵ کەن...

- چییە، شێت بووی؟

***

ئێستە من لە ژوورێکدام، بە منەوە دە گیراوی دیکەی تیایە، کەسێك لە نێوماندایە جلوبەرگی سەربازی لەبەرە، دەڵێن گوایە لەبەرەکانی شەڕ هەڵاتووە، یەکێك لە گیراوەکان پێم دەڵێ:

- درۆ دەکەن ، لە یەکێ لە خالە پشکنینەکانی بەرەی شەڕ بە سەرخۆشی گرتوویانە.

ئێرە گرتووخانەیە، هەر کەسێك بە دەستی سوپای ئیمانداران بگیرێ، بە هەر تۆمەتێکەوە بێ دەهێنرێتە ئەم ژوورە و ژوورێکی دیکەش کە بە تەنیشتمانەوەیە، بە قسەی ئەم سەبازە بێ، چوار پێنج ژووری ئینفرادیشی لێیە، ناوە ناوە بە تایبەتی دوای دەمژمێر دوزدەی شەو گوێمان لە دەنگی ئەو گیراوانە دەبێ، کە ئەشکەنجە دەدرێن، پێدەچێ ئەو ئەشکەنجەیە تایبەت بێ بەوان، ئێمە نەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان بە زیرە و هاواری ئەوان نیگەران دەبین، ئێمە زۆر بە زەحمەت دەتوانین لەگەڵ یەکدیی بدوێین، سەیرە هەمووومان لە یەکدیی دەترسێین، هۆیەکەشی ئەوەیە هیچمان ئەوی دیکە ناناسین، هەریەکە و لە شوێنێکەوە

دەستگیرکراوین، ئەگەرچی زۆربەشمان کوردین، بەلاّم گومانێك کەوتۆتە نێوانمان، کە منیان هێنایە ئێرە هێندێك سوکناییم بە دلّدا هات، ئاخر وەك دەزانن ئێرە لەکویّ و زیندانی تاکە کەسی لەکویّ! لێرە هەستدەکەیت ژیان هێندێك واتای بۆ گەڕاوەتەوە، لەخۆتەوە وا دێتە بەر چاوت، کە چەند هەنگاوێك لە مردن دووردەکەویتەوە، لە پێوەستبوون بە ژیان نێزیکدەبیتەوە، شتێکی ئاساییە، کە بۆ یەکەمجار بێیتە شوێنێکی ئاوا، کەسێکی لاپرسەن لێت بێتە پێش و بپرسیّ (بۆچی گیراوی؟) تۆش ئەگەر لەوانە بیت حەز بکەیت بلەز دەردی دلّی خۆت هەلّڕێژی، بە دوور و درێژی بۆی دەگێڕیتەوە، ئەگەر لە نهێنییەکانی زیندانیش شارەزا بیت، ئەوە زەحمەتە راستییەکە بلّێی، من کە هاتمە ئەم ژوورە، دلّم بەوە خۆشبوو، کە لە تەنیایی زیندانی تاکەکەسیی رزگارم بوو، بایی ئەوەندەش ئەزموونم هەبوو، کە بە ئاسانی بەرسڤی هەموو پرسیارێك نەدەمەوە، لەگەلّ ئەوەشدا یەکێك لەو گیراوانە خۆی گەیاندمیّ و لێمی پرسی :

- خەلّکی کوێندەری؟
- ئەو دیو.
- لەسەر چی گیراوی؟
- نازانم!

ویستم ئاراستەی قسەکانی بگۆڕم و رامنەکێشێتە نێو کرۆکی بابەتەکە، لێ ئەو هەر مکوڕبوو لەسەر پرسیارکردنەکانی خۆی:

- هیچیان پێنەوتی؟

- با چۆن هیچیان پێنەوتم!

کابرا وەك ئەوەی لە بێزاربوونی من تێگەیشتبێ، هەر زوو بە (ئم)ێك کۆتایی بە قسەکانی هێنا و هەستیکرد بە ئاسانی ناکەومە چنگییەوە، منیش بۆ ئەوەی رقم لێ هەڵنەگرێ، بە زەردەخەنەیەکەوە وتم:

- ئەم شارە ناوی چییە؟

گیراوەکە وەك بیەوێ بۆ کۆمەڵێك پرسیاری دیکە خۆی ئامادە بکاتەوە، زیاتر لێم نێزیککەوتەوە، ئەمجارەیان لەسەرخۆ پێمی وت :

- دیارە لێرە نەگیراوی؟

کە ئەو پرسیارەی لێ کردم زانیم هەڵەیەکم کرد، دەبێ بە خێرایی راستی بکەمەوە و نەهێڵم درێژەی پێبدا، هێندێك بە جدییەوە پرسیارەکەم دووبارە کردەوە و وتم:

- من دەڵێم ئەم شارە ناوی چییە؟!

لە دەموچاوی کابرا هێندێك نارەحەتیم بەدیکرد، هەولێشیدا نەختێك لێم دوور بکەوێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی نیشانی بدا، کە لەشێوەی قسەکردنەکەم زویر نەبووە، لەسەرخۆ پێمی وت :

- مەبەستم هیچ نەبوو، دیارە تۆیان لە شارێکی دیکەوە بە چاوبەستراوی هێناوەتە ئێرە؟

هەر زوو بە چاو ئاماژەی (بەڵێ)م پێدا، بۆ ئەوەی بێدەنگ بێت، کەچی دەلیڤەیەکی دیکەی بۆ رەخسا و پرسیارێکی دیکەشی لێکردم:

- ئەو شارەی لێی گیرای ناوی چ بوو؟ من نەمدەزانی بۆچی ئەو کابرایە لە سیما و قسەکانم تێ نەدەگەیشت؟ لەوەش نەدەچوو کەسێکی راسپێردراو بێ و بیەوێ قسەکانمان بگوازێتەوە؟ من هەستم دەکرد تازە دەبێ لەگەڵی برۆم، خۆیشم نابێ وا نیشاندەم کە لێی دەترسم، بە ناچاری بەرسڤم دایەوە و وتم:

- هەر کە هاتمە ئەودیو، لە یەکەم خاڵی پشکنین گیرام.

- بەڵگەت پێنەبوو؟

- بەڵێ پێمبوو بەس گومانیان لێمکرد.

- لەسەر چی؟

- هەروا، هیچیان لەگەڵ باس نەکردووم.

- دواییش یەکسەر بۆ ئێرەیان هێنای؟

- بەڵێ، ئیدی نازانم چیم پێدەڵێن.

- پێشمەرگەیت؟

- نەخێر، هێندێك نەخۆشم ویستم لێرە چارەسەری خۆم بکەم.

- چ نەخۆشییەکت هەیە؟

- ریخۆڵەکانم تەواو نین.
- هیچ نییە، ئینشالاّ چاك دەبیتەوە و لێرەش ئازاد دەبی.
- سوپاست دەکەم.

ئیدی هەستمکرد ئاخاوتنەکەمان تەواو بوو، کابراش لەوە دەچوو نەیەوێ چی دیکە پرسیارم لیّ بکا. لەو دەمە دەرگاکە کرایەوە، کوڕێکی گەنجیان هێنایە ژووریّ، کوڕە زۆر پەرێشان و ناڕەحەت دیاربوو، بیّ ئەوەی سلاّومان لیّ بکا، بە حەپەساوی لە نێوەڕاستی ژوورەکە وەستا. پاسەوان هێشتا هەر لەبەر دەرگاکە وەستابوو، وەکو ئێمە بە حەپەساوی لە کوڕە گەنجەکە رادەما، دواتر بە کوردییەکی تێکشکاو پێی وت:

- بڕۆ لەویّ دانیش.

کوڕە جارێکی دی تەماشای هەموومانی کرد و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسك. چەند پێنگاڤێك هاتە پێش و لە تەنیشتم دانیشت. منیش بەخێرهاتنم کرد، ئەویش لەسەرخۆ سوپاسی کردم، کە لە سەروسیمای رامام، حەزێك فشاری بۆ هێنام، کە لێی بپرسم خەڵکی کوێیە، بەلاّم زمانی خۆم گرت و هیچم نەوت. ئەم گرتووخانەیە بۆ من بە بەراورد لەگەڵ زیندانی تاکەکەسیی جیاوازی ئەرز و ئاسمانیان هەیە، لێرە هەر هیچ نەبیّ بە کۆمەڵ دەمانبەنە دەرەوە و لە حەوشێکی پان و بەرین بەرەلاّمان دەکەن، من بۆ خۆم ئەو یەك دەمژمێرە بە پیاسە و دالّغەلێدان دەبەمە

سەر، پێتان سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم هەموو رۆژێك، كە دێینە دەرێ، زێتر لە سەد كەرەت ئەو كاشیانەی ژێر پێم دەژمێرم، زۆر بەوردی لە پێكهاتە و هێڵ و نەخشە لەخۆڕا دروستبووەكانی كاشییەكان دەڕوانم. مەراق لە یەكێكیان دەدەم و لێی ورد دەبمەوە، دەزانن چی دەبینم؟ سەر و كەللەی مرۆڤ و دیمەنی ئاژەڵی ڕەنگاوڕەنگ و جووڵەی دارودرەخت. ئەگەر ئێستە قەڵەمێكم پێ دەبوو، نەخشەی هەموو ئەو دیمەنانەم دەكێشان، كە بە هێزی بینین بۆم دەردەكەون، من ئێستە لەنێو پێكهاتەی ئەم كاشییەی بەردەمم، كیژێكی قژ درێژی چاوخومار دەبینم، كە چۆن شێتانە پەنجە ناسكەكانی بەسەر ئامێرێكی مۆسیقا دادەهێنێ، گوێم لە دەنگ و ئاوازی مۆسیقاكەیە، هەست بەو دەست و پەنجە نەرم و ناسكانە دەكەم، كە چۆن بەسەر تارەكانی ئەو ئامێرەدا كەروێشكە دەكەن. رەنگبێ وا بە ئاسانی باوەڕ بەو توانایەم نەكەن، كە من لەخۆمدا دۆزیومەتەوە، من توانای ئەوەم هەیە لە نێو ئەم بەردە وشك و رەق و بێڕوحانەدا گوێم لە حكایەتە دوورو درێژەكانی سەردەمی منالێیم بێ. گوێم لەو دەنگانە بێ، كە لە قووڵایی زەویدا عاسێ بوون و ناگەنە گوێچكەی هیچ كەسێ. من كە چاوەكانم دەنوقێنم، هەموو هزر و هۆشم لە یەك خاڵدا كۆدەكەمەوە، گوێم لە ئیقاعی پێی ئەو كەسانە دەبێ، كە رۆژە ڕێیەك لێمەوە دوورن. ئێوە ئەگەر بەو ئەزموونەدا تێپەڕیبان

گاڵتەتان بەم قسانەی من نەدەهات، من هەموو رۆژانی ئەو گرتووخانەیەم بەو شێوەیە دەبردەسەر، خۆزیا لەکونێکەوە دەتانبینی کە چۆن لەو کاتانەی دەمانبەنە ژوورەوە من ئاخرین کەسم بە راتەکاندن نەبێ بە ئاگا نایەمەوە و لە شوێن خۆمدا هەڵناسمەوە. وەردیانەکانی زیندان، کە من بەو شێوەیە دەبینن، بە مەزەندەی خۆیان وا تێ دەگەن تووشی جۆرێك لە شێتبوون هاتوومە. جاری وابووە دڵیان پێم سووتاوە. هەندێ جاریش بە زۆر هەڵیانساندوومەتەوە. جارجارەش لە تەنیشت خۆمەوە وەردیانێك دەبینم، کە چۆن لەگەڵ من، لە کاشییەکەی بەردەمم ورد دەبێتەوە. ئەوان لەوە نارەحەت دەبوون، کە هیچیان نەدەبینی، لە حەژمەتان لێم تووڕە دەبوون و توند شانیان رادەتەکاندم و وەپێش خۆیان دەدام و دەیانبردمە ژوورەوە، منیش بەو کارە زۆر نارەحەت دەبووم و وامدەزانی بە ئەنقەست نایانەوێ بۆ چەند ساتێکیش بێ لە دنیای ئەوان بچمە دەرەوە. .

لێرە شەوانەش کە هەموویان خەو بێدەنگیان دەکا، تەنیا منم لە چاوەڕوانیدا دەمێنمەوە و بەسانایی خۆم ڕادەستی خەو ناکەم. خۆ ئەگەر هەر کەسێك بەو شێوەیە ببینێ ئەرخاین دەبێ کە منیش خەوتووم، کەچی من قەت ئەوەندە بە ئاسانی نەدەنووستم. من هەموو شەوێك وەك ئەوەی لە بۆسەیەکدا بم، چاوەڕێم دەکرد هەموویان بخەون، ئەو کات پێڵوی چاوەکانم دادەخستن، خۆم لە گرژیی دەمارەکانی

جەستەمدا رزگار دەکرد، هەموو گیانم خاو دەکردەوە، بە خەیاڵ دیقەتم تەنیا لە شتێك دەگرت، هەناسەی قووڵم هەڵدەکێشا و دەرمدەدایەوە، لەهیکرا هەستم دەکرد مەودای بیستنم فرەوانتر و قووڵتر دەبێتەوە، وامدەزانی گوێچکەکانم یەکپارچە بوونەتە بەهێزترین موگناتیس بۆ راکێشانی دەنگەکان. باوەڕم پێ بکەن ئاوازی هەناسەی هەموو ئەوانەی لە ژوورەکە خەوتبوون، لێکم جیادەکردنەوە. ترپەی لێدانی دڵی هەموویانم وەك ڕەزمی گلۆربوونەوەی کەڤرێکی مەزن، گوێ لێ دەبوو. ئەگەر گومان لە قسەکانم دەکەن، دەکارن لە پشتی زیندانەکە بە ئارەزووی خۆتان، هەرچی دەڵێن، بیلێن، هەر مۆسیقایەك دەژەنن، بیژەنن، حەزدەکەن بە هەناسە لەگەڵ یەکدیی بئاخڤن، بە چ زمانێك قسان دەکەن، بیکەن، ئەو کات هەموو شتێکتان پێدەڵێم و گومانەکانیشتان دەڕەوێنمەوە. من واملێهاتبوو بەنێو شەپۆلی هەناسە و هاژەی هەوا و لەرینەوەی دار و درەختاندا رۆبچم، بەلاّم دەبێ ئەو راستییەش بڵێم کە لە کاتی ئاساییدا هیچیەك لەو توانایانەم نامێنێ، بۆ نموونە نەك هەر ناتوانم هیچ جۆرە مۆسیقایەك بژەنم، بگرە ناوی ئامێرەکانیش نازانم، بەلاّم ئەو کاتانەی سەرنجەکانم تیژ و هەستەکانم بەهێز دەبن، خۆیشم نازانم چۆن لەم دنیایە دادەبڕێم و دەچمە دنیایێکی دیکە، لەوێدا هیچ شتێك بە ئاسایی نایێتە بەر چاوم، خۆیشم دەبمە شتێکی دیکە هەر لە با، یاخۆ تیشك یاخود لە موگناتیس دەچم، من ئەو ماوەیە راستە لە نێوان

ئومێد و نائومێدیدا دەژیام، لەنێوان گفت و بەڵێنی خۆش و قسەی ژەهراویدا مابوومەوە، بەڵام بۆ خۆم توانیبووم سوود لەو توانایەی هەمبوو وەربگرم، بە تایبەتیش ئەو کاتانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردم، لەو ساتانەدا هەوڵم دەدا بە مێشکێکی سارد بەرسڤی پرسیارەکان بدەمەوە، باقی وەختەکانی دیکە فڕم بەسەر دنیای زیندانەوە نەدەدەما. با ئەوەشتان پێ بڵێم ئەو کاتەی لە قسەکانم قەڵس یاخۆ وەڕس دەبوون و هیچیان چنگ نەدەکەوت، شێت و هار دەبوون، لەو کاتانەدا کە من چەهرەی کەسیانم نەدەبینی، زرمە لەبن گوێمەوە دەهات، پشتیشم بە شریقەی قامچییەك قیت دەبۆوە، بەڵام ئەوەی ئەوان نەیاندەزانی و پەیان پێ نەبردبوو، هەستنەکردنم بوو بە ئازاری زەبری ئەو قامچی و شەپازلانە، کە ناوە ناوە و لە ناکاو پێم دەکەوتن، وا بزانم ئەوەی جێگای سەرسڕمان بوو بۆ ئەوان، بێدەنگی من بوو لە هەمبەر ئەشکەنجەدانم. ئەوان پێ نەدەچوو لە نهێنی تواناکانی من شارەزاییان هەبووبێ، دەنا حەتمەن بیریان لە بەکارهێنانی ڕێگای دیکە دەکردەوە و وایان دەکرد ئازارێکی زۆرم پێ بگەیێنن. خاترجەم بووم هەرجارە و منیان ببردایە بۆ ئەو شوێنەی کە تایبەت بوو بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان، وا بیریان دەکردەوە کە شتێکیان لە من هەر دەست دەکەوێ. ئەوان لەوە بێ ئاگابوون کە من بەردەوام مەشقم بۆ ئەو بانگکردنانە دەکرد، هەر کاتێکیش بانگیان بکردبام و چاومیان ببەستایەتەوە، دەمزانی بۆ

چیم دەبەن، هەر بە ڕێگاوە لەگەڵ خۆمدا دەموت (سەران..ئێستە تۆ لەبەرانبەر کەسێك دەوەستێنن، ڕەنگبێ کۆمەڵێك پرسیاری نوێت لێ بکا، ئەگەر وەڵامەکان بە دڵی ئەو نەبێ، خۆت بۆ هەموو شتێك ئامادە بکە، هەڕەشە، تۆقاندن، ئەشکەنجە. تۆ وا بێنە بەرچاوت ئەو کەسەی پرسیارت لێ دەکا لەپڕ زللەیەکیشت لێ دەدا، یاخود بە قامچی دەکەوێتە سەرت، ئەوەی بۆ تۆ گرینگە، نابێ هیچ قسەیەکی خۆت بگۆڕی، بە مێشکێکی سارد و زۆر بە هێمنی وەڵامەکان بدەرەوە. تۆ کە ئێستە لەسەر کورسییەك دادەنێن، نازانی لە دەوروبەرتدا چ ڕوودەدا و چ دەگوزەرێ. ئەگەرچی تۆ لەنێو فەزایەکی تاریکیدا دەژیت و هیچ نابینی، بەڵام هەر بە زەین پێڵوی چاوەکانت دادەخەی و دوور دەڕوانی، گرژی دەمارەکانی جەستەت خاودەکەیتەوە، بێ ئۆقرەیی لە هزر و هۆشتدا مەهێڵە، تەنیا بیر لەجەستەت بکەوە کە ڕەنگبێ ئێستە نا کەمێکی دیکە وەبەر هەڵمەتی لێدان بکەوێ. تۆ ئێستە دەتوانی وا بێنیتە بەر چاوت، کە لەسەر کورسییەکە نەماویت و بە حەزی خۆت بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێیتەوە، لەوێدا ڕۆح و جەستەت سەفەرێکی تولانی دەکەن و بە ئەزموونێکی سەخت و دژواردا تێ دەپەڕن. جەستەت گوێڕایەڵی ئاماژەکانی ڕۆح دەبێ.تۆ پەیامێك لەو ئاماژانە بۆ مێشکە سارد و خاوەکەت دەنێری، داوای لێ دەکەیت هەموو ئازای بەدەنت بەرگری لە زەبری ئەو ئازارانە بکا،

که پێی دەکەون. ئێستە هەموو گیانت گەرم دادێ، تۆ بە هێمنی وەلامی هەموو پرسیارەکان دەدەیتەوە، با جەستەشت بۆ هەموو زەبرێك ئامادە بێ، لەوە ئەرخاین بە ئەو کاتانە ئازارت دەدەن کە قسەکانت بە دلّی ئەوان نابێ، هەر کاتێ بەسەرتدا قیژاندیان، ئەوە بزانە جەستەت داوەموویێك لە ئەشکەنجەدان نێزیك بۆتەوە. لەوە مەترسە چیت پێ دەکەوێ، تۆ وای دانێ زللەیەکە، یاخۆ قامچییەکی زۆر بەهێزە، گرینگ ئەوەیە لەو لەحزەیە دەبێ ئاگات لەوە بێ، کە هەموو لەشت خاوکردبێتەوە، ئەوکات دەبینی چ هێزێك روو لە جەستەت دەکا، تۆ لەو ساتانەدا تەنیا گوێت لە دەنگی قامچی و زللەکانە، هەست بە هیچ ئازارێ ناکەیت. ئەوان لەوەدا دەتۆقن و هەست بە بەرائەتی تۆ دەکەن، بەلام بە ئاسانیش دەستت لێ هەلناگرن. ئەوان بۆ ئەوە هاتوون گوێبیستی قسەیەك بن کە تۆ پێی تاوانبار کراوی، ئەگەر هیچ شتێکت لێ نەبیستن ئەوە هیچیان پێ نامێنێ تەنیا ماندووبوون و بێزاری نەبێ، دواتر ناچار دەبن بەر لەوەی جێت بهێلن و بە رووشتدا هاواربکەن:

-- تۆ لە چ جنسێکیت، ئینسان نیت؟!

ئەو دەمە دەکاریت پێیان بلێیت:

-- بەلێ ئینسانم، بەلام من ئەوە نیم کە ئێوە بە دوویدا دەگەڕێن.

ئەگەر پتر پێ لەسەر قسەکانیان دابگرن و بلێن:

-- بڵێ کۆمۆنستم، تا ئازادت بکەین!

باوەڕ بەو قسانە مەکە، وەکو جاران تەنیا پێیان بڵێ:

-- من دۆستی ئەوان و هەموو ئەو کەسانەشم کە دژی بەعسن.

لەدواییدا هیچیان بۆ نامێنێتەوە و بە تووڕەیی دەچنە دەرەوە و پێت دەڵێن:

-- تۆ درۆزنی، دەبێ لێرە بڕزێیتەوە!

من ئاوا خۆم بۆ ئەو لیکۆڵینەوەیە ئامادە کرد، کەچی کە بە چاوبەستراوی بردمیانە ئەو جێیە، پێم سەیربوو ئەو جارەیان لە سەدا سەد قسەکانیان جودا بوو، یەکەم پرسیار کە لێیان کردم، کەسێك بە دەنگێکی لەسەرخۆ وەك ئەوەی دڵم بداتەوە وتی:

-- ئەگەر وێنەیەکت نیشان بدەین دەیناسیتەوە؟

منیش زۆر بە هێمنی وتم:

-- ئەگەر بیناسم پێتان دەڵێم.

من بەلامەوە گرینگ نەبوو وێنەی چ کەسێکم نیشان دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا یەکسەر بیرم بۆ وێنەی ئەو برادەرە چوو، کە بەر لە گرتنەکەم نامەیەکی پێدام. کە چاومیان کردەوە، کەسێك لە پشت مێزێك دانیشتبوو، بزەیەکی بۆم فڕێدا و رووی وێنەکەی لە من کرد و وتی:

- دەیناسی؟

منیش بۆی هەڵسامەوە و لە وێنەکە نیزیك کەوتمەوە، کە دیقەتم دایێ، دروست ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە، وێنەی ئەو بوو. منیش بێ ئەوەی تۆزقاڵێك خۆم تێك بدەم، دەستم بۆ وێنەکە درێژ کرد و لێموەرگرت. بەو رەفتارەم ویستم باوەڕێکی وا لە مێشکی کەسی پشت مێزەکە بچەسپێنم، کە ئەگەر بیناسم، ئەوە پێی دەڵێم، بەڵاَم هەر زوو وێنەکەم دایەوە دەستی و پێموت:

- نەخێر نایناسم.

کابرا، کە وێنەکەی لێوەرگرتمەوە بە شێوەیەك سەیری کردم وەك ئەوەی پێم بڵێ (ئەو قسەیەشت وەك قسەکانی پێشوو راست نەبوو، بەڵاَم با وا بێ!) من لەوە تێگەیشتم، کە نیشاندانی ئەو وێنەیە لە دوو شت بەدەر نەبوو، یاخۆ ئەوەتا (موحسین) ئەوەی لەگەڵم گیرابوو، ئیعترافی لەسەر خاوەن وێنەکە کردبوو، کە هاوڕێی هەردووکمان بوو، یاخود دەبێ لەمێژ بێ خاوەن وێنەکە لەژێر چاودێری ئاسایشی ئەو شارەدا بێ. من ئەگەرچی بەبینینی ئەو وێنەیە هەستم بە هەژانێکی رۆحی گەورە کرد، بەڵاَم نەمهێشت لە سەروسیمامدا دەرکەوێ. راستییەکەی ترسی گەورەم ئەوەبوو خودان وێنەکە بگیرێ، چونکە بە گرتنی ئەو، زۆر شت تێکەڵوپێکەڵ دەبوون، بە تایبەتیش ئەگەر هەرسێکمان ڕووبەڕوو بکەنەوە. من زۆر لەوە دڵنیابووم ئەگەر (موحسین) ئیعتراف لەسەر ئەو برادەرە بکا، ئەوە لێکۆڵینەوەکان ئاڵۆزتر دەبن و کێشەکان

گەورەتر و پرسیاری تازەتر دێننە گۆڕێ. من بۆ خۆم قەناعەتێکم لا چێ ببوو، کە ڕەنگبێ لە ماوەیکی نێزیکدا بەرمبدەن، بەڵام نیشاندانی ئەو وێنەیە، جارێکی دیکە بێ ئومێدی کردمەوە و زانیم شتگەلێکی دیکە بەڕێوەیە، ئەو کابرایەش کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکردم، بەر لەوەی جێم بهێڵێ، ئاخرین قسەی کرد:

- گەر دەتەوێ ئێستە ئازادت بکەم، باشتر وایە بۆ خۆت ئیعتراف بکەیت و بڕایەوە.

ئەو قسەیەی کرد و هەڵسایەوە، بێ ئەوەی ئاوڕیشم لێ بداتەوە ڕۆیشت و لەسەرخۆ دەرگاکەی پێوەدا.

هێندەی نەبرد پاسەوانێك هات و پەڕۆ ڕەشەکەی خستەوە سەر چاوم و بردمییەوە ژوورەکەی خۆم. من ماوەیەك بوو لەو ژوورەدا بووم، نە لێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکرا و نە هیچ ئاماژەیەکیش هەبوو بۆ بەردانم. نازانم لەو گوێ پێنەدانەیان گەرەکیان بوو چیم لێ بکەن؟ ئەوێ گرتووخانەیەکی کاتیی بوو، زوو زوو بەندکراویان دەهێنان و دەیانبردن، کەس نەیدەزانی ئازاد دەکرێن یاخۆ بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێنەوە. گرینگ ئەوەبوو نە کەس دەمایەوە و نە چۆڵیش دەبوو، پاسەوانەکان زمانی کوردییان دەزانی، بەڵام لەوە دەچوو یان فێرکرابن یاخۆ بەو شێوەیە فێربووبن، زۆرینەی ئەوانەش، کە دەهێنرانە ئەوێ کوردبوون، تاك تاکیشیان بە ئازەری و فارسی قسانیان دەکرد. ئێمە هەموومان چاومان بڕیبووە دەرگای

ژووری بەندیخانەکە، مات و بێدەنگ، لە چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی گیراوێکی دیکەدا بووین. لەپڕ دەرگاکە کرایەوە، پیرەمێردێك کە لەوە دەچوو دووسێ رۆژ بێ ریشی نەتاشیبێ، هێنرایە ژوورەوە. من هەر کە بینیم لە شوێن خۆمەوە تاسام، گیانم پڕ بوو لە موچڕکەی سۆز و غەریبی، پیرەمێرد بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە بە شەرمەوە سلاوێکی کرد و یەکڕاست لە تەنیشت من دانیشت. لەپی دەستەکانم بەخێرا ئارەقەیان دەردا. بە لاوونیو لە پیرەمێردەکەم ڕووانی. بە ئەنقەست بە کوردی بەخێرهاتنم کرد. ئەویش هەر بە کوردی وشەی (خۆشبی) لە دەم دەرچوو. هەوڵمدا لە بەرانبەر ئەوانی دیکەدا خۆم بە ئاسایی نیشان بدەم، کەچی لە دەروونمدا شتێکی دیکە دەگوزەرا. مێژووێك ڕاگەیاندن بوون، یەکە یەکە بە بەر چاومدا رەتبوون. ئەو چادرانەی کە لەبن دارە زل و زەبەلاحەکانی گوندی مەلای ناوچەی لۆلان هەڵماندابوون. ئەو خانووانەی کە لەوێ قیتمان کردبوونەوە، ئەو ئێزگەیەی کە وتارەکانمان تێدا دەخوێندنەوە، هەموو ئەو دیمەنانە بە هاتنی ئەو پیرەمێردە لە بەردەممدا ئامادە بوون. پیرەمێرد وەك ئەوەی لە ژیانیدا منی نەناسیبێ بە ئاسایی سەیری دەکردم. لە چاوەکانیدا ئەزموونێکی زۆری زیندان و ئەشکەنجە و دەربەدەریم دەبینی. خۆی وا دەردەخست وەك ئەوەی بەهەڵە کەوتبێتە شوێنێك و نیازی نەبێ هیچیش بپرسێ. بێ ئۆقرەیی لە چاوەکانیدا دەبینرا، بەڵام نیگای

به نیگای هیچ کەسێك نەدەکەوت. قڕوقەپ لە شوێن خۆیدا هەڵتروشکا. کە یەکەمجاریش سەیری منی کرد، تەنیا بۆ ئەوە بوو، کە بە چاو پێمبڵێ (نە من تۆ دەناسم، نە تۆش من دەناسی!) راستییەکەی من لە دەلیڤەیەك دەگەڕام، بە پەلە دوو قسانی دەگەڵدا بکەم، کەچی ئەو خۆی وا نیشان نەدەدا، کە پێویستی بەهیچ  قسەیەك نەبێ. دوو رۆژی رەبەق نەمن شتێکم وت نە ئەویش. زۆر لەوە دەترسام لە ژوورەوە کەسێك چاودێریمان بکا. ئەو کاتەی پیرەمێردیان بردە دەرەوە، دڵم بەوە خۆشبوو، کە ئیدی ناگەڕێتەوە، کەچی هێندەی نەبرد هێنایانەوە ژوورێ. پڕ بە دڵ حەزمدەکرد هەندێ پرسیاری لێ بکەم، کە بۆچی بانگیان کرد و دەبێ چییان پێوتبێ، بەڵام هەر زوو پەشیمان بوومەوە و بێدەنگ بووم. هەستم کرد ئەویش بە نیازە شتێکم پێ بڵێ. لە دەرفەتێك دەگەڕا لێم نێزیك بێتەوە. لە شانسی ئەو، لە دەرگاکە درا و وەردییانەکە داوای کرد دووسێیەکمان بچین خواردنی نیوەڕۆ بێنین، کە لە پشت دەرگاکە دانرابوو. پیرەمێرد خێرا سەری هێنایە بن گوێم و وتی:

- من ناوم دکتۆر رەحیم نییە! لەتۆشیان پرسی وتم نایناسم.

منیش بلەز وتم:

- زۆر باشە، تەواو.

نازانم بۆ بەو قسەیە شەپۆلێك لە موچڕکەی خۆشیی بە لەشمدا ڕەتبوو. زوو لێی دوور کەوتمەوە و خۆم گەیاندە دووانەکەی دیکە و خواردنەکەمان هێنایە ژوورەوە. ئەو ڕۆژە ئەگەرچی دڵیشم زۆر خۆشبوو، کەچی هەر دوای نانخواردنەکە پێچێکی بەهێز بە هەناومدا هات و هێدی هێدی ئازارێکی توندی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و تەواو بێتاقەتی دەکردم. یەکێ لە گیراوەکان بە توندی لە دەرگاکەی داو وتی:

- ئەرێ کاکی پاسەوان، برادەرێك زۆر نەخۆشە، دەرگاکە بکەرەوە.

پاسەوان لەسەرخۆ دەرگاکەی کردەوە و بە چاوی تژی لە پرسیارەوە تەماشای هەمووانی کرد و بەکوردییەکەی خۆی وتی:

- چییە کێ مرد، بۆ دەرگا دەشکێنن؟!

کە پاسەوانەکە منی بینی، یەکسەر ڕووی لە دکتۆر ڕەحیم کرد و وەك هەواڵێکی خۆشمان پێبدا وتی:

- ئەوە دکتۆر لێرە، با تەماشا کا.

دکتۆریش بە دەست ئاماژەی بۆ پاسەوان کرد، کە جانتاکەی بۆ بێنێ، بۆ ئەوەی پشکنینم بۆ بکا. من بە شێوەیەك خۆم پیشانی پاسەوانەکە دا، وەك ئەوەی هەواڵێکی خۆشم لێ بیستبێ، دنیایەك بیرەوەری خۆش و ناخۆشم لەدوڕ چاوەکانی پیرەمێرد بینی. بۆ ساتێك هەستمکرد خۆی لەبیر چۆتەوە. وا هاتە بەرچاوم وەك ئەوەی

لە ژوورێکی بارەگەکانی راگەیاندن دانیشتبین. نیگا پڕ لە بەرائەتەکانی پیرەمێرد، فێنکاییەکی بێ ئەندازەی خستە دەروونمەوە، هەر لە فێنکیی هەوای ئێوارە هاوینییەکانی سەر کانییەکەی نێو **بارەگەکەمان** دەچوو. کەس لە گرتووخانەکە نەیدەتوانی حەرفەکانی نێوان چاوەکانمان بخوێنێتەوە. پیرەمێرد بێ ئەوەی هیچ ئیرادەیەکی بەسەر خۆیەوە مابێ، بە دەست و پەنجە چرچ و لۆچەکانی توند دەستمی دەگوشی. ئاوڕێکم لە پاسەوانەکە دایەوە، بەر لەوەی قسەیەك بکەم، ئەو خێرا پێمی وت:

- ئەوە دکتۆر، عیراق، بەس زمانی عەرەبی...

من هەردوو دەستم بۆ پاسەوانەکە بەرز کردنەوە و سوپاسم کرد. ئەوەندەشم پێوت، کە دکتۆر داوای جانتاکەی دەکا، بۆ ئەوەی بە جیهاز فەحسم بکا. هێندەی نەبرد بلەز جانتاکەیان هێنا. دکتۆر داوای لێ کردم لە بەردەمی، لەسەر پشت راکشێم، پیرەمێرد ئامێری پشکنینەکەی یەکەمجار لەسەر دڵم دانا، لەسەرخۆ پێمی وت:

- هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشە.

خودایە! چ دووبارەبوونەوەیەکی سەیر روودەدا؟ بۆچی دەبێ ژیان پڕ بێ لەو جۆرە رووداوە لەیەکچووانە؟ کێ هەیە لەو کاتەی دیمەنێ بە چاوی خۆیەوە ببینێ، یاخۆ بویەرێکی تووشبێ، بە زەینی دا بێ کە لە شوێنێکی کە و لە زەمەنێکی کە، ئەو دیمەن و رووداوەی بینیبێ؟ من کە دکتۆر رەحیمم بەسەر سەرمەوە بینی،

وام هەستکرد ژیان هەر هەمووی لە خەونێکی دووپاتکراوە دەچێ. تاکە جیاوازییەك لە دووبارەبوونەوەی ئەو دیمەنە، شوێنەکە بوو. لەو ساتە بیرم لەوە دەکردەوە، تۆ بڵێی دکتۆریش هەمان دیمەنە کۆنەکەی نێو ئەو چادرەی بێتەوە بیر کە لە بنکەیەکی شاخ بۆ ئەو هەڵدرابوو؟ لە ڕووانینە پڕ پرسیار و لە گرژبوونەوەی دەوروبەری چاوەکانی، بۆم دەرکەوت، کە ئەوەی ئێستە ڕوودەدا بۆ ئەویش جێگای سەرسڕمانە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك خۆی وا نیشانی من نەدەدا، کە ئەو دۆخە جارێکی دیکەش ڕوویدا بێ. پیرەمێرد زۆر بە هێمنی ئامێرەکەی گواستەوە سەر زگم، چەند جارێکی دیکەش داوای لێکردم هەناسەی قووڵ هەڵبکێشم، دووسێ سەرە پەنجەی لە سکم دا:

- لێرە ئازارت هەیە؟
- بەڵێ، بەڵێ.

دکتۆر وەك ئەوەی هەمان دیمەنی ئەو جارەی شاخی هاتبێتەوە بیر، لە ناکاو هەردوو چاوی لەنێو ڕۆندکان پڕبوون،. بلەز بە پشتی دەستی، فرمێسکەکانی سڕینەوە. هەستمکرد لەنێو جەستەی منیشدا شەپۆلێك لە فرمێسك هەڵدەکشێتە سەرەوە و بە پڕە پڕ لەنێو چاوەکانمدا دەبنە قەترە قەترە و بە تەنیشت گۆشەی چاوەکانمدا دێنە خوارێ، دکتۆر کە دیمەنی فرمێسکەکانمی بینی، خۆی پێ ڕانەگیرا و ئەویش فرمێسکەکانی خۆی ئازاد کردن، ئەو

وای نیشان دەدا کە هەر خەریکی پشکنینی منە، جارێکی دیکە بە چاو تێی گەیاندمەوە، کە من و ئەو بە هیچ شێوەیەك یەکدیی ناناسین، منیش ئەرخاینم کردەوە کە هیچ نیگەران نەبێ. بە هەلیشم زانی لێی بپرسم کە چۆن گیراوە، کەچی پێمی وت:

- گرینگ نییە چۆن گیراوم، گرینگ ئەوەیە من تۆ ناناسم!

ئێمە بە زمانی عەرەبی لەگەڵ یەکدی دەدواین، لەوە دڵنیابووین کە هیچ کەس تێمان ناگا، ئەو کاتەش کە پارچە کاغەزێکی دەرهێنا و شتێکی لەسەر نووسی، هەلێکی بۆ رەخسا پێم بڵێ:

- فرۆکەکانی عێراق زۆر شوێنیان کیمیاباران کردووە، هەزاران کوژراو و بریندار هەیە....

خێرا قسەکانی خۆی گۆڕی و هاتەوە سەر نەخۆشییەکەی من و پێمی وت:

- تۆ ریخۆڵە گەورەت هەوی کردووە، دەبێ ئەو دەرمانانە بۆ ماوەی مانگێك بەکار بهێنی..

راچێتەکەم دایە دەستی پاسەوانەکە و هەر لە تەنیشت دەرگاکە دانیشتم و سەرم خستە نێوان ئەژنۆکانمەوە، ئەو رۆژەم هاتەوەبیر کە چۆن لە ئێوارەیەکی ساردوسڕی دۆڵی (دەراو) من و چەند هاوڕێیەك لە دەوروبەری سۆپادارەکەی ژوورێکی بارەگەکەمان دانیشتبووین، لە دەرێ بەفرێکی خەست باریبوو، ئەگەر ئیشێکی

زۆر گرینگمان نەبوایە، نەدەچووینە دەرەوە. وەختێکی زۆرمان بە گفتوگۆی جدی دەبردە سەر. ڕۆژانەش هەندێ کاتمان بە گەمەی مشکەکان دەدا، کە لە دەیان کون و درزی ژوورەکەمانەوە دزەیان دەکرد و بە بن دەست و قاچماندا ڕەتدەبوون و بازبازێنیان دەکرد. ئەو مشکانە وەك ئەوەی لە چاوی ئارام و توورە نەبوونی ئێمەدا شارەزا بووبن، بە بەر چاومانەوە بەر لەوەی نێر و مێکانیان جووت بن، دەکەوتنە سەمایەکی شێتانە، دواتر بە زمانیان رووخساری یەکدییان دەلیستەوە و ئیدی دەگەیشتنە قۆناخی ئامێزلەیەکگرتنێکی بەهێز و لەیەکتر نەدەبوونەوە تا بە لادا دەکەوتن. (ئاسۆ)ی هاوڕێم شەوانە لەبەر سەفا و مەروای مشکەکان نەیدەوێرا بەبێ (کیسە خەو) بنوێ، لەوەش زیاتر ناچار دەبوو زنجیری کیسە خەوەکە تا تەوقی سەری ببا. زۆرجار بەو شێوەیەش خەوی لێ نەدەکەوت و ئۆقرەی نەدەگرت، لە داخان لەکیسە خەوەکەش دەهاتە دەرەوە، تا بەیانی شەڕی لەگەڵ مشکەکان دەکرد. لە هەمووی سەیرتر و کۆمیدیاتر ئەوەبوو، شەوێکیان ئەو برادەرەمان بڕیاردەدا فێڵێك لە مشکەکان بکا و لەو ناوەیان دوور بخاتەوە. لە نیوەی ئەو شەوەدا لە نێزیك کونە سەرەکییەکەی هاتوچۆی مشکەکاندا خۆی مات دەکا، گوێ لە چرپەی هاتنیان دەگرێ، هەر مشکێك بیەوێ سەردەربێنێ، خۆی لێدەکا بە پشیلە و بە میاو، میاو، میاو دەیانترسێنێ! ئێمە لە

دەنگی پشیلەئاسای ئەو، بە ئاگا دێینەوە، کە گوێی لە چرپە چرپی ئێمە دەبێ، یەکسەر بۆ لامان دێ و چوارمشقی بۆمان دادەنیشێ و دەڵێ:

- میاوووووووووووووووووو...بێدەنگ نەبن ئێوەش دەخۆم !!

من ئەو شەوە خۆشانەم بە ئێش و ئازاری هەناوم دەبردەسەر، ئەو شەوی میاو میاوەشم لەو برادەرانە تاڵ و ناخۆش کرد، کاتێك پێچێکی توند و درێژخایەن بەنێو زگمدا هات و لە پەلوپۆی خستم، هەموویانم لەنێو جێگادا هەڵساندەوە و خێرا لامپەکەیان پێکرد، هەستم دەکرد لەنێو خۆیاندا مشتومڕیان بوو لەسەر ئەوەی چۆن بەو شەوە خۆیان بگەیێننە دکتۆر و لەو دۆخە رزگارم بکەن، لەلاوەش ئازاری سکم گوشارێکی ئەوتۆی بۆ دەهێنام، کە نەمدەزانی خۆم بە کوێی ژوورەکەدا بکەم.

جارێ لەسەر پشت و جارێکی دی لەسەر سك دەکەوتم، جارێ جەستەم دەبووە بازنەیی و جارێ ڕاست ڕاست. ئێشەکە بەرادەیەك گیانی داگرتبوو، دەتوت لە دواین ساتەوەختەکانی ژیانمدا دەژیام، گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە دەبێ بە هەر نرخێك بێ لەو ئازارە رزگارم بێ. لەپڕ دەستم بۆ دەریچەی سۆپاکە برد و کردمەوە، کە سەرم لە کورەی ئاگرەکە نیزیك کردەوە، توند لە پشتەوە بۆ دواوە رایانکێشام. من ئیدی ئاگام لەخۆم نەمابوو، وەختێك چاوم هەڵێنا، خۆم لەنێو کۆشی ئاسۆی هاوڕێم بینییەوە، پێم سەیر بوو نەمدەتوانی لەو بارودۆخە

تێبگەم، وڕوگێژ ببووم، کە ئاوڕێکم لە تەنیشت خۆم دایەوە، (سەرۆ) و دکتۆر (ئەبو گۆران) لەسەر چۆك دانیشتبوون، بزەیەکیان بۆم کرد و دکتۆر پێمی وت:

- سەرۆ گوتی وا بزانم سەران مردووە، کەچی دەبینم زیندووی!؟

ئەو کات زانیم سەرۆ بەو نیوە شەوە، بەو دنیا بە بەفرداپۆشراوە خۆی گەیاندۆتە دکتۆر، ئەبوگۆران دەستێکی لەسکم داو یەکسەر نەخۆشییەکەمی دەستنیشانکرد و وتی:

- ئیلتیهابی ریخۆڵەتە.

بەو شەوە دەرزییەکی لێدام، دوو دەستە گولاجیشی پێدام و وتی:

- رۆژێ سێ دانە لەو گولاجانە دەخۆیت، ئەگەر چاك نەبیتەوە ئەوە دەست لە خۆت بشۆ!!!

من لەرێگای دکتۆر رەحیمەوە زانیم، کە خەڵك و شاری هەڵەبجە چیان بەسەر هاتووە، گرتووخانەکە نەرادیۆی لێبوو نە تەلەڤیزیۆن. تاکە سەرچاوەیەك بۆ زانینی هەواڵەکانی دەرەوە تەنیا ئەو کەسانە بوون، کە رۆژانە دەگیران. تێیاندا هەبوو بێ ئەوەی لە کەسێکی گومانلێکراوی نێو زیندان بترسێ، وەك ئەوەی رووداوێکی ئاسایی بۆ برادەرە نێزیکەکانی بگێڕێتەوە، خۆی بۆ ئێمە ڤالاّ دەکردەوە. ئەو کوڕە گەنجەی کە لەدواییدا زانیمان خەڵکی هەڵەبجەیە، دوای ئەوەی دوو رۆژ زمانی لە گۆ کەوتبوو، پاش

ئەوەی دوو رۆژ  سەری لەنێوان هەردوو ئەژنۆی عاسیٚ کردبوو، لە هیکرِا سەری بەرز کردەوە و بە چاوە پرِ لە خوێن و فرمێسکەکانییەوە سەیری یەك بە یەکمانی کرد، وەك ئەوەی پێمان بڵێ ئیدی هەقە هێندێکیش گوێ لە من بگرن. من هەر کە سوورایی چاوەکانیم بینی خێرا وتم:

- ئەوە چاوت بۆ وای لێهاتووە؟

سەرەتا هەستمان کرد بەر لەوەی بیەوێ قسەیەك بکا، گریان لە قورگی عاسیٚ ببوو، چەندجارێك هەولێدا خۆی ئاسایی بکاتەوە، دواجار پاشەکشەی بە گریانەکەی کرد و لە دەستپێکدا چەند پەیڤانی بە نیوەچڵی و پچرِ پچرِی لە دەم دەرچوو (کیم.. یا.. کیم..یا، گوێتان.. لێبووە؟ هەڵەبجە.. تەیارە؟!) دیاربوو ئەو برادەرە لەبیری چووبوو، کە لە ماوەی ئەو دوو رۆژەدا ئێمە هەر لە تەنیشت ئەوەوە بە زمانی ئەو، قسەمان لەگەڵ یەکدیی دەکرد. لەوەش دەچوو، تەنیا بە جەستە لەلای ئێمە بوو بێ، دکتۆر رەحیم کە لە زمانمان نەدەگەیشت، کەچی بە بینینی چاوە خوێناوییەکانی کورِە گەنجەکە، یەکسەر وەك بیەوێ هێندێك هێورم بکاتەوە دەستێکی منی گوشی و لەسەرخۆ بە عەرەبی پێمی وت:

- ئەو کورِە بەر کیمیاوی کەوتووە!

منیش دەمم لە گوێچکەی نێزیککردەوەو وتم:

- بۆ بە پاسەوانەکان نەڵێین دکتۆر؟

دکتۆر هەر بە ئیشارەت پێمی وت، کە باشتر وایە ببردرێتە نەخۆشخانە. من جارێکی دیکە بە دەست و چاوم هانمدا کە قسان بکا، ئەویش هەستایە سەر پێ، وەك ئەوەی ئەکتەری شانۆگەرییەك بێ و ئێمەش بینەرەکەی بین، بێ ئەوەی هەست بکا کەسێك لە ژوورەکەدایە، چەند هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕایەوە و خۆی بە دیوارەکەوە نوساند، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و یەکڕاست لە دوڕ چاوەکانی من راما و وتی:

- من لە ماڵەوە دانیشتبووم، دایکم تازە لە بازاڕ هاتبۆوە، تراکسوتێکی وەرزشی بۆ کڕیبووم، هێشتا لە عەلاگەکە دەری نەهێنابوو، خوشکە بچوکەکەم نازانم لە کێ تووڕەببوو، مانی لە خواردن گرتبوو، هەرچەند هەوڵمان دا، پاروویەکیشی نەخوارد، نەماندەزانی بۆ ئەوەندە رووی لە ئاسمان دەکرد؟ من لەخۆمەوە وام زەندەبرد، لەو دەمە دوعا لە هەمووومان دەکا، برا ناوەنجییەکەم لە نێوەڕاستی حەوشە بە تەنیا یاری لەگەڵ تۆپەکەی دەکرد، من لەتەنیشت نەنکم لە سەر پشت ڕاکشابووم، ئاوێنەیەکی بچووکم پێبوو، لەخۆم رادەمام، کەس نەیدەزانی لەنێو ئاوێنەکەدا چیم دەبینی، من ئەسڵەن سەروسیمای خۆم لێ دیار نەبوو، لەگەڵ کچە دراوسێکەمان دەدوام، ئەو کچەی زۆرینەی ئێواران لە سەربان یەکدیمان دەبینی، ئێوە حەتمەن زۆرینەتان خۆشەویستیتان کردووە؟ دەبێننە بەر چاوتان، ئەو کاتەی دنیا تاریك دادەهات ئێمە

هەردووکمان دەبووینە یەك جەستە و لەنێو تاریکیدا ون دەبووین، باوەڕ دەکەن ئەو کاتانەی دەمانویست لەیەکدی جیا ببینەوە، نەماندەتوانی! ئەی خوایە چ سیحر و لەزەتێکی هەبوو، ئەرێ تو خوا ئەگەر ئێوە من و (شەنگوڵ)تان وا بدیبایە ویژدانتان ڕێگای پێ دەدان بمانکوژن؟ باوەڕناکەم، کەچی من و شەنگوڵ لەنێو ئاوێنەکەدا بووین، کە ڕۆژی قیامەتمان بینی، بەڵێ گەر ئێوە قیامەتتان نەبینیوە، ئێمە بینیمان، دروست لەو کاتە بوو کە دایکم خەریکی دەرهێنانی تراکسوتەکەم بوو لە نێو عەلاگەکە، دایکم لەو کاتە دەیویست تراکسوتەکە تاقی بکەمەوە، منیش بە دەستێك ئاوێنەکەم گرتبوو، بە دەستەکەی دیکەیشم ئاماژەی نەخێرم بە دایکم دەدا، من ڕاستییەکەی لە دنیای خۆمدا بووم، ئاوێنەکە بۆ من وەك شاشەی تەلەڤیزیۆن وابوو، لەنێویدا زۆر بە جوانی خۆم و شەنگوڵم دەبینی، لەناو دارستانێکی چڕوپڕدا ڕامان دەکرد، ئەوەی مەخلوقی خودایە لەوێ نەبوو، لە سەر کانیاوێ گیرساینەوە، هەردووکمان لەناو کانیاوەکە باوەشمان بەیەکدا کرد و گڕمان لە ئاوە ساردەکە بەردەدا، ئەو کاتە دنیا بە گەورەیی خۆی بۆ من و شەنگوڵ تەنیا ئەو کانییە بوو، لەپڕ کۆمەڵە گرمەیەك وەك ئەوەی یەکدیی ڕاو بنێن بە دوای یەکدا لەناو جەرگەی ئاسماندا هاتنە خوارەوە، دنیا بە هەموو تاڵی و ناخۆشییەکانی هاتە بەر چاوم، هەموو دیمەنە جوان و ڕووخسارە شیرینەکان بەرگی حەپەسان

و بێ ئۆقرەییان گرت هیچ شتێك لە شوێن خۆیدا نەمایەوە و تێکەڵ بەیەکدیی بوون، برا ناوەنجییەکەم کە یاری بە تۆپەکەی دەکرد، لەبەرچاوم وەك تۆپ بەرز بۆوە و زرمەی لێوە هات، خوشکە بچوکەکەم کە تا ئەو کات مانی لە خواردن گرتبوو، پەنای بۆ دایکم برد و بە گریانەوە داوای تیکە نانێکی لێکرد، نەنکم تەنیا یەك وشەی لەدەم دەرچوو ئەویش یا سەتتار بوو!، ئیدی ئێستەشی لەگەڵدا بێ نەمدیتەوە، من کە سەیری ئاسمانم کرد، هەر لەوە دەچوو لەوێدا گڕکانێك تەقیبێتەوە، ئەوەی منی بەجارێ شپرزە کرد، ئەو خوشکە چکۆڵەم بوو، لەنێو باوەشی دایکمدا جێگای نەدەبۆوە، هەوڵی زیاتری دەدا بەنێو جەستەی ئەودا رۆبچێ، لەوێدا خۆی بشارێتەوە، منیش وەك ئەوەی شەنگوڵ لەبەر چاومدا هەڵوەریبێ، لەنێو پارچە شکاوەکانی ئاوێنەکەمدا بە دوویدا دەگەڕام، نەماندەزانی بۆ چ لایێ رابکەین، ئەوەی زۆر گرینگ بوو، دەبوایە لەو شوێنە بجوڵێینەوە، رێگایەك ببینینەوە و لەوێ دەرچین، لەکاتێکدا ماڵەکەمان دەرگایەکی گەورەی هەبوو، کەچی هەمووومان بە رادەیەك سەرمان لێشێوابوو، وامان دەزانی لەنێو دۆڵێکی عاسێداین هیچ رێگایەکمان شك نەدەبرد بۆ رزگاربوون، ئێمە لەو ساتەدا تەنیا ئەوەمان دەزانی کە دنیا بەسەر ئێمەدا خاپوور دەبێ، ئەوەی زیاتریش هەترەشی هەمووومانی برد، تێکەڵبوونی قیژە و هاواری نێر و مێ، گەورە و

بچووك بوو، سەرەڕمی هەموو دەنگەكانیش هاواری بێكۆتایی
منداڵان بوو، دەگەیشتە كەشكەلانی فەلەك، من تەنیا ئەوەم
پێكرا خوشكە بچووكەكەم لە باوەشی دایكم دەربهێنم،
خوشكەكەم ئەوەندەی بۆ دایكم دەگریا و دەپاڕایەوە ئەوندە ترسی
لە دارمانی ئاسمان و زەمین نەبوو، من هەرچەند هەوڵم دەدا
بیلاوێنمەوە و بێدەنگی كەم ، كەچی ئەو هەر دەستی بۆ دایكی
درێژ دەكرد و هاواری بۆ دەبرد، دایكم زۆری هەوڵدا نەنكم قیت
بكاتەوە، كەچی نەیتوانی، من هەر ئەوەندەم پێكرا هاواربكەم
(دایە میران رزگار بكە، خێراكە!) میرانی برام هێشتا لەژێر
كاریگەری زەبری گرمەی تەقینەوەكان لەنێو حەوشەكەدا
دەگەوزا، من خوشكەكەمم توند لە باوەش كرد و چوومە دەرەوە،
خەڵكی وەك ئەوەی هێزێكی غەیبی راویان بنێ راست و چەپ
غاریان دەدا، كەس نەیدەزانی بۆ كوێی ئەو شارە هەڵدێن، منیش
بە دوای كۆمەڵێك لەو كەسانە كەوتم، هەر بە رێگاوە هەستم
دەكرد خوشكەكەم وەك ئەوەی بە هەورازێكدا هەڵبگەڕێ، بە
زەحمەت هەناسەی دەدا، من خۆیشم لەبەر زوورانەوەی چاوەكانم
بەر پێی خۆمم بەباشی نەدەدی، لەو دەمە بیرم لە هیچ شتێك
نەدەكردەوە، بە غەیری ئەوەی چۆن بتوانم خوشكەكەم لەو
مەینەتییە رزگار بكەم، هەر بە رێگاوە زۆر كەسم دەبینی وەك
ئەوەی توانای رۆیشتنیان نەمابێ، بەلادا دەكەوتن، باوەڕم پێ

بکەن منیش بۆ چەند جارێك قاچەکانم دەنوشتانەوە و هێندە نەدەما بکەوم، بەڵام کە سەیری خوشکەکەمم دەکرد هێزێکی سەیر لەنێو گیانمدا چەکەرەی دەکرد، توانایەکی زۆری پێ دەبەخشیم و لە قورسایی ئەویشی کەمدەکردەوە، بەڵام گرفتی گەورە ئەوە بوو، ئەو دیمەنە ترسناکانەی دەمانبینی، بەردەوام ترس و تۆقاندنی لە وجودمان بەرهەم دەهێنا، ئێمە هەر رامان دەکرد و هەر دەڕۆیشتین، شاریشمان بە جێهێشت و هەر بە پێوە بووین، هەر بابای لە دەشتەکانەوە بەرەو هەوراز و بەرزاییەکان رایدەکرد، دەتوت گژوگیا و دارودەوەنی ئەو سەرزەمینە سێوی لێ ڕوواوە، بۆ هەر لایێ دەچووی بۆنی سێو هوروژمی بۆ دەهێنای، رووت لە هەر کوێی دەوروبەرت بکردایە، کەسێك دەینالاند و لەسەر ئەرزەکە دەگەوزێ...

من بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، ئەوەی گرینگ بوو دەبوایە لەو ناوە دوور بکەومەوە، هەر کاتێکیش سەیری چاوە پڕ هاوار و حەپەساوەکانی خوشکەکەمم دەکرد هەردوو قاچەکانم تێکدەئالان، هەنگاوەکانم راست و چەپیان دەکرد و سەرم بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و هاوارم بۆ خوا دەبرد، کە تەنیا ئەو خوشکە جوانکیلەیەم لە مردن دوور بخاتەوە، من هەموو گیانم لەنێو گریاندا نقووم ببوو، هیچ کەسێك نەبوو لە دەوروبەرم هاوار نەکا و نەقیژێنێ و داوای کۆمەك و یارمەتی لەوانی دیکە نەکا، من کە

خۆم لەو شارە لە دایك ببووم و هەموو تەمەنیشم لەوێ بردبووە سەر، کەچی نەمدەزانی بۆ کوێی دەرەوەی ئەو شارە رادەکەم، هەر لە کەسێك دەچووم سەرلێشێواو، یاخۆ میناك ئەوەی تازە هێنرابمە ئەو شارە، دوور و نێزیکم لێ تێکەڵ ببوو، باوەڕ بکەن کەسم نەدەناسیەوە، رەنگبێ هەر لە تەنیشت خۆمەوە کەسانی زۆر نێزیکیشم بەلامەوە تێپەڕی بن، من لە تاوی گریانە جەرگبڕەکانی خوشکەکەم، ئەوەی هۆش بێ لە سەرمدا نەمابوو، ئەو خوشکەم چەند غەریب بوو براینە! کە بە هەموو گیانی هاواری دەکرد: دایە!! هیچم بۆ نەدەمایەوە و منیش لەگەڵیدا رووم لە ئاسمان دەکرد و پڕ بە دڵ دەمقیژاند (ئەرێ دایەگیان توخوا لە کوێیت، وەرە لای کچە جوانکیلەکەت؟) خوشکەکەم تا دەهات دەنگی دەنوسا و قیژەکانی کەمتر دەبوونەوە، تا دەهات نوزەی لێدەبڕاو هەناسە هەڵکێشانی تەنگتر دەبۆوە، جەستەی تا دەهات شلوخاوتر و قورستر دەبوو، منیش لە زەینی خۆمدا وامدەزانی هەنگاوەکانم بۆ دواوە دەگەڕێنەوە، ترسی گەورەم ئەوە بوو (سوورگوڵی) خوشکمم لە دەست بەربێتەوە، ناچار بووم لە شوێن خۆم دابنیشم، سوورگوڵم لە تەنیشت خۆم درێژکرد، چەندجارێك دەستم بە نێوچاوانی داهێنا، لە گۆشەی هەردوو چاوەکانیدا فرمێسك دەهاتنە خوارەوە، من لەبەر خۆمەوە قسەم لەگەڵیدا دەکرد، دەمگوت: (سوورگوڵ گیان، تۆ پشەخەوێك بکە، هێندە نابا دایکم

و نەنکم و براکانیشم دەگەنە لامان، لە من تورە مەبە، دەبوایە لەویَ دوورت بخەمەوە، دەزانم بۆ تۆ زۆر ناخۆش بوو، چار نەبوو، ئیَستە من و تۆ لە مەرگ دوور کەوتووینەتەوە، ئەی نابینی، لەسەر تەپۆلکەیەك دانیشتووین، تەنیا خوامان لیَ دیارە، ئەها دەبینی خەلّکی شارەکەمان چۆن بە دووی یەکەوە رادەکەن؟ ئەوانیش وەکو ئیَمە خۆیشیان نازانن بۆ کویَ دەچن، دەلیَی لە دۆزەخەوە هەلّدیَن و گەرەکیانە بگەنە بەهەشت، بەلاّم حەیف و مخابن هەر بە ریَگاوە بەلادا دیَن و دەکەون، رەنگبیَ بۆ دواجاریش چاوەرِیَی ئەوە بن بەر لەوەی چاو لیَك بنیَن ئازیزەکانیان ببینن، تۆش مەنوو سوورگولّ گیان، کەمیَکی دیکە دایکم دەگاتە لامان، ئەو خۆی پیَی وتم..دیارە زۆر ماندوویت؟ ئەوەتا یەکیَك لە دوورەوە دەبینم، هەر لە دایکم دەچیَ، بەلاّم پیَناچیَ کەسی لەگەلّدا بیَ، ئەی خوای لیَقەوماوان لە کویَیت؟ هەموو بەلەنگاز و بەدبەختەکانی ئەم سەرزەمینە هانایان بۆت هیَناوە، رەحمیان پیَبکە، فریشتەیەك بۆ ئیَرە بنیَرە تا بزانیَ چ ویَرانبوونیَك لیَرە روودەدا، تا بزانی خەلقەندەکانت بۆ وایان بەسەر دیَ. کوا دەستە پرِ میهر و پرِ بەرەکەتەکانت، ئیَمە لەسەر زەمینی تۆدا چ قەباحتیَکی گەورەمان کردبوو تا ئەو سزایەمان بۆ ببرِیَننەوە؟! ئیَمە لە زرِ ئەستیَرەیەکی تۆدا نەهاتووینەتە خوار و ئەرزی کەسیَکی دیکەمان داگیر نەکردووە.. کوا پەنجەیەکی ئەم

ناسکۆڵەیەم نیشان بدە لە چ زەمین و زەمەنێکدا تاوانی پێکردووە، ئێوە سەیری ئەم نێوچاوانە پاکو بێگەردە بکەن نیشانەی چ تاوانێکی پێوەیە؟ نا نەکەی ئەو چاوە چکۆڵە و شیرینانەت بۆ هەتا هەتا دابخەی، من لێرەم لە تەنیشت تۆوە دانیشتووم، سوورگوڵ خان دایە دوای ساتێکی کە لە باوەشت دەگریٚ، ئیدی بەڵێنت پێ دەدەم چی دیکە هەڵتنەگرم، تۆ لەئامێزی دایە بنوو، منیش جێتان ناهێڵم، ئەی خودایە ئەم ئاسمان و زەمینە بۆ وا دەکولێ؟ ئەو خەڵکە بۆ ناتوانن لەسەر پێ بووەستن، بۆچی زەوی وا بە ئاسانی هەڵیاندەلوشێ؟ ئەگەر ئەمڕۆ ڕۆژی قیامەتە، کوا فریشتە چاکەکانت، من کە چیدیکە نەتوانم ئەم خوشکە نازدارەم لێرە دوورکەمەوە، بۆ بە هانامەوە نایێن؟ سوورگوڵەکەی دایە دەبێ بمبووری، من دەمویست لە بۆنی سیر و سێوە رزیوەکان دوورت بخەمەوە، کەچی ئەو بۆنە، وەك میوانێکی رەزا قورس لێمان جیا نابێتەوە، ئەوەتا بە چاوی خۆت دەبینی چۆن چۆنی هەمووومان لەبەری هەڵدێین، دەزانم تۆ ئێستە ئەوەندە لەم ئاسمان و زەمینە بێزاریت، ناتەوێ جارێکی کە بیانبینی و چی دیکەش ئەو پرسیارە سەیر و سەمەرانە ناکەی، کە منیش زۆرجار لە ئاستیاندا دۆشدادەمام و نەمدەتوانی وەڵامیان بدەمەوە، سوورگوڵ من لە هەناسەگیران و دەست و پێ کوتینەکانت تێدەگەم کە ئێستە لە خۆشی بینینی دایکت بەم هەورازە دەچیتە خوارێ، وەك ئەوەی

باڵت گرتبێ، لەسەر ئەم زەوییە نەفرەتییە بەرز دەبیتەوە، لەناکاو دەفڕیت، لە هەورازەوە بەرەو دەشتایی، لەدوورەوە دایکە ماندوو و کلۆڵەکەت چاوەڕێت دەکا، تۆش بە نەغمەی شەقەی باڵەکانت، بە جەستەیەکی لێوانلێو لە خەندە، بۆی هەڵدەنیشی، هەردووکتان باوەش لە یەکتر دەگرن، هێندە لە ئامێزی یەکدیدا دەمێننەوە، تا رۆدەچنە گیانی یەکتر و بۆ ئەبەد جیا نابنەوە)...من ئێستەش نازانم سوورگوڵ بۆ کوێ چوو، چۆن لەنێو دەستی مندا ونبوو، من هەر ئەوەندەم زانی بە شوێنێکدا هەڵدەگەڕێم مەگەر ئاژەڵە کێوییەکان ملی ئەو شوێنانە بگرن، وەنەبێ من لەو شوێنانەدا بە تەنیا بووبم، نا، زۆرێك لەو کەسانەی لە ترسی هەڕەشەکانی مەرگ هەڵاتبوون، لەگەڵ مندا بوون، بەڵام وەك ئەوەی هیچمان لەگەڵ هیچ کەس نەبین، هەر یەکە و ملی رێگایەکمان گرتبوو، بێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ دەچین، هەر دەڕۆیشتین، ئەوەی بۆ من جێگای سەرسوڕمانبوو، لەو سەفەری هاتوو نەهاتەدا، لەو خەڵکە زۆرەی کە بە رێگاوە دەمدیتن، ئەوەی منداڵ بوو لەنێوانماندا نەمابوو، هەموومان دەستمان ڤالاْبوو لە هاوچکۆڵەکانمان، شەکەت و ماندوو، برسی و تینوو، زۆرینەمان وامان لێهاتبوو، هەنگاوێك دەچووینە پێش دوو هەنگاو دەگەڕاینەوە دواوە، دەتوانم بڵێم من یەکێك بووم لەوانەی مردن دەڕۆستم نەدەهات، لە ئاخر و ئۆخرەکەی هەستم دەکرد من ئەوەتا خەریکە مردن راودەنێم، نازانم

بۆ لە قووڵایی دەروونمدا بەردەوام کەسێك لەگەڵمدا بوو، لەوە دڵنیایی دەکردمەوە، کە سوورگوڵی خوشکم گەڕاوەتەوە لای دایکم، هەر بە ڕێگاوەش چەند جارێك گوێم لە خودی دەنگی خوشکەکەم دەبوو، کە ئاوڕم دەدایەوە لە پشتمەوە پەرییەکی چکۆڵە بۆم دەوەستا و بزەیەکی پڕ سۆزی بۆ دەکردم، کە بۆی دەچووم، هەردوو قاچی لە زەوییەکە دادەبڕان و وەك دەستێك بۆ ئاسمان هەڵیکێشێ، لەبەر چاومدا بەرز دەبۆوە، لەگەڵ ئەوەی بە هەڵفڕینەکەی دڵگیر و نیگەران دەبووم، بەڵام ئومێدێك هەموو گیانمی لەخۆیدا نقووم کردبوو، هەر بە راستی وایلێکردبووم باوەڕ بەوە بهێنم، کە سوورگوڵی خوشکم لەلای دایکمە!

من و کۆمەڵێك کەسی دیکە پاش ئەوەی کێوێکی سەخت و عاسێ لە دوامانەوە جێما، خۆمان لە پێدەشتێکدا بینییەوە، کە بۆ دەستنیشان کردن و چاودێریکردنمان زۆر ئاسان بوو، ئێمە چەند لە شارەکەمان دوور دەکەوتینەوە زێتر و زێتر لە دڵنیایی نێزیك دەبووینەوە، ئێمەی غەریب و سەرلێشێواو، گەڕۆك بە دوای پەناگەیەکدا، نەماندەزانی ئاراستەی هەنگاوەکانمان رووە و کوێ بکەین، ئەوەی کە زۆر هەڕەشەی لێ دەکردین ترسبوو لەوەی توانای رۆیشتنمان نەمێنێ و نەگەین بە هیچ کوێ، ئێمە تا گەیشتینە سنووریش هەوای ئەو ناوە بە بۆنی سێو ئالوودە بوو، من خۆم نەمدەزانی لە کوێوە سنووری ئێمە کۆتایی دێ و سنووری

ئێرانیش لە کوێوە دەست پێدەکا، بەڵام ئەو کاتەی لە پێدەشتەکەدا لەگەڵ کۆمەڵێك لەوانەی وەك خۆم هەڵاتبوون یەکمان گرتەوە، زانیم کە ئێستە ئێمە لە نێو خاکی وڵاتێکی دیکە داین، من بەو زانیارییە نە دڵم خۆشبوو نە ئۆقرەم دەگرت، ناوە ناوە دادەمام، وەك ئەوەی شتێکی گرینگم ون کردبێ، یاخۆ بەشێکی جەستەم لە شوێنێك جێمابێ، من گوێم لە مشتومڕی ئەو کەسانە دەبوو کە لێمەوە نێزیکبوون، بەڵام بە روونی نەمدەزانی چی دەڵێن، لە کەسێك دەچووم وڕوکاس بێ، لە یەکێکم دەکرد نەخۆشییەکی کوشندەی گرتبێ و بیەوێ سەردانی دکتۆر بکا. چاوەکانم بە رادەیەك دەسووتانەوە و دەخوران تاقەتیان لە بەر بڕیبووم، دەبوایە بەردەوام دەستێکم بۆ خوراندنیان بەکار بهێنابوایە، ئەوانەی لەگەڵ منیشدا بوون زۆرینەیان تووشی هەمان دەردە چاو هاتبوون، پێدەچوو یەکێکیان لە ئاخر و ئۆخری ساتەکانی بینیندا بێ، من کە خۆم لەگەڵ ئەوانی دیکە بەراورد دەکرد، هەستم دەکرد لە رووی تواناوە هێشتا لەوان باشتر بووم، هەر ئەو تینەی کە بە جەستەمەوە مابوو، وای لێکردم خۆم بگەێنمە ئەو کابرایەی کە لەبەر ئازاری زۆری چاوەکانی، خەریکبوو بە لادا دەکەوت، خێرا لە کابرا نێزیك بوومەوە، دەستێکیم گرت و هەڵمساندەوە، سەیربوو خودایە! ئەو پیاوە پیریش نەبوو، کەچی هەموو گیانی وەك ئەوەی لە مەرگ نێزیك بووبێتەوە دەینالاند، نەمدەزانی چی لێ بپرسم،

زمانم له ئاست ئازارەکانی لەشی لە گۆ کەوتبوو، لە هەمووی سەرسامتر ئەوە بوو هەستم بە گریانێك دەکرد وەك ئەوەی لە شوێنێکی قووڵەوە دەربچێ و بەسەر جەستەیدا پەخش ببێتەوە، گریان بە ئەسپایی بەڵام پڕ لە خۆگریی، لە بن لێو و چاو و لە تاك تاکی پەنجەکانییەوە دەردەچوو، لە ڕێگای پەنجەکانمەوە بەنێو جەستەی منیشدا ڕەتدەبوو، لەگەڵیدا ئاگری لە دەروونی منیش بەردەدا، لەو دەمە وامدەزانی ئێمەش مەحکومین بەوەی دوای ساتێکی دیکە، پێشوازی لە مەرگ بکەین، من بۆ خۆم ئەو ڕووداو و کارەساتەم میناك خەونێکی تاڵ و هۆڤیناك دەهاتە بەر چاو، گومانم لە هەبوونی خۆم دەکرد، لەوانە بوو ئەگەر بە تەنیا بوومایە ئەو گومانەم زێدەتر بوایە، هەندێجار تروسکەیەکی ئومێد بە هەبوونی ئەو پیاوەی دەستم گرتبوو بۆم دەگەڕایەوە، ئەوانەش کە لە دەوروبەرمدا هەنگاوی قورس و بێ ئاکامیان هەڵدەهێنا، پەیامی ئەوەیان پێ دەبەخشیم کە زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە ژیان بگەڕێتەوە جەستەمان، لەگەڵ ئەوەشدا وێدەچوو هەموومان چارەنووسمان دابێتە دەست قەدەر. ئەو پیاوەی کە توند قۆڵی لە قۆڵم ئالاندبوو، بەردەوام لێوی پڕدەبوو لە هەنسکی گریان و دوعاکردن، حەزم دەکرد لە یەکێ لەو دوعایانە تێبگەم، کەچی پەیڤەکان لەبن لێویدا گرمۆڵە دەبوون و هیچی لێ تێنەدەگەیشتم، لەناکاو کابرا لە شوێن خۆی وێستا و بە جۆرێك سەیری منی کرد،

له دڵی خۆمدا وتم (ڕەنگبێ بیەوێ وەسیەتم بۆ بکا) کەچی لە سیما و چاوە سوور و خوێن تێزاوەکانیدا گلەییەکی زۆرم بینی، بەر لەوەی دەمی بکاتەوە، بە زەحمەت هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە پچڕ پچڕ دەریدایەوە و وتی:

- تەواو کوڕەکەم هەموو شتێك تەواو!!

ویستم بە دڵدانەوە کەمێك لە ئازارەکانی دوور خەمەوە، بەڵام سوودی نەبوو، بە نائومێدییەوە قسەکەمی بڕی کاتێك پێموت:

- ئارام بگرە مامە گیان ئێستە دەگەینە ئاوایی!

- کەس ناتوانێ لە مردن رابکا کوڕەکەم!

ئێمە لە سەرخۆ کیسەڵئاسا بەڕێوە دەڕۆیشتین هاوشارەکانم لە دووری ئێمە بە نشێوێکدا شۆڕ دەبوونەوە، لەپڕ هەر لە نێزیك خۆمانەوە دەستڕێژێکمان لێکرا، من و ئەو پیاوە بێ ئەوەی بستێکی دیکە هەنگاو بنێین، لە شوێن خۆمان دانیشتین، من چاوەڕێ بووم شتێکی دیکە رووبدا، لە دوورەوە چەند کەسانێکم بینی کە دوای تەقەکە لە پشت کەڤر و قەدی دارەکان دەرپەڕین و بەئاماژە داوایان لە هاوشارەکانم کرد، کە لە شوێن خۆیان نەجووڵێنەوە و دانیشن، ئەو کەسانە هەموویان چەکداربوون و جلی سەربازییان لەبەربوو، ئەگەر بە زمانێکی دیکە قسانیان نەکردبا وامان دەزانی سەربازی عێراقین و پشتیان لێ گرتووین،

کابرا که له هەموو شتێك نائومێد ببوو، رووی له من کرد و وتی:

- نەمگوت بۆ هەر کوێ بچین مەرگ پێشوازیمان لێدەکا!

تازه ئێمه شتێکمان نەمابوو لێمان زەوت بکرێ، له پشتەوه تارمایی مەرگ راوی دەناین، له پێشەوەش چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی دەکردین، هاوشارەکانم بۆ خۆبەدەستەوەدان له سەربازەکان چوونه پێش، من و کابراش وامان دەزانی کەس لەو سەربازانه ئێمەیان نەبینیوه، هاوەڵەکەم به سەرسڕمانەوه له من راما و وتی:

- دەتەوێ چی بکەیت؟ هەسته با ئێمەش بچین خۆمان به دەستەوه بدەین، به تەمای خوا.

دەستبەجێ هەردووکمان دەستمان بەرزکردەوه و له سەربازەکان نێزیك بووینەوه، ئێمەیان له یەك شوێن کۆکردەوه و دایاننیشاندین، یەکێك له ئێمه بەئاماژه داوای دکتۆرێکی کرد و دەستیشی بۆ چاوی هەموومان درێژ کرد، به مەبەستی ئەوەی به خێراترین وەخت چارەسەرێك بۆ ئازارەکانی چاومان بدۆزنەوه، ئەوان زۆر گرینگیان به داواکەی ئێمه نەدا، تەنیا ئەوه نەبێ چەند مەتارە ئاوێکیان بۆ هێناین، دوای ئەوەی بەتێری ئاومان خواردەوه، هەریەکه و پارچه سەموونێکیان پێداین، هێندەی نەبرد گوێمان له گڕەگڕی ئۆتۆمبێلێك بوو، تا دەهات لێمان نێزیك

دەبۆوە، ئاماژەیان پێ داین کە هەڵسین و رووە و ئەو زیلە بچین کە لە خوارەوە بۆمان وەستابوو، من بۆ خۆم هێشتا لەنێو فەزای ترسێکی زۆر مابوومەوە، ئەو کابرایەش کە بە ئاستەم بەرپێی خۆی دەبینی و لەنێو زیلەکەش هەر دەستم گرتبوو، بە قسە پڕ نائومێدەکانی زیاتر و زیاتر دەیترساندم، کاتێك کە بۆ ئاخرین جار پێی وتم:

- نێوان ئەو سنوورانە هەمووی خەرەندی مەرگە!

وا هاتە بەرچاوم، پشتی ئەو زیلەی کە هەموومانی تێدا ئاخنرا بووین وەك ئەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ بێ و هاکا بەرد و خاشی ئەو شاخانە بەسەرماندا باری، ئەو کاتەی ئێمە سواری زیلەکە بووین خۆر لە ئاوابووندا بوو، پشتی زیلەکەش کە بە چادرێکی خاکی داپۆشرابوو، تا دەهات تاریکتر و تاریکتر دەبوو، وامهەست دەکرد زیلەکە بە خێراییەکی لە ئەندازە بەدەر بەنێو تونێلێکی تاریکدا دەڕوا، تا دەهات تونێلەکە تەسکتر و تەسکتر دەبێتەوە، من ئەوەندە ئاگام لەخۆم بوو کە تارمایی دەستێك بەنێو هەناومدا گەڕا و لەو دنیای گواستمەوە، کە چاوم کردەوە، خۆم لەنێو دەستی کەسێك بینیەوە، کە بە ئاو دەموچاومی تەڕ دەکرد، دواتر بێ ئەوەی هیچ قسەیەکم لەگەڵ بکەن، منیان بە ئۆتۆمبێلێك هێنایە ئێرە.

کوڕە لاوە هەڵەبجەییەکە، کە حیکایەتی بۆنی سێو و شکانی قامەتی هاوشارییەکانی بۆ ئێمە دەگێڕایەوە، هەمووومان تاسابووین، من بۆ خۆم هەستم دەکرد هەوای ئەو ژوورەی کە گیراوەکانی لێبوو، بۆنی سێوی لێ دەهات. دکتۆر رەحیم کە لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، لە سیمای گەنجەکە وردببۆوە، چاوەکانی بە ئەبڵەقی وەستابوون، دەتوت چاوەڕێی کەسێکی دەکرد، کە لە دوورەوە بێ و هەواڵێکی گرینگی بۆ بێنێ، ئەو ئەگەرچی ماوەیەکی باشیش لە شاخ بوو، بەڵام وەك ئەوەی من بیناسم لە چوار پێنج وشەی کوردی زیاتر نازانێ، بۆیە پێ نەدەچوو هیچ شتێك لەو ڕووداوەی کوڕە بۆمانی گێڕایەوە تێگەیشتبێ، منیش ناچاربووم پوختەی کارەساتەکەی بۆ بگێڕمەوە، لە ژیانمدا بۆ یەکەمینجار بوو، دووجار شەپۆلی فرمێسك بە چاوی سەرکردەیەکی ئاوای سیاسییەوە ببینم، نازانم بۆ لە کاتی قسەکردنمدا حەزێك یەخەی گرتم، وای لێکردم ئاراستەی باسەکەم بگۆڕم، بێ ئەوەی وەختی ئەو پرسیارە بێ پێی بڵێم:

- گەر بتناسن چیت لێ دەکەن؟

دکتۆر بۆ ساتێکی کەم بێدەنگ بوو، بزەیەك لەسەر دەموچاوی هەڵنیشت، دواتر لەسەرخۆ وتی:

- نازانم، شایەد بەرمبدەن!

وەڵامێکی سەیربوو، یەکسەر دیمەنی ئەو لێکۆڵەرەوەم هاتە بەرچاو کاتێ رەپوڕاست پێی وتم (ئێمە دەزانین تۆ چیت، چیتر ماندوومان مەکە و بڕایەوە!) ویستم بە دکتۆر بڵێم (خۆ دەزانن منیش چیم، ئەی بۆ بەرم نادەن؟) بەڵام هەستم کرد ئەگەر ئەو قسەیە بکەم رەنگبێ بە جۆرێکی دیکە لێم تێبگا و ناڕەحەت ببێ. لەگەڵ ئەوەشدا نازانم ئەو وەڵامەی دکتۆر بۆ هێندە نیگەرانی کردم؟ بیرم کردەوە بۆ نا کەسێکی وەك من کێ پێی دەزانێ، کێ هەوڵی ئازادکردنی دەدا، کێ دەزانێ ئێستە لە کوێم، چیان لێکردووم و چیم لێ دەکەن؟ من دەزانم ئێستە ئەو دەستانەی بە کوچە و کۆڵانەکانی ئەو دەوڵەتە دەگەن، بە پلە و پایەکانی دەسەڵات ئاشنان بۆ ئازادکردنی من ناجووڵێنەوە، ئێستە هەواڵی گرتنی دکتۆر لە رێگای حزبەوە گەیشتۆتە هەموو دنیا، چەند رۆژێکی دیکە ئازاد نەکرێ، کۆبوونەوەی گەورەی بۆ دەکرێ، لە هەموو کون و قوژبنی ئەم دنیایە بەیاننامە و هەڵمەتی ئازادکردن بڵاودەکرێنەوە، ئەگەر گیرانەکەی زۆر دوا بکەوێ، ئەوا خۆپیشاندانی جەماوەری و نامەی ناڕەزایی و ئیمزا کۆکردنەوە سەرتاسەری دنیا دەگرێتەوە، لەسەر ڕووپەڕی رۆژنامەکان بە مانشێتی گەورە دەنووسرێ (هاوڕێ رەحیم عەجینە ئازادکەن، ئەشکەنجە و لێدان لەسەر تێکۆشەری گەلەکەمان هاوڕێ رەحیم هەڵگرن، لە پایتەختەکانی دنیا خۆپیشاندانی ناڕەزایی گەورە

دەهەمبەر باڵیۆزخانەی ئێرانەوە بەڕێوە چوو، ئێران دوژمنی سەرسەختی رژێمی عێراق هاوڕێ رەحیم عەجینە دەگرێ و...هتد) ئیدی دەستە بە هێز و کاریگەرەکان دەگەنە زیندان و گرتووخانەکانی سەرتاسەری ئەم وڵاتە، تا دکتۆر نەدۆزنەوە ناوەستن، تا ئازادی نەکەن ئۆقرە ناگرن، ئاخر وەنەبێ دکتۆر شایستەیی ئەو هەولآنە نەبێ، بەڵام ئارشەکە ئەوەیە ئاخۆ من چ جیاوازییەکم هەیە لەگەڵ دکتۆر، ئەی ئەوە نییە منیش لەتەك ئەودا راکشاوم، ئەی بۆ کەسێ لێمناپرسێ، کێ دەڵێ ئەو هەر ئێستە ئازاد ناکرێ و منیش بەو تۆمەتە بیست ساڵ زیندانیم بۆ نابڕێتەوە؟ ئەگەر دەستێك بە هانامەوە نەیێت خۆ هەر دەبێ لێرە پاڵدەمەوە، رەنگبێ دوای دەرچوونیشم بڵێن ئەوە ئێمە بووین هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ ئازادکردنت، ئاخر ئەگەر ئەم حکوومەتە دڵنیا نەبووبێ کە من کۆمۆنیستم، بۆ دەمگرێ؟ نا ئەم قسانە هەمووی بێمانان، باشتر وایە حزب لە گرتنی من بێدەنگ بێ، دکتۆر کەسێکی ناسراوە و تازە چۆن دەتوانێ نەناس بکا، ئەو هەرچییەکیش بڵێ باوەڕی پێ ناکەن، گاڵتەیان بە قسەکانی ئەو دێ، لەوانەیە دەیان وێنە و بەڵگەی بەهێزیان هەبێ، کە هیچ قسەیەکی بۆ نەکرێ و ناچار بێ دان بە کۆمۆنیستبوونی خۆی دابنێ، بەڵام من وەك ئەو نیم، من هەر لە سەرەتاوە وتوومە هیچ نیم، ئەی چۆن دەکرێ داکۆکیم لێ بکەن؟ بەڵام بۆ نا، خۆ دەکرێ

وەك كەسێكی دژ بە سەدام داوای ئازادكردنم بكەن، تازە كەس نەماوە نەزانێ، كە من گیراوم، من لەبەر چاوی خەڵكەوە گیرام، ئەوانەی لە كاتی گرتنەكەم لەوێ بوون، برادەرم بوون، هەموویان بینیان كە چۆن پیكابێكی پاسداران هات و لەبەر دوكانی ئەو برادەرەم وەستا، كە لە گەڵ من گیرا، چەكدارێ لە ئۆتۆمبێلەكە هاتە خوارەوە و داوای لە هەموومان كرد ناسنامەكانمان دەربێنین، زۆر بەبێ بایەخەوە سەیری ناسنامەی ئەوانی دیكەی كرد، تەنیا ئەوەی من و برادەرەكەمی گێڕایەوە، بە چاو ئاماژەی پێماندا كە سواری پیكابەكە بین، ئێمەیان برد، بەڵام هەواڵی گرتنمان لەوێ مایەوە، لەوە ئەرخاین بووین، كە هەر هەمان ڕۆژ حزب بە گرتنی ئێمەی زانیوە، ئەرێ كە من نكۆڵیی هەموو شتێكم كردبێ بۆ چاوم لەوە بێ حزب بەیاننامەم لەسەر دەربكا؟تازە هەرچییەكم گوتبێ دەبێ هەر ئەوە دووبارە بكەمەوە، ئێوە پێتان سەیر نەبێ، كە من ئەو شتانەم بە مێشكدا دەهات، ئاریشەی هەرە مەزنی من، ئەو هاوڕێیەم بوو كە لەگەڵ من گیرابوو، ئەو هەموو شتێكی منی لەناو دەستی لێكۆڵەرەوەكان نا، ئەوان ئێستە بە شێنەیی شەڕی دەروونیم لەگەڵ دەكەن، منیش گەیشتبوومە ئەو ڕاستییە، كە دەبێ نمایشێكی زۆر چاك بكەم، ئەگینا بە ئاسانی دەستەمۆم دەكەن و ئاخیرەكەش بە تۆمەتی ئەندامبوون لە حزبێكی قەدەخەكراوی دژ بە ئاین، لەنێو زیندان دەمرزێننەوە. سەیرە بۆ

هەر کوێی ئەم دنیایە رادەکەیت، زیندانێك چاوەڕێتە و گۆشەیەکت پێ پڕدەکەنەوە، بۆ هەر کوێ بچیت چاوێك بە دواتەوەیە، من کە تا ئەم لەحزەیە هەستدەکەم لەنێو ئەم گەردوونە پانوبەرینەدا جێم نابێتەوە و هەر لە شتێکی زیاد دەکەم، بۆچی دەبێ هەموو ژیانم پەڕینەوە بێ بە سەر خوێن و مەرگ، بۆچی دەبێ لە زیندانێکەوە بچمە زیندانێکی دیکە، لە خەرەندی سنوورێکەوە بکەومە نێوخەرەندی سنوورێکی دیکە؟ تۆ بڵێی ئەوەی من دەیکەم هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەیەك نەبووبێ و پێم نەزانیبێ، تۆ بڵێی ئەو قەناعەتانەم قەدەرێك بن و هەر دەبێ لەسەریان بڕۆم؟ ئاخر بۆ دەبێ لە بەرەکانی مەرگ رزگارم بێ و ژیان لە بەرەکانی زیندان بەسەر بەرم؟ من کە چەند جارێك مردن چاوشارکێی لەگەڵ کردووم، گوللە ختووکەی پێستی داوم، کۆپتەر لە خەیاڵێکی قووڵ بە ئاگای هێناومەتەوە، تۆ بڵێی بۆ رۆژێکی ئاوا بووبێ، بۆ ئەوەی زیاتر بژیم تا زیاتر و زیاتر زیندان و گرتووخانەکانی وڵاتان ببینم؟ ئەو وڵاتانە هەر هەموویان لەیەك دەچن، بە یەك شێوە ساتوسەودایی لەگەڵ گیراوەکان دەکەن، مەبەستیشیان یەك شتە و بەس، ئەویش داننانە، دواتر هەموویان وەکو یەك یاخۆ ئەوەتا هەموو تەمەنت دەبەخشنە زیندان یان لە چاوتروکانێکدا کۆتایی بە لاسارییەکانت دێنن! خۆ ئەگەر بزانن سوودێکی مەزنیان پێ دەبەخشی، ئەوە رەنگبێ بەو مەرجە ئازادت بکەن، کە خۆیان

دەیانەوێ. ئەو کاتەی لە شاربووم یەکێ لە برادەرەکانم کە لە خۆپیشاندانەکانی قوتابیانی زانکۆ لەساڵی هەشتا و دوو دەستگیر کرابوو، لە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا پێیان وتبوو (ئەگەر ئازادت بکەین هاوکاریمان دەکەیت؟) ئەویش لە ترسی ئەشکەنجە و فەزای هۆڤیتناکی زیندانی ئینفرادی، بەڵێنی پێدابوون هەرچییەکیان بوێ ئامادەیە هاریکاریان بکا، لێ ئەو برادەرەم هەر کە ئازاد دەبێ ویژدانی ڕێگای پێنادا بچێتەوە نێو خوێندکارەکان، هەر ئەو ڕۆژە بڕیار دەدا لەبەر چاوان ون ببێ و ملی شاخەکان بگرێ، کە من لە شاخ بینیم، هەر زوو پێی وتم (سەران من وەکو تۆم پێ ناکرێ، ئێرەش جێ دەهێڵم!) سەیرە ئەو برادەرەم نەك هەر لە زیندان، بگرە لە شاخیش بە دووی ئازادیدا دەگەڕا! ئەو لە هیچ جێگایەك ئۆقرەی نەدەگرت، هەر وایشی کرد دوایی چەند ڕۆژێك شاخیشی جێهێشت، ئێستە لە وڵاتێکی ئەورووپایی دەژی، منیش دوایی ئەو هەموو ساڵانەی شاخ ئەوەتام لەناو گرتووخانەیەکی ئەودیو سنوور. ئەو لەنێو شەقامەکانی ئەورووپا دەسووڕێتەوە و هەر شەوەش خوا دەزانێ لە باوەشی چ نازدارێك ڕۆژ دەکاتەوە، منیش لەم ژوورە داخراوەدا بە خەون و خەیاڵ ڕۆژ و شەوەکان بەسەر دەبەم...!

(خۆتان سەخڵەت مەکەن ئێمە هەموو شارمان کۆنترۆڵ کردووە، تەواوی ئەو لێپرسراوانەی ئێرەمان کوشتوون، ئێستە بە نیازین ئەم زیندانە بەسەر لاشەکانیان دابڕمێنین، ئێوە خێرا خۆتان

ئامادە بکەن، لەو دیو دەرگای زیندانەوە رزگارتان دەکەین، لەوە مەترسن جارێکی دیکە بکەونەوە دەست ئەم حکوومەتە، لەگەڵ خۆمان دەتان بەین، ئەگەر حەز بکەن لەناو ئێمەدا بمێننەوە، ئەوە ئازادن، ئەگەر بتانەوێش بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان، ئەوە، تا ئەو شوێنە دەتان بەین، کە دەتانەوێ، خێراکەن هەندێك بەدەستوبرد بن، نەوەکو هێزێکی سەربازیی گەورە بگاتە سەرمان. تۆ(سەران)، ئەمە چەکێکی زیادەیە و هەڵیبگرە، تۆ لە هەموویان بە ئەزموون و بزێوتری، ئەو چەند ساڵەی پێشمەرگە بوویت، سوودی بۆ رۆژێکی وەك ئەمڕۆ هەیە..من کە ڕقێکی زۆر لە دەروونمدا پەنگی دابۆوە، لە ساتێکی ئاوا دەگەڕام، کە دەرگا و پەنجەرەکانی ئەو زیندانە بە هەواوە ببینم، هەر کە ئەو چەکدارانەم بینی، وامزانی خودا لە ئاسمانەوە فریشتەی ئازادیی بۆ ناردووین، ئێمە هەموومان بەو شەوە تاریکە، خۆمان لە شاخی ترس و خەرەندی مەرگ دەدا، بەو شەوە هەموو دەرگاکانی زیندانمان شکاند و ئەوەی هاتە سەر ڕێمان لە پاسەوانەکان هەناسەبڕمان کردن، کە هاتینە سەر شەقامی بەر دەرکی گرتووخانەکە کەسمان لە پیاوانی دەوڵەت نەبینی، تەنیا چەند چەکدارێك کە هەر لە سەرەتاوە زانیمان پێشمەرگەن، بەرەو روومان هاتن، داوایان لێکردین رێگای یەکێ لە کۆڵانە تەسکەکانی شار بگرین، ئێمە هەرچەند لە گرتووخانەکە دوور دەکەوتینەوە، دەنگی تەقەکانیش کزتر و پەرتوبڵاوتر دەبوو، قەت

کەسێك لەو شارە نەیدەوێرا سەر دەربێنێ، دەتوت هەموویان لە پشت پەنجەرەی ژوورەکانیانەوە تێمان دەڕوانن، هەر بە ڕێگاوە دەیان لاشەی کوژراوی چەکدارەکانی دەوڵەتمان بینی، هەندێکیان هێشتا لەنێو خوێنی خۆیان دەگەوزان، داوای کۆمەکیان لێ دەکردین، من لەگەڵ ئەوەی زۆریش رقم لێیان بوو، بەڵام هیچیانم نەکوشت، ئەوەی بۆ من گرینگ بوو قورتاربوونم بوو لەو دۆزەخە، چونکە لەوە دڵنیابووم ئەگەر هەتا زووە لەوێ رزگارمان نەبێ ئەوە لەداردانمان مسۆگەربوو، لە هەمووی سەیرتر بۆ من ئەوە بوو، ئەو چەکدارانەی ئێمەیان لە زیندان هێنایە دەرێ، من خۆم نەمدەزانی کێن و سەر بە چ حزبێکن، لەوەش سەیرتر ئەوەبوو کە دەیانزانی من لە کاتی خۆیدا پێشمەرگە بووم، هەر لەبەرئەوەش بوو چەکێکیان بە من داو داوای ئەوەشیان لێکردم دەبێ ئەو چەند گیراوەی لەگەڵ مندا بوون بیانپارێزم، من زۆر بە وریاییەوە بە ڕێگاکاندا هەنگاوم هەڵدەهێنا و گیراوەکانیش لە قسەی من دەرنەدەچوون، لە سەری هەر کۆلانێکیش نێزیك ببینەوە، کۆمەڵە پێشمەرگەیەکمان دەبینی و ئیشارەتیان پێ دەداین کە بۆ کوێ بچین، زۆرمان نەمابوو لە شار دوور بکەوینەوە، لەپڕ گرمەی تۆپێك هەموومانی لێك جیاکردەوە، من بۆ خۆم هیچم لێ نەهات، بەڵام بۆم روون نەبۆوە چەند کەس لە ئێمەی گیراوەکان کوژران یاخۆ بریندار بوون، هەر دوای گرمەی تۆپەکە  لە چواردەوری ئەو

شوێنەی ئێمەی لێ بووین بە ڕێژنەی گوللە دایانگرتین، لە یەك چرکە ویزەی سەدان گوللە بە بن گوێمدا دەهات و تێدەپەڕی، ترسێك بە هەموو گیانمدا هەڵگەڕا، زانیم تازە ئیدی یەك ڕێگام لە پێش ماوە یان ئەوەتا وەك ئەوانی دیکە تا دوا گوللە بەرگری لەخۆم بکەم یاخۆ دەبێ خۆم بە دەستەوە بدەم، ئەوەشم لە پێش چاوی خۆم دانا، کە ڕەنگبێ بگیرێم یاخۆ لە شەڕەکەدا بکوژرێم، گرفتەکە ئەوەبوو ناوی کەسێکم لەو چەکدارانەی ئێمەیان رزگارکرد نەدەزانی، هەر یارۆی لە شوێن خۆیانەوە تەقەیان دەکرد و لە ناکاویش هەڵدەهاتن، لە ساتێکی ئاوادا زۆر زەحمەت بوو بۆ منی نەشارەزا بکارم تەقەی دۆست و دوژمن لێك جیابکەمەوە، کە ئاوڕم لە دەوروبەری خۆم دەدایەوە و کەسم لە دوور و نێزیکی خۆمەوە نەدەبینی، وام هەست دەکرد هەموو ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون یاخۆ ئەوەتا گیرابوون یان کوژرابوون، چەند جارێك بەهزری ئەوە بووم ئەو شوێنەی خۆم تیا حەشار دابوو، بە خێرایی جێ بهێڵم، بەلاّم ویزە ویزی گوللەکان ڕێیان لێ دەگرتم، ئەو کاتانەش کە تەقەکان دەوەستان، وام زەندەبرد، کە چەکدارەکانی دەوڵەت بە دوای ئێمەدا دەگەڕێن، بیرم کردەوە باشترین چارە ئەوەیە لەوێ رابکشێم و شوێنی خۆم ئاشکرا نەکەم، نازانم بۆ مرۆڤ لە ساتێکی وادا خەیاڵی بۆ هیچ شتێك ناچێ، تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە چۆن مەرگ زەفەری پێنەبا، من هەر بە راستی میناك ئەوەی تەسلیم

بەو قەدەرە بووبم، بڕیارم دا هیچ تەقەیەکیش نەکەم، چونکە نەمدەزانی گوللەکانم بەکێوە بنێم، مادام ئەو شوێنەش کە لێی ڕاکشابووم بۆ کەس ئاشکرا نەبووبێ، بۆ ئاشکرای بکەم؟ لەنێو فەزای بێدەنگییەکی وەحشەتناکدا، کەسێك ناوی منی هێنا و بانگی کردم، بە ترسەوە کەمێك سەرم هەڵبڕی، لە دووری دە مەترێك چەکدارێکم بینی، زانیم دەبێ ئەوە یەکێ لە دۆستەکانم بێ، چونکە ناوی منی دەزانی، خەریکبووم بۆی هەڵسمەوە، کەچی لە تەنیشتمەوە گوللەیەك دەستی ڕاستەمی پێکا، جارێکی دیکە بۆوە تەقە، تەقەکە هێندە چڕوپڕ بوو، دەتوت لە ئاسماندا شەڕی گوللەکانە، هێندەی نەبرد تەواوی دەستێکم نقوومی خوێن بوو، خەریکبوو بتۆقم، هەر ئەو خوێنە زۆرەش وای لێکردم، ورە بەربدەم و بە خێرایی هەستمە سەر پێ، پڕ بە دەنگم هاوار بکەم:

- تۆ کێیت، من ئەوە لێرەم برادەر، خێراکەن من بریندارم!

ڕاستە ئێمە بە شەو گرتووخانەکەمان جێهێشت، بەڵام شەوێکی زۆر ڕووناك بوو، کۆڵانەکان و بەر دەرگای هەموو ماڵێك بە گڵۆپێکی شەوقدار ڕووناك کرابۆوە، من نەمدەتوانی لە شوێن خۆم هەنگاوێك بێمە دەرەوە، کەچی ئەو کەسەی ناوی منی هێنا لە نێوەڕاستی کۆڵانەکە وەستابوو، جارێکی دیکە بانگی کردم، ئەوجارەیان بەبێ ترس هەڵسامەوە، ئەو ناوە هیچ تەقەیەکی لێ نەمابوو، تەنیا بۆنی باروتی لێ دەهات، لە چرکەیەکدا خۆم گەیاندە چەکدارەکە، ئای

خودایە چی دەبینم! ئەوە هەمان ئەو هاوڕێیەمە بەر لە گرتنەکەم نامەیەکی پێدام، کە لە دواییدا لێیان گرتم، ئەو هاوڕێیە چی دەکا لێرە؟ حکوومەتی ئێرە کون بە کون بە دوویدا دەگەڕێ. هەر کە لێی نێزیك بوومەوە، توند باوەشی تێوەرهێنام، ویستم لێی بپرسم تۆ بۆ لەگەڵ ئەوانەیت، کەچی ئەو خێرا دەستمی گرت و بە کۆلانێکی تەسکدا بردمییە خوارێ، لەنێو ئەو هەموو تەنگەتاوی و شەپۆلی ئازارەکانی دەستم، موچڕکێکی خۆش بە لەشمدا هەڵدەگەڕا، تا دەهات سوکناییەك هەموو گیانمی دادەگرت، هەستم دەکرد لە مردن دوور دەکەومەوە و لە ژیان و ئازادیی نێزیك دەبمەوە، ئەو هاوڕێیەم وەك ئەوەی شارەزای کون و قوژبنی تەواوی شارەکە بێ، بە نێو کوچە و کۆلانی وادا دەیبردم، کە دوو کەس زیاتر جێگایان نەدەبۆوە بە تەنیشت یەکەوە بڕۆن، هەموو ئەو ماڵانەی دەمدیتن لە خشت و قوڕ دروست کرابوون، هاوڕێکەم لەبەر دەرکەی ماڵێك وەستا، بە پەنجەیەك دەرگاکەی کردەوە، منی بردە ژوورەوە، بێ ئەوەی فزەیەکی لە دەم بێتە دەرەوە، بەئاماژە داوای لێکردم خێرا جلەکانم دابکەنم، منیش ناچار بووم پێی بلێم، لەبەر دەستم ناتوانم، کە سەیرێکی دەرو دیواری ژوورەکەم کرد لە شوێن خۆم حەپەسام، خەریکبوو پڕ بە دەنگم هاوار بکەم (ئەی ئەمە ئەو خانووە نییە، کە من و تۆ و هاوڕێکانی دیکە دروستمان کرد، ئەی ئەمانە کتێبەکانی من نین؟) هەرچەند لە ژوورەکە رادەمام، جێپەنجەکانی خۆمم بە سەر دیوارەکەوە دەبینی،

ئەو دۆشەکەی لەسەری دانیشتبووم، بۆنی منی لێ دەهات، هەقم بوو خۆم وەکو شێت و سەرلێشێواو بێتە بەر چاو، ئاخر هەر کەسێك لە شوێن من بوایە ئەو دنیا سەیر و سەمەرەی کە من دەمدی، ئەو بیدیبایە راست شێت دەبوو، من هێشتا لەسەر پێ نەوەستابووم بۆ ئەوەی جلەکانم بگۆڕم، لە هیکرا، گوێم لە هەرا و هەندامە و دەنگە دەنگێکی تێکەڵاوبوو، بۆم روون نەدەبۆوە چی دەڵێن، بەڵام هەر هەموو دەنگەکان بە گوێچکەم ئاشنا بوون، وەختێك خۆم لەنێو ئامێزی ئەو هاوڕێیانە بینییەوە کە چەند ساڵ پێکەوە لەو ژوورەدا ژیانمان دەبردە سەر، بە بینینی ئەو دیمەنە، گریان بینە قاقای گرتم، بە دەنگ گریام..یەکێ لە هاوڕێکانم بۆ ئەوەی هێورم کاتەوە، دەستە بریندارببووەکەمی راگوشی. لە تاوی ئازارەکەم هاوارێکی توند لە دەمم دەرچوو، ئەوجارەیان نەمزانی کێ بوو دەستمی رادەتەکاند و چەند جارێکیش بە ناوی خۆم بانگی دەکردم:

- سەران بێدار بەوە، حەتمەن خەونێکی ناخۆشت دەبینی؟!

* * * * * * * *

شەو بوو کە ئێمەیان پەلکێشی دەرەوەی گرتووخانەکە کرد، من نەمدەزانی ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون چەند کەس بوون، هەر کە لە ژوورەکە دەریانهێنام یەکسەر چاومیان بەست، شەپۆلێك لە ترس، ترسێکی وەحشەتناك هەموو گیانمی داگرت، نازانم بۆ لەو ساتەدا بۆنی خوێن ئەو ناوەی داگرتبوو، لەژێر پێمدا هەستم

بە جوولّەیەك دەكرد هەر لە جوولّەی بۆمەلەرزە دەچوو، من ئەگەرچی هیچیشم نەدەبینی، بەلاّم لەنێو چڕیی تاریکیدا سوپایەك لە دەروێشانی ئیمامم بینی، بە یەك دەنگ و یەك ئاواز دەیانوت (سەرمان لەڕێتە ئیمام..دوژمن ناگا بە مەرام!) نەمدەزانی ئەوانە چییان لێم دەویست بۆچی بەو دەنگە تۆقێنەرە بە دەوری مندا دەیانقیژاند؟ خودایە گەرەكیانە بۆ كوێم بەرن؟ ئەو دەنگ و نمایشكردنانە تیمی ئەو سەربازانەی هێنایە بەرچاوم، كە خۆیان بۆ لەداردانی كۆمەلّە كەسێك ئامادە دەكەن و هاكا پەنجەیان لەسەر پەلاپیتكەی تفەنگەكانیان هێنایە دواوە و ملی گیراوەكانیان بە رووی زەویدا لاركردەوە، من لەنێو ئەو تاریكییەدا یەكێك بووم لەو گیراوە دەست و چاوبەستراوانە، وام هەست كرد یەكەم گوللەی سوپای ئیمام بە من كەوت، لەوە دەچوو گوللەكە بە نێوچاوانم كەوتبێ، بۆنی خوێن كەللەمی پڕ كرد، وام زەن برد لەنێزیكمەوە گڕەگڕی شۆفەلّێك دێ و پاش كەمێكی دیكە فڕێمان دەدەنە كەندەلاّنێك و خۆلّبارانمان دەكەن،.چیمان لێ دەكەن خودایە؟من هەستم دەكرد خراومەتە قۆرتێك و بە خێراییش خۆلّبارانم دەكەن, ئیدی لە هەناسەدانیش دەكەوتم. هێندەی نەبرد دەستێك بە هانامەوە هات، بە پڕەپڕ منی لەژێر خۆلّەكە دەرهێنا، بۆ كوێم دەبەن خودایە؟ كەسێك بە دوای خۆیەوە دەستمی رادەكێشا، بەلاّم بۆم مەعلوم نەبوو، ئەو

کەسە کێیە، لە گیراوەکانە یان پیاوێکی دەوڵەتە، بەگڕەی ئۆتۆمبێل و تەوژمی هەوای ئەو ناوە بۆم دەرکەوتن کە من لە دەرەوەی زیندانم، بەو چرپانەی کە لە دەوروبەرمدا گوێم لێ دەبوون، وا دەهاتە بەرچاوم چەند کەسێك دەوریان دابم، لەوە دەچوو پاسەوان بن. کە سواری ئۆتۆمبێلێکیان کردم، گوێم لە کۆخەی کەسێك بوو زانیم دکتۆر رەحیمیش لە گەڵماندایە، منیش هەر بە کۆخەیەك وەڵامم دایەوە بۆ ئەوەی ئەرخاین بێ، کە منیش لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدام، کەسێك فەرمانی بە شوفێرەکە کرد، کە ئۆتۆمبێلەکە لێبخوڕێ، خودایە ئەوانە چیان لێمان دەوێ؟ بەو شەوە چیمان لێ دەکەن؟ من تەنیا بیرم بۆ ئەوە دەچوو، بمانبەن بۆ جێگایەك، لەوێ ئەشکەنجەمان بدەن، یان بمانکوژن و تەرمەکانیشمان لە چۆڵەوانییەك فڕێ بدەن، شوفێرەکە ناوی خودای هێنا و ئۆتۆمبێلەکەی وەگەڕخست، گوێم لێبوو کەسێك کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو بە هەناسە ئایەت کورسی دەخوێند، ئۆتۆمبێلەکە چەند جارێك پێچی دەکردەوە، دەتوت بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە، دواتر بێ ئەوەی بەملاو بەولادا رێبکا، بە راستە رێیەکدا رۆیشت، من هەستم دەکرد بەرە بەرە لە هەناوی شاردا دەردەچین و بە رێگایەکدا دەڕۆین لە دەرەوەی شاردایە، ئۆتۆمبێلەکە هێندە بە خێرایی دەڕۆیشت دەتوت لەو وەختەی بۆی دیاریکرابوو، دواکەوتبوو، لەوەش دەچوو کەسانێك

هەبن لە شوێنێك چاوەڕێمان بکەن، بۆ ئەوەی ڕادەستی ئەوان بکرێین، ماوەیەکی زۆر کە بە مەزندە لە دوو دەمژێران پتر دەبوو، کەسمان نقەمان لێوە نەهات، چاوەڕێی ئەو قەدەرە بووین کە بۆیان کێشابووین، من لە هەموو ئەو ماوەیەی کە بە ڕێگاوە بووین، چەند جارێك خەوم لێکەوتبوو، تەنیا ئەو کاتانە بە ئاگا دەهاتمەوە، کە ئۆتۆمبێلەکە لە خاڵەکانی کۆنترۆڵ دەوەستا، مرۆڤ زەحمەتە لە ساتێکی ئاوادا خەو بێتە چاوانی، کەچی من پێتان سەیر نەبێ چەند جارێك کە لە شاخیش بووم لە کاتی تەنگژە و ناخۆشیشدا، لەسەر پشتی وڵاخ خەو هەڵمەتی بۆ دەهێنام، لە هەموو ئەو جارانەش تەنیا کەڕەتێکیان بەربوومەتەوە و سەرم شکاوە. سواربوون لەسەر پشتی وڵاخ میناك ئەوە وایە لەنێو لانکدا بیت و کەسێك راتبژەنێ، سەفەرەکانی سەر پشتی وڵاخ، گەڕانێکی ئازادانە بوو بە دوای دۆزینەوەی ئازادی! بەڵام سەفەری ئەو کاتەی نێو ئۆتۆمبێلەکە، گەڕان بوو بە دووی چارەنووسێکی نادیار، من هەر لەو کوڕە هەڵەبجەییە دەچووم کە توانیبووی چەند هەنگاوێك بە پێش مەرگی خۆی بکەوێ و دواجار مەرگ ببەزێنێ، کەچی لە گەڕانیدا بە دوای ئازادی، قەدەرێکی کە چاوەڕێی بوو، لە سنوورەکانەوە زیندانەکانی ئەودیو وڵات هەڵیانلووشی. ئێستە ئەو، رەنگبێ تەنیا بیر لە چارەنووسی ئەو کەسانە بکاتەوە کە لەناکاو دا، لە چاو تروکانێکدا بێ ئەوەی

خواحافیزیان لیَ بکا، بەجیّی هیّشتن، رەنگبیَ سوورگولّی خوشکی ئیّستەش بە باوەشیەوە بیّت و لەنیّو سەفەری نادیاری ئەو ئۆتۆمبیّلەدا (ئەگەر لەگەلّمان بیَ) هەر پیّی بلّیَ (کاکە بەجیّم مەهیّلّە). خاترجەم بووم دکتۆر رەحیمیش، کە بە کۆخەکەی دەمزانی لەگەلّماندایە، بیری لەوە دەکردەوە، کە بۆچی لە هەموو تەمەنیدا بۆ ساتیّکیش بە خەونی ئازادیی نەگەیشت؟ ئیّمە لەو ئانوساتەدا تاکە شانسیّکمان هەبوو، کە تروسکاییەك هیوای پیَ دەبەخشین، ئەویش بەردەوامی شەڕی سەختی نیّوان عیّراق و ئیّران بوو، دەنا چارەنووسمان یەك شت بوو، ئەویش لە جیاتی ئەوەی لیّرە بمانهیّلّنەوە، رەنگبوو رادەستی حکوومەتی عیّراقمان بکەنەوە، کە بۆ تارومارکردنی ئەو، چەکمان هەلّگرتبوو، هەر ئەو هیوایە کەمە وای لیّکردبووم ئەشکەنجە و زیندانی ئەویّم پیَ قبوولّتر بیَ. ئەوەی بە دریّژایی ریّگاکە ماندووی کردبووم و ئازاری دەدام ئەو پەڕۆیەی سەرچاوم بوو، ئەویش بۆ خۆی ئەشکەنجەدانیّکی دیکە بوو. من کە منداڵ بووم زۆرجار لە یاریکردن لەگەڵ مندالاّنی دیکە چاوی خۆمان بە هەمان شیّوە دەبەست، ئەو کاتیش هەولّمان دەدا هیچ شتیّك نەبینین، بەلاّم لەوە دەترساین، کەللەی سەرمان بەر یەکتر بکەویَ یاخۆ هەلّدیّریّك رامانکیّشیّتە خوارەوە، لە تاریکە شەوانیشدا یاری ئاوامان کردووە، بە تایبەتی لە یاری (بەردە گەرمانیَ)دا

دەبوایە ئەو بەردە گەرمە بدۆزینەوە، کە لەنێو ئاگردا گەرم دەکراو فڕێ دەدرایە دووری ئاگرەکە، لە گەڕانیشماندا گەرەکبوو زۆر بە دیقەت و ئاگاییەوە دەستمان بکوتین، نەوەکو پەنجەکانمان بسووتێن. ئێمە لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا نەپەڕۆی چاوشارکێمان لە چاو بوو، نە بەدووی هیچ شتێکیشدا دەگەڕاین، ئەوە ئەوان بوون بە ئارەزووی خۆیان چاویان دەبەستین و دەیانگەڕاندین، وەك چۆن لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بە چاوبەستراوی داتدەنێن و خۆیشت نازانی شەق و زللە لەناکاوەکان کەی و چۆن و لە کوێوە دێن. لەنێو ئۆتۆمبێلەکەش هەر ئاوا نازانی بۆچی ئەو رێگا دوور و درێژەت پێ دەبڕن و لە دواییشدا لە کوێ دەتهێننە خوارەوە و لە چ ژوورێکی تەسکوتریسك فڕێت دەدەن. لە هەموو دانیشتنەکانیشدا هەر ئەو قسانە دووبارە دەبنەوە، کە لە یەکەم لێکۆڵینەوە بەر گوێت کەوتوون، بەڵام لە هەموو جارەکاندا ئەشکەنجەیەکی نوێ دادەهێنن. چ پڕ ئازارن ئەو ئەشکەنجانەی کە بە چاو بەستراوییەوە بەر جەستەت دەکەون؟! لە هەڵبەزین و دابەزینی ئۆتۆمبێلەکە بۆم دەرکەوت، کە بە رێگایەکی پڕ لە کەند و کۆسپدا دەڕۆین. من بۆ خۆم وام هەست دەکرد ئەو شوێنەی پێیدا دەڕۆیشتین، چۆڵەوانی و دوور لە ئاوایی بوو. گوێت لە هیچ شتێك نەدەبوو، تەنیا لە گرە گرِی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە ئێمەی هەڵگرتبوو، ئۆتۆمبێلەکە دوای ماوەیەك لە

کەمکردنەوەی خێرایی، بە هێواشی وەستا. گوێم لێبوو کەسێك لەسەرخۆ داوای کرد کە دامانبەزێنن. بۆ ئێمەی چاوبەستراو هەموو شتێك وەکو یەك بوو. من بۆ خۆم لەو سەفەرە دوور و درێژەدا، هەستم نەدەکرد لە شوێنێکەوە گواسترابێتمەوە شوێنێکی دیکە، ئاخر لەنێو تاریکی خەست و چاوبەستندا هیچ واتایەك بۆ جولوەکانی دەرەوەی مرۆڤ نامێنێ!

ئێمەیان لە گرتووخانەێکی چکۆڵەی شارێکی بچووك رەوانەی زیندانێکی مەزنی شارێکی مەزن کرد. هەر زوو یەکێ لە لێپرسراوانی ئەوێ پێی وتین کە زیندانە نوێیەکەمان ناوی (دەریا)یە، لە دواییدا بۆم روون بۆوە، کە بە هەزاران کەس لەو شوێنە زیندانیی کرابوون، ئەوەی لە یەکەم رۆژەوە بووە مەراقم، دیار نەمانی دکتۆر رەحیم بوو، کە لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەکی نێو زیندانیش دەرنەدەکەوت، من زیاتر بیرم بۆ ئەوە چوو، ئازاد کرابێ. ئەگەرچی ئەو زیندانە جموجۆڵێکی زۆری پێوە دیار بوو. ئەو هۆڵەش کە منی لێبووم زیاتر لە سەد کەسی لێبوو، کەچی بە ونبوونی دکتۆر هەستم بە تەنیاییەکی زۆر دەکرد. خۆم وا دەهاتە بەرچاو وەك ئەوەی لەو دنیا پان و بەرینەدا بە تەنیا بەجێ هێشترابم و تازە هیچ کەسێکی نێزیك پێم نەزانێ و هیچ دەستێکی بە هێزیش فریام نەکەوێ. زۆرینەی کاتەکان بە تەنیا لەسەر قەرەوێڵەکەم دادەنیشتم و لە پەنجەرەکەی بەرانبەرم رادەمام. خۆم

لە دەرەوەی زیندان دەبینییەوە. دوو کەس لەنێو ئەو هۆڵە گەورەیە سەرنجیان راکێشا بووم، کوڕێکی گەنجی ئازەری کە ناوی (عەلیڕەزا) بوو، زۆر کەم لەسەر جێگاکەی دەهاتە خوارەوە. بەردەوام لەسەر زگ رادەکشا و ناوە ناوە سەیری پەنجەرەکەی بەردەمی خۆی دەکرد و شتێکی دەنووسی. لە تێڕامان و وردبوونەوەیدا هەر لە شاعیرێك دەچوو، کە وێنەی دیمەنە شیعرییەکانی بگرێ، پەنجەرەکەی لێ دەرچێ زۆر بە زەحمەت لە دەوروبەری خۆی رادەما. بە دڵ حەزم دەکرد لێی نێزیك ببمەوە، بەڵام جورئەتی ئەوەم نەبوو لەو فەزایە دەریبهێنم. ئەو کوڕە هەر لە یەکەم رۆژەوە خۆی پێناساندم، بەڵام وەك چۆن نەدەچووە لای هیچ کەس، هەر ئاواش تەنیا سڵاوی لێم دەکرد و بزەیەکی پڕ بەرائەتی منداڵانەی بۆ فڕێ دەدام. هەر ئەو بزەیە منی بۆ خۆی راکێش کردبوو، هانی دەدام ئەگەر بۆ جارێکیش بێ هەر دەبێ لێی نێزیك ببمەوە. ئاخیرەکەی بڕیارم دا بچمە لای، وەك ئەوەی بمەوێ داوای شتێکی لێ بکەم، لە رۆخ قەرەوێڵەکەیەوە وەستام. ئەو، سەری بەسەر دەفتەرەکەی شۆڕ کردبۆوە، ئاگای لەمن نەبوو، توانیم یەکەم دێڕی شیعری لاپەڕەکەش بخوێنمەوە. تا دوایین دێڕی شیعرەکەی نەنووسی سەری هەڵنەبڕی، کە منی بینی بزەیەکی زۆر شیرین سیمای داپۆشت. سەلامم لێکرد و یەکسەر بە فارسی پێموت:

- باشتر... با دڵت بە شووشەکانی پەنجەرەی دڵی ئەو بریندار بیّ!

عەلیڕەزا وەك ئەوەی یەکێ بە پەلەپروزێ لەخەو بە ئاگای بێنێتەوە، سەرەتا کەمێك شڵەژا، دواتر بە هێمنی پێکەنی و داوای لێکردم کەمێك لەلای دابنیشم، منیش نەمویست وەختێکی زۆری لێ بکوژم. هەر بە پێوە لێم پرسی:

- عەلی گیان تۆ شاعیری؟

عەلی وەك ئەوەی پێشبینی ئەو پرسیارەی لە من نەکردبێ بە سەرسوڕمانەوە وتی:

- لەوە دەچێ ببمە شاعیر، تۆ چ کارەی؟

- منیش هەندێجار شیعر دەنووسم، بەڵام شاعیر نیم.

هەستمکرد عەلیڕەزا زیاتر ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بۆ ئەوەی لەلای دانیشم. خێرا دەستی دایە ئەو دەفتەرەی شیعری تێدا دەنووسی. ئەوجارەیان لێم پاڕایەوە بۆ ئەوەی دانیشم. منیش لە راستیدا زۆرم پێخۆشبوو، بەڵام لەوە دەترسام لە زمانی شیعری فارسی نەگەم، هەر کە روونیشتم یەکسەر شیعرەکەی بۆم خوێندەوە، کە بە کوردییەکەی ئاوابوو:

" (دنیا) بە گەورەیی خۆی لە باوەشی بچووکی من
جێی دەبۆوە
(دنیا) سێوێکی حەڵاڵ بوو

هەرچەند لێم دەخوارد
کەم نەدەبۆوە
ئێستە (دنیا) لەنێو دڵی شاخەکان
حەیرانی تەنیایی دەڵێت
لەسەر تاشە بەردەکانی ئەوێ
دیمەنەکانی دوێنێم، بۆ دەکێشێ"

هێشتا زۆری مابوو کۆتایی بە خوێندنەوەی شیعرەکە بێنێ، ویستم لێی بپرسم "مەبەستت لە (دنیا) چییە؟"بەڵام بێدەنگ بووم. عەلیڕەزا لە تێڕامانەکەی مندا ئیستێکی کرد و لەخۆیەوە لێمی پرسی:

- تۆ کوردیت؟
- بەڵێ.

بەپێکەنینەوە وتم:

- ڕەنگبێ لەبەر فارسییەکەم وا بزانی ئەفغانیم؟

پێکەنینی هەردووکمان ئاوێتەی یەکدی بوون، وێدەچوو عەلیڕەزا شتی دیکەی لە دڵدا بووبێ، بە نەختێك هەڵچوونەوە، کە لەگەڵێدا سیمای سوور هەڵگەڕا، پێمی وت:

- لەسەر چی گیراوی؟

هەستمکرد هێشتا وەختی ئەوە نەهاتووە باسی خۆمی بۆ بکەم، کەچی حەزێك کە لەنێویدا هێزێکی لە رادەبەدەری تێدا بوو، ناچاری کردم هەندێك شتی سەرەتایی بدرکێنم و بڵێم:

- من پێشمەرگەی ئەو دیو بووم، بۆ چارەسەرکردن هاتمە ئێرە و گیرام.

عەلیرەزا کە گوێی لەو قسەیە بوو، دەوروبەری چاوەکانی فرەوانتر بوو، نازانم چۆن یەکسەر باوەڕی پێمکرد؟ خەریك بوو بە نیگا عەجوولەکانی قووتم بدا، من لەو دەمە ویستم هەڵسم و بڕۆم، کەچی نەك هەر قبووڵی نەکرد، بگرە لەوە دەچوو نهێنییەکی لەمندا دۆزیبێتەوە. هەر زوو گلاسێك چای لە بەر دەمم دانا و زێتر لێم نێزیك کەوتەوە، من لەو کاتەی قومی یەکەمم لە چایەکە دەدا، بیرم لەلای خۆمەوە نەبوو، لە خەیاڵمدا لەگەڵ کچێك دەدوام کە لە ئێرانەوە لە ترسی گرتن و راوەدونان لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی دیکە پەنایان بۆ بارەگاکانی ئێمە هێنابوو...ئەی خودایە ئەو کیژە چ چاوێکی بەخشندە و چ کانگەیەکی ئەوین بوو! من نازانم تەنیا ئەوە من بووم کە لە چاوەکانی رادەمام هەستم بە شنەبایەك دەکرد کە بە نەرمی بەسەر جەستەمدا تێدەپەڕی، یان ئەوانی دیکەش هەمان ئەو هەستەیان هەبوو؟ هەر کاتێك تەوقەی لەگەڵم بکردایە، بۆ ماوەیەك سەرسامی دەبووم و جەستەمی شەلاڵی بەنج و دڵمی وێران دەکرد، ئەو کیژە هەموو سپێدەیەك بەر لەوەی نان

به گەرووماندا بچێتە خوار، دەفتەرێکی دەخستە بن هەنگڵی و لە دوور دووری بارەگەکەمان لە بن دارێك دادەنیشت و خەریکی نووسینی شتێك دەبوو، ئەگەر بۆ خواردن بانگمان نەکردایە، هەر لەوێ دەمایەوە، من ئەو کاتە کە لە شاخ بووم هێشتا هیچ کچێکم لە نێزیکەوە نەناسیبوو، یان راستتر وایە بڵێم ئافرەتێك لە دەرگای دڵمی نەدابوو، تا هۆگری ببم، کەچی ئەو کیژە رۆژهەڵاتییە رەفتارە پڕ نهێنی و سەرنجڕاکێشەکانی، وای لێکردبووم زۆرینەی کاتەکانم بیری لێ بکەمەوە، چ خۆش بوو ئەو رۆژە، خۆیشم نەمزانی ئەو جورئەتەم لە کوێ بۆ هات، لە ناکاو بڕیارمدا خۆم لە هاورێکانم بدزمەوە و لەو کیژە بێدەنگ و سیما تژی لوغزە نێزیك ببمەوە، من بە بیانووی کۆکردنەوەی وشکە دار، خۆم گەیاندە لای ئەو، کەچی ئەو وەك ئەوەی منی هەر نەدیبێ سەریشی بەرز نەکردەوە، لەوە دەچوو لەنێو قووڵایی نووسینەکەیدا غەرق بووبێ و هیچ پێوەندییەکی بە دنیای دەرەوەدا نەمابێ، من ناچاربووم رووم وەرگێڕم و ئەو ناوە جێ بهێڵم، ئەو کاتەی لەو دوور دەکەوتمەوە، گوێم لێ بوو، لەسەرخۆ بانگی کردم:

- هاوڕێ (سەران) وەرە پارچە شیعرێکی خۆمت بۆ بخوێنمەوە!

هەر کە ناومی هێنا، خۆیشم نەمزانی چۆن وەکو گوڵلە لەبەر دەمیدا ئامادە بووم و وتم:

- هاوڕێ (دنیا) تۆ شاعیریشی؟

ئەگەر جەزبەی نیگاکانی (دنیا) نەبوایە، نەمدەتوانی لە تەکیدا روبنیشم، ئەگەرچی بە زاریش داوای لێکردم، بەڵام بەشێوەیەك خۆم دەرخست وەك ئەوەی گوێم لە هیچ شتێك نەبووبێ، ئەگەر چاوە پڕ سیحر و بەهێزەکانی ئەو نەبوونایە کە وەك موگناتیس رایانکێشام، ئەوا هەرگیز جورئەتی ئەوەم نەدەکرد بستێکیش لێی نێزیك ببمەوە. هاوڕێکانی دنیا، هەموو جۆرە پێوەنییەکیان لە نێوان نێر و مێدا قەدەخە کردبوو. (دنیا) دەیزانی من کە لە دەوروبەری ئەودا دەسووڕێمەوە لەبەر خاتری ئەوە، لەوەش ئەرخاین بوو کە من لەنێو هەموو ئەو کچانەی ئەوێ، تەنیا خۆی بوو، ببووە جێ سەرنجی نیگاکانم، لەوە دەچوو هەردووکمان ساتەوەختێکی زۆر باشمان بۆ ئەو چاوپێکەوتنە هەڵبژاردبێ، من لە رابردووشدا هەوڵم داوە بە دوور لە چاوی پۆلیس ئاسای هاوڕێیان، قسەی لەگەڵدا بکەم، کەچی لە لەحزەیەکی خێرادا بڕیارەکەم گۆڕیوە و لەوێ دوور کەوتومەتەوە. ئەوجارەیان پێ دەچوو حەزی یەکتر بینین لەلای هەردووکمانەوە چەکەرەی کردبێ. بەڵام من بەنیگەرانییەوە لە تەنیشتی دانیشتم، ئەو هەستی بە بێ ئۆقرەیی من کردبوو، کەچی نەیدەزانی چ خۆشییەکی بێ ئەندازە ئاوێتەی نیگەرانییەکەم ببوو، (دنیا) بۆ ئەوەی رێ لە ترس و دوودڵییەکەم بگرێ، بە چاوێکی پڕ لە میهر و

ئەوینەوە، داوای لێکردم گوێ بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی شل کەم، لەو دەمە هەستم کرد هەموو گیانم بۆ بیستنی شیعرەکانی ئەو ئامادەیە، سەرەتا هەر کە لێوەکانی لێکترازاند و یەکەم پەیڤ لە دەمییەوە دەرچوو، وا هاتە بەرچاوم کۆمەڵێك وردە پەپوولە لە نێوان لێوەکانییەوە هەڵفڕین، ئەو بە سەرسوڕمانەوە وەك ئەوەی لە خەو بێدارم بکاتەوە، لە سەرخۆ رایتەکاندم، دەتوت دەیزانی لە جیاتی وشە، پەپوولە دەبینم، بە بزەیەك هەر لە شکۆفەی خونچە گوڵێکی دەکرد، تێموە ڕاما و وتی:

- ئەوە لە کوێیت هاوڕێ سەران؟

نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە و چی پێ بڵێم، ئەو جارێکی کە دەستی کردەوە بە شیعر خوێندنەوە:

- من و تۆ هاوڕێ
خەلقەندەی رەهێڵە بارانێکی بەهاریی بووین
رووی تۆفانەکانمان لە شارەوە بەرەو کێوەکان دەبرد
من و تۆ هاوڕێ
بەر لەوەی ببین بە رووبار
سنگی بەهاریان مێخەکڕێژ کرد
من ئێستە دڵۆپە بارانێکی ئەو رەهێڵەم لە دووری تۆ
تۆ ئێستە ئەو رەهێڵەی بەبێ دڵۆپە بارانی من
چ حوزنێکی قووڵە هاوڕێ

من تۆ نەبینم کە لەوێی
تۆش من نەبینی کە لێرەم

(دنیا) کە لە خوێندنەوەی شیعرەکە بۆوە، لە جیاتی ئەوەی دەستخۆشی لیّ بکەم، هیچم نەوت، ئەو هەستی بە نارەحەتبوون و دلگرانی من کرد، ویستی شتێکم پیّ بلّیّ، بەلاّم نەیوت، لە شوێن ئەودا بزەیەکی دیکەی بۆ کردم و هەلّسایە سەر پیّ، دەفتەری شیعرەکەی خستەوە بن هەنگلّی و بە چاوێکی پڕ ماناوە سەیری کردم، هەر لەوە دەچوو پێمبلّیّ " تۆ ئەو کەسە نیت کە من بە دوویدا دەگەڕێم "بەو نیگایە زیاتر وێرانی کردم، ناچاربووم هێزێك وەبەر زمانم بدەم و پێی بلّێم:

- دنیا گیان شیعرەکەت زۆر جوان بوو، بەلاّم توخوا ئەمەت بۆ کیّ نووسیوە؟

هەناسەیەکی قوولّ بە نێو لێوە تەڕ و ناسکەکانی دنیا هەلّکشا، پێدەچوو بەو پرسیارەی من، یادگارییەکی زۆری بە بیر هاتبێتەوە، لەخۆمەوە حەزم کرد زێتر بیناسم و پرسیاری زۆرتری لێبکەم:

- ئەو کەسە لە ژیان ماوە؟

- بەلّیّ، لە ژیان ماوە و لە ژیانیشما ماوە!

بەرسڤەکەی ئەگەرچی بۆ من زۆر قورس و دژوار بوو، بەلاّم نەمهێشت کاریگەرییەکەی بەسەرمەوە دیار بیّ. ویستم سوپاسی

بکەم بۆ ئەو یەکتربینینەمان، کەچی ئەو بە پێش من کەوت و تەوقەیەکی لەگەڵ کردم، بە شەرمیشەوە چاوە ئارامبەخشەکەی بۆم هەڵبڕی و وتی:

- سوپاس بۆ هاتنەکەت، بۆ گوێگرتنەکەت.

(عەلیڕەزا) بە تێکردنی چایەکی دیکە منی گەڕاندەوە نێو زیندان، زۆر بە نەرمی وەك ئەوەی گوناحێکی دەهەمبەر من کردبێ پێمی وت:

- ببوورە، دەزانم خەیاڵت دوور ڕۆیشتبوو، ویستم بڵێم لە شیعرەکەم گەیشتی؟

من ئەرخاین بووم کە ئەو پرسیارەی لێکردم، سەروسیمامی بە سوور هەڵگەڕاوی بینیبوو، چونکە بەر لەوەی بەرسڤی بدەمەوە، بە سەرسوڕمانەوە پێمی وت:

- چییە، شتێك هەیە پێم بڵێی؟ دەی، شیعرەکەت بە دڵ بوو، یان نا؟

بە بزەیەکەوە پێموت:

- ئەوەی بۆت نووسیوە شاعیرە؟

وەك ئەوەی بییەوێ خۆی لە وەڵامەکە بدزێتەوە، لە سەرخۆ هەردوو دەستمی راگوشین و بە پێکەنینەوە وتی:

- تۆ چیت داوە لەمە، من دەڵێم شیعرەکە چۆن بوو؟

لەو دەمە لە ژووری کارگێڕییەوە سێجار ناوی کەسێکیان بانگ کرد، تەواوی هۆڵەکە لە بێدەنگیدا نقووم بوو، کەسەکە کە ناوی رەحیمی فەلاحیان بوو، خێرا خۆی ئامادە کرد و بۆ شوێنی مەبەست رۆیشت، ئێمەی زیندانیی هەر هەمووومان چاومان بڕیبووە دەرگای هۆڵەکە، فەزایەکی سامگرتوو هۆڵەکەی داگیر کرد، (عەلیڕەزا) وەك نەیەوێ کەسێکی دیکە گوێی لە قسەکانمان بێ، لەسەرخۆ پێمی وت:

- ئەو پیاوە حوکمەکەی ئیعدامە، باوەڕ ناکەم بگەڕێتەوە!

دوو خولەکی نەبرد، رەحیم گەڕایەوە و خواحافیزی لە کۆمەڵێك زیندانی کرد، لەنێو ئەو هەموو زیندانیانەدا تەنیا یەك کەس لێی پرسی:

- بۆچی بانگیان کردی رەحیم؟

رەحیم تەنیا بە ئاماژە، نەزانینی خۆی لەو بانگکردنە دەربڕی، رەنگی لە کەسێك دەچوو، خوێن لە لەشیدا نەمابێ، بە زەحمەت دەیتوانی سەری هەڵبڕێ، ئەنگوستیلەیەکی زێڕی هاوسەریەتیی دایە دەست یەکێ لەوانەی لە دەوروبەریەوە وەستابوون، گوێم لێبوو لەسەرخۆ پێی وت:

- ئەگەر نەهاتمەوە، ئەم ڕاسپاردەیە بدە دەست ژنەکەم، ئەو خۆی تێدەگا!

ڕەحیمی فەلاحیان بەر لەوەی رووی خۆی وەرگێڕێ و بڕوا، بە پەلە لە هەمووومان راما، دواتر هەردوو دەستی بەرزکردنەوە و بەچاوی تژی لە ڕۆندکان خواحافیزی لە هەموومان کرد، من لە شوێن خۆمەوە حەپەسابووم، بیرم لەوە دەکردەوە، کە چۆن بەر لەوەی پەتێك بخەنە ملی رەحیمەوە، رەحیم هەوڵی ئەوە دەدا دیمەنەکانی رابردووی لەگەڵ خێزانەکەی بهێنێتە بەرچاو. پاش کەمێکی دیکە هەموو رەنگەکان لەبەر چاوی رەحیم لەنێو تاریکییەکی قەترانیدا دەتوێنەوە، ئیدی کات و شوێن لە بێمانایيدا کۆتاییان پێدێ. ملێك بە دارێکدا هەڵدەواسرێ، چاوێك بۆ ئەبەد هەڵنایەتەوە..

(عەلیڕەزا) بە تۆمەتی ئەندامبوون لە رێکخراوی (فیدائییانی ئەکسەرییەت) شەش ساڵ حوکمی بۆ بڕابۆوە، تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵ تێ نەدەپەڕی، زۆرینەی کاتەکانی یان بە خوێندنەوەی رۆمان یاخۆ شیعرنووسین، یان بە داڵغەلێدانی قووڵ بەسەر دەبرد، هەندێ جاریش لەبەر خۆیەوە قسانی دەکرد، راستە زۆرینەی زیندانییەکان ئەو خەسڵەتەیان هەبوو، بەلاّم عەلیڕەزا لەنێو تێڕامانە قووڵەکانیدا هەستت دەکرد لەگەڵ کەسێکی خۆشەویست دەدوێ، لە چاوە پڕ میهر و خەندەهاوێژیدا تیشکێك بە دەوریدا پەخش دەبۆوە، هەر لە نیگای پڕ لە نوری عاشقان دەچوو، ئەو لەو دەمانە هیچ کەسی نەدەبینی، دڵنیابووم نەیدەزانی لە کوێش

دانیشتوە و چ شتێ لە دەوروبەریدا دەگوزەرێ، حەتمەن ڕۆژانی ژووری ئینفرادیشی هەر بەو شێوەیە بەڕێکردووە. لەوە دەچێ خۆشترین مەنزڵگەی عاشقان تەنیایی بێ، ئەوانە لەنێو ئاپۆرای خەڵکیشدا تەنیان، لەنێو زیندانیشدا تەنیا لەگەڵ مەعشوقەکانیاندا دەژین. عەلیڕەزا دەبوایە ڕۆژانە چەند دەمژمێرێك سەفەری خەیاڵە دوور و درێژخایەنەکەی بکردایە. ئەو، لەو گەشت و گەڕانەیدا ڕەنگی ئەو عاشقانەی دەگرت، کە لە حاڵی ژووان دان، سیمای لەوەدەچوو لە باوەشی خۆشەویستەکەیدا بێ. ئەو، لە زەمەنێکدا دەژیا بەدەر لە هەموو ئەو یاسا و ڕێسایەی کە لەنێو زینداندا بەرقەرار بوون. خۆشترین ساتەکانی ئەو، دابڕانێکی بێ ئەندازە بوو لە ئێمە، توانەوە بوو لەگەڵ ئەو کیژۆڵەیەی کە ناوی (دنیا) بوو. عەلیڕەزا هەر ئەو کاتەی شیعرەکەی بۆ خوێندمەوە، لە چاوی مندا پەی بە نهێنییەکی دەروونم برد، ئەودەم پرسیارێکی بۆ چێ بوو، بەڵام هیچی نەوت. دوای چەند ڕۆژ خۆی هاتە لام و بە سەرسووڕمانەوە لە دوڕ چاوەکانم ڕاما و پێمی وت:

- تۆ دنیا دەناسیت؟

من ئەگەرچی ماوەیەك هۆگری (دنیا) ببووم، بەڵام کاتێك بۆم دەرکەوت ئەو پێوەستە بە کەسێکی دیکەوە، ئیدی لەنێو دڵمدا

تەنیا وەك یادگاریەك مایەوە، ئەو کاتەی عەلیڕەزا ئەو پرسیارەی لێکردم، خۆیشم نەمزانی بۆ راستییەکەیم پێنەوت:

- برادەرانی ئێوە لە لای ئێمە زۆر بوون، بەڵام نازانم (دنیا) کامەیان بوو!

زەردەخەنەیەکی خێرا هاتە سەر لێوەکانی عەلیڕزا، وەك ئەوەی دڵنیا بێ کە من شتێکی لێ دەشارمەوە، دووبارە لێم پاڕایەوە و بە چاوێکی دۆستانە و حوزنئامێزەوە وتی:

- دەزانی، بەڵام ناتەوێ پێم بڵێی!

کە دیقەتم لە عەلیڕەزا گرت، لە قووڵایی چاوەکانیدا تیشکێکم بینی، لەنێو تیشکەکەدا رووخساری (دنیا)م بینی، (دنیا) لەژێر هەمان ئەو دارە پڕ قەد و گەڵایە دانیشتبوو، بە دەم خەندەوە پێمی وت:

- سەران ئەوەی خۆشم دەوێ لە ژیان ماوە!

عەلیڕەزا وەك ئەوەی نەیەوێ وەختی خۆی لەنێو بێدەنگی مندا بە فیڕۆ بدا، رووی خۆی وەرگێڕا و پشتاوپشت هەنگاوی دوودڵی نا و لێم دوور کەوتەوە، یەکسەر چووە سەر قەرەوێڵەکەی و دەفتەری شیعرەکانی لەژێر بالیفەکەی دەرهێنا و دەستی بە نووسین کرد. منیش لە شوێن خۆم هەڵسامەوە و بڕیارم دا راستییەکەی پێ بڵێم، لەو دەمە لەودیو پەنجەرەکەوە دیمەنی بەفربارینێکی بەگوڕم بینی. چەند هەنگاوێك لە پەنجەرەکە نێزیك بوومەوە. ئاوڕێکم لە

عەلیڕەزا دایەوە. عەلیڕەزا خەریکی نووسین بوو، لە هەمان کاتیشدا ئەو ملپێچەی بۆن دەکرد، کە لە ملی ئالآندبوو. ڕەنگی ملپێچەکە هەمان ئەو ڕەنگە بوو، کە (تارا)ی کچە پێشمەرگەی بنکەکەمان لە شەوێکی بەفر باریندا بۆمی هێنا و بە دەستی خۆی لە ملمی ئالآند. ئەو شەوە من و هاوڕێیەك لەنێو هەموو هاوڕێیاندا خۆمان بۆ بەجێهێنانی کارێکی قورس و خەتەرناك هەڵبژارد. لەو شەوەدا کۆمەڵێك چەکدار، شەکەت و ماندوو، بوونە میوانی ئێمە. لەنێو ئەو چەکدارانەدا کەسێك لە ناکاو هەڵسایەوە و لە پڕمەی گریانی دا و یەکسەر بەربۆوە و کەوتە سەر پشت، ئەو بویەرە هەموومانی حەپەساند، کە هەڵمانساندەوە و لێمان پرسی:

- چی بووە، چ ڕوویداوە؟!

یەکێك لە چەکدارەکان لەوە دەچوو بەرپرسی مەفرەزەکە بێ بە ناڕەحەتییەوە وتی:

- لەسەر ئەو شاخەی پشتمان، چەکدارێکمان لێ بەجێماوە، کە برای ئەمەیە!

زۆر بە وردی ئەو شوێنەیان بۆ دەستنیشان کردین کە چەکدارەکەیان لێ بەجێهێشتبوو. وەك بۆمانیان روون کردەوە، ئەوان زۆر بە زەحمەت توانیبوویان خۆیان لەنێو بەستەڵەك و بەفری ئەو شاخەدا رزگاربکەن. ئەو کەسەش کە بەجێمابوو، لەوە دەچوو لە پەلوپۆ کەوتبێ. لێپرسراوی بنکەکەمان داوای لێکردین دووانمان

خۆمان بۆ هێنانەوەی ئەو کەسە بەجێماوە هەڵبژێرین. بێ دوودڵی من و هاورێیەك دەستمان بەرز کردەوە. خێرا خۆمان ئامادە کرد. لێپرسراوی بنکەش دوو وڵاخی بۆ هێناین، هەموو ئەو شتانەش کە پێویست بوون لەگەڵ خۆمانیان ببەین، خستمانە نێو تورەگەی سەر پشتی وڵاخەکان. بەر لەوەی بەرێ بکەوین، لە دووری چەند هەنگاوێك (تارا) لەبەر دەممانەوە وەستابوو، نەمدەتوانی بە روونی چاوە رەش و قژە قەترانییەکەی لەو شەوەدا ببینم. هەوای ئەو بنکەیەش کە کەوتبووە بناری شاخەکە، سارد و لەشبەستێن بوو. (تارا) بە نیگەرانییەوە لێم نێزیك کەوتەوە. بە هەردوو دەستی ملپێچەکەی ملی خۆی لە ملی من ئاڵاند. ئەگەر ئەو شەوە ساردوسڕە نەبوایە نەمدەتوانی تێکەڵبوونی هەڵمی هەناسەی هەردووکمان ببینم، ئەرخاین بووم ئەگەر لەو شوێنە تەنیا من و ئەوی لێبوایە توند لە ئامێزی دەگرتم، بە ماچ هێزی پێ دەدام و بە چاو وزەی پێ دەبەخشیم. (تارا) تەنیا ئەوەندەی پێکرا پەنجەکانم بگوشێ و لێوە بەخەندەکانیم نیشان بدا و لە سەرخۆش پێمبڵێ:

- ئاگاداری خۆت بە سەران.

لە دوای وشەی (سەران) بە هەناسە هەڵماوییەکەی کۆتایی بە وشەی (گیانی من)ی هێنا، من تەنیا ئەوەندەم بەس بوو، کە پێمیوت "گیانی من" هەستم کرد توانایەکی زۆر داخزایە نێو جەستەم. ئۆخژنی خۆشییەك لەنێو دەروونمدا جێگیر بوو. ئیدی

دەستمان لە یەکدیی بەردا و بە خۆهەڵدانێکی خێرا میناك ئەوەی بۆ پێشبڕکێیەك بچم، خۆم لەسەر پشتی وڵاخەکە بینییەوە. هەردووکمان بەڕێکەوتین , ئێمە شارەزاییەکی ئەوتۆمان لە ڕێگاوبانەکان نەبوو. زێتر بە زەین و ئاڕاستەی کێوەکە ملی ڕێگامان گرت. لەوەشدا وڵاخەکان وەك ئەوەی ئەو ناوەیان دیبێ بێ وەسوەسە هەنگاویان هەڵدێنا. من بۆ خۆم حەماسەیەکی سەیر هەموو گیانمی داگرتبوو. وام هەست دەکرد هەموو ئەو کارەم تەنیا بۆ ئەوەبوو دڵی (تارا) خۆش بکەم. ئێمە ئەگەرچی ئەو ئەرکەی پێمان سپێردرابوو زۆر سەخت بوو، بەڵام من لە هەر هەنگاوێکمدا هێزێك لە دەروونمدا هەڵدەقوڵا. جۆش و خرۆشێکی زۆر و گەرموگوڕیەکی پڕ چێژی بە جەستەم دەبەخشی، وام هەست دەکرد ئەو هەوراز و عاسێیانەی دەمانبڕین، راستەڕێ بوون. زۆرمان نەمابوو بگەینە بناری شاخە مەزنەکە، شەپۆلی بایەکی ساردوسڕ ڕووبەڕوومان هات، بایەکە ئەوەندە بەهێز و خێرا بوو، ئەسپەکان لە ئاستیدا وەستان و نەیانتوانی هەنگاوێکی دیکە بچنە پێش، من ئەگەر خۆم توند بە پشتی ئەسپەکەوە نەگرتبا، رەنگبوو بگلام. (جەعفەر سودانی)، کە نەمدەزانی بۆ ئەو ناوەی لەخۆ نابوو، بە ئیشارەت پێی وتم هەتا زووە باشتر وایە بگەڕێینەوە، لەپڕ تەزووی ترسێك بە گیانمدا هەڵگەڕا. هەستمکرد زەوی قاچەکانی ئەسپەکەم بەخۆوە راناگرێ، هەر لەوە دەچوو دوای کەمێکی دیکە، غلۆر ببینەوە. (با)یەکە تا دەهات خێراتر دەبوو، ترس و نیگەرانیش تا دەهات

زێتر و زێتر دەبوو، ئەسپەکەی من لە جیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ، هێدی هێدی بەلادا دەهات و بۆ دواوە دەگەڕایەوە، من ئاگام لە جەعفەر نەمابوو، کە ئەسپەکەی بە کام ئاراستەدا ڕۆیشتبوو، چونکە نەمدەتوانی بۆ لەحزەیەکیش سەرم بەرز بکەمەوە، دەمزانی ئەگەر وەکو چەسپ خۆم بە ئەسپەکەوە نەنووسێنم، دەکەومە بەر غەزەب و تووڕەیی (با)یەکە. من هەر بە زەین هەستم دەکرد، ئەسپەکەم پشتاوپشت دەڕوا و ناوە ناوەش دەوەستێ و توند پێیەکانی لە زەوی گیر دەکا، لەوەش دەترسام لەپڕ هەڵخلیسکێ و بکەوێتە نێو کەندەڵانێك و هەموو شتێك ببڕێتەوە، کەچی هەرچەند ئەسپەکە بۆ دواوە دەکشایەوە، فشار و قورسایی (با)یەکە کەمتر دەبۆوە، تا وای لێهات توانیم لەسەرخۆ سەرم کێل بکەمەوە. کە چاوم هەڵبڕی سەرەتا هیچ شتێکم نەبینی، پڕ بەدەنگ هاوارم کرد "جەعفەر لە کوێی؟" دنیا کشوماتەکەی ئەو شەوە هاوارەکەمی هەڵلوشی، جارێکی دیکە دەنگم هەڵبڕییەوە، هیچ وەڵامێك نەبوو، ئەسپەکەم بۆ سەرەوە تاو دا. هەرچەند ئەسپەکە هەوراز دەچوو، من بۆ دۆزینەوەی جەعفەر تەنگەتاوتر دەبووم. جەعفەر لە هیچ کون و قوژبنێکی بناری ئەو شاخە مەزنە نە دەنگی هەبوو نە ڕەنگ. ناچاربووم لولەی کلاشینکۆفەکەم لە ئاسمان بکەم و چەند گوللەیەك بتەقێنم. ساتێکی کەمی پێچوو جەعفەر بە تەقاندنی دوو گوللە وەڵامی دامەوە. ئیدی بە ئاراستەی ئاگری گوللەکان ڕۆیشتم. جەعفەر لە پەنای بەردێك وەستابوو، کە لێی نیزیك کەوتمەوە، بە پێکەنینەوە ڕووبەڕووم هات وەك

ئەوەی هیچ شتێك رووی نەدابێ، بلەز خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکە و هاتە تەنیشتم. بە دەمی پڕ لە دووکەڵی جگەرەوە پێمی وت:

- ئەو بایە هەر لە شەپۆلی تووڕەی دەریاکان دەچوو.

منیش لەسەرخۆ وتم:

- ئەگەر نەگەڕێتەوە باشە.

من و جەعفەر بێ ئەوەی هیچ قسەیەکی دیکە بکەین چارەنووسمان دایە دەست ئەسپەکان. ملپێچەکەی (تارا)م کەمێك هەڵکێشایە سەرەوە و دەم و لووتی خۆمم بە تەواوی پێداپۆشی. بۆنێکی خۆش داکشایە نێو سنگمەوە. بۆنی جەستەی تارا کە لە ملپێچەکەوە دەهات، هەموو گیانمی تەنی. هەستم دەکرد تارا بەسەر ئەسپەکەوە لە ئامێزم دایە، روومەتی گەرمی لە روومەتی سارد و سڕم دەخشێنێ، هەڵمی هەناسەکانی تێکەڵ بە هەڵمی هەناسەکانم دەبێ. لە سایەی کزە ڕووناکی ئەو مانگەشەوە و لەنێو بەستەڵەکی ئەو شاخە بەشکۆ و پڕ نهێنییەدا، چاوە بزێو و قەترانییەکان، نیگا پڕ سیحر و لێوانلێو لە ئەوین و سۆزم دەبینی. تارا بە پەنجە ناسك و گڕگرتووەکانی، گەرمایی دەخزاندە نێو پەنجە ساردوسڕەکانم، لەوێشەوە دڵ و دەروونمی دەکردە ئاگردانی عیشق. من لەو دەمە نەمدەزانی بەسەر پشتی کێوە رێدەکەم و بۆ کوێ دەچم. من ئەو دەم لەگەڵ کەسێکدا هاوسەفەر و هاودڵ بووم، کە هێزی بە فڕینەکانی رۆحم دەدا و دەیبردمە کەشکەڵانی فەلەك. من وامدەزانی بەسەر بەرماڵی عەلائەدینەوە کێوە زل و زەبەلاحەکان دەبڕم و پاش

کەمێکی دیکە دەبمە میوانی ئەستێرەکان. ئەو ملپێچە بۆ من وەك ملوانکەیەکی ئاگرین، زستانی ئەو کێوە ساردەی وەلا دەنا و گەرمایی هاوینی دەخستە گیانمەوە، سەفەری مەرگ و هاتونەهاتی نێو تۆفان و زەمینە شەختاوییەکانی بۆ دەکردمە گەشتی نێو گوڵ و باخە رێحانەکان، ملپێچەکەی تارا رۆحی تژێ نیگەرانی و شەکەتمی هێور دەکردەوە، من لەو سەفەرە سەرەڕۆییەدا تەنیا لەگەڵ کەسێکدا دەئاخڤم، تەنیا لەگەڵ رۆحێکدا سەردەکەوتم، تەنیا منیش ئەو کەسەم دەبینی. کەچی دەنگێکی لەناکاو، کە هەر لە تەکاندنی زەوی دەچوو تارای لێ جیاکردمەوە. تارا خۆی هەر کە گوێی لە دەنگی جەعفەر بوو، لەبەر چاوم توایەوە و ونبوو، جەعفەر وەك لە خەوێکی خۆش بە ئاگام بێنێتەوە، هاواری کرد:

- هاوڕێ سەران لە کوێیت؟ ئەمە کانییەکەیە، دەبێ کوڕە بەجێماوەکە لەم نێزیکانە بێ.

لەگەڵ دەنگی جەعفەر، وامزانی تەنەکەیەك بەفراویان بە سەرمدا کرد. بایەکی سارد بەسەر دەموچاومدا تێپەڕی. لەسەر ئەسپەکان دابەزین. بەفر لەژێر پێماندا وەك شەختە وابوو. ئەسپەکانمان لەسەر کانییەکە جێهێشتن. بە پێ ملی ئەو تولە رێگایەمان گرتە بەر کە لە ناوەڕاستی شاخەکەوە بوو. هێندە نەڕۆیشتبووین گوێمان لە دەنگێك بوو هەر لە دەنگی کەوتنە خوارەوەی بەردێکی زل دەچوو. کە ئاوڕمان دایەوە، یەکێ لە ئەسپەکانمان کەوتبووە نێو چاڵێکی بەفرەوە، تەنیا سەری بەدەرەوە مابوو. مشەمش و هەناسە یەك لە دوای یەکەکانی دەگەیشتە

گوێمان. جەعفەر بەپەلە پروزیٚ بۆی گەڕایەوە، داواشی لەمن کرد لە گەڕان بە دوای کوڕە بەجێماوەکەدا بەردەوام بم. من لە هەوراز بڕینەکە بەردەوام بووم. کە گەیشتمە سەرەوە، ئاوڕێکم لەو شوێنە دایەوە کە ئەسپەکە لەنێویدا گیر ببوو. جوولەیەکم دەبینی، بەڵام بۆم روون نەدەبۆوە کە، چی روودەدا. ئێمە ئەو شتانەی، کە بۆ سەفەرێکی وا پێویست بوون، هێنابوومان. دڵم بەوە خۆش بوو، کە هەردووکمان بێرۆکە و قازمەشمان پێبوو. دەمزانی جەعفەر بە زووترین کات ئەسپەکە لەنێو چاڵە بەفرەکە دەردەهێنیٚ، هەربۆیە بڕیارم دا هەنگاوی خێراتر هەڵێنم. بە گوێرەی قسەی هاوەڵەکانی کوڕە بەجێماوەکە، دەبوایە ئەو شوێنەی من لێی وەستام، کوڕەکەم بدیبایە. چەند جارێك هاوارم کرد "سوارە، سوارە" کەچی وەڵامێکم نەبیست. ترس و بیمێك هەموو لەشمی داپۆشی. هێندەی دیکە چوومە پێش. لە هیکڕا شتێك بەبەر چاومەوە رەتبوو. موچڕکەیەك تەواوی جەستەمی تەزاند. گوێم لە چرپە و هەناسەبڕکێی کەسێك بوو. کلاشینکۆفەکەم بە دەستمەوە گرت و خێرا سوارم کرد. لە تولە رێگاکە دەرچووم. بەسەر بەفرەکەوە دانەویمەوە. سەیرێکی راست و چەپی خۆمم کرد. پەنجەم خستە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەم. لە دوورەوە شتێکی رەش رەشم بینی، لەنێو بەفرەکە هێدی هێدی سەری دەردەهێنا، تا دەهات لەبەر چاوم گەورە و گەورەتر خۆی دەنواند. بیٚ ئەوەی تۆزقاڵێك لە هەنگاونان سلیٚ بکاتەوە، ڕووبەڕووی من هات، ترسێکی زۆر هەڵمەتی بۆ هێنام. لوولەی تفەنگەکەم بەرز کردەوە، ویستم گوللەیەکی پێوەنێم،

کەچی پەشیمان بوومەوە. پێم باشتر بوو، خۆمی لێ نەبان بکەم. ئەی خودایە ئەمە چییە، تۆ بڵێی ترس و سەرما ئەقڵی تێك نەدابم؟! هەر کە هەستم کرد تەنە زەبەلاحەکە چەند هەنگاوێکی ماوە بگاتە سەرم، بۆی هەڵسامەوە و لوولەی تفەنگەکەم رووە و سنگی راگرت. لەناکاو گوێم لە دەنگی جەعفەر بوو:

- ئەوە چیتە هاورێ سەران؟!

- نازانم، زەلامێکم بینی پان و درێژ!!

جەعفەر لێم نێزیك بۆوە، بە زەردەخەنەیەکەوە پێمی وت:

- کەی وەختی ئەم قسە قۆڕانەیە؟ دەی با سەرکەوین.

دوای ئەوەی چەند هەنگاوێکی دیکەمان هەڵێنا، جەعفەر وەستا. دواتر دانەوییەوە و دیقەتی لە بەفرەکە گرت، لەبەر خۆیەوە وتی:"ئەمە شوون پێی یەکێکە لە رێگاکەوە دەرچووە!" هەردووکمان بە ئەسپایی، بە ئاراستەی شوون پێیەکەدا رۆیشتین. لەپڕ پێکەوە بە حەپەساوییەوە لە شوێن خۆماندا چەقین.

لە دووری چەند هەنگاوێك، تەنێکی رەشی گرمۆڵەمان بینی.. من و جەعفەر پێکەوە ناوی (سوارە)مان لە دەم دەرچوو، بەڵام هیچ وەڵامێکمان گوێ لێنەبوو. بەسەر جەستەی پەپکە خواردووی کوڕە بەجێماوەکە دانەوینەوە. چەند جارێکی دیکەش ناومان هێنا. بە هەردووکمان ویستمان بەرزی بکەینەوە. هیچ سوودێکی نەبوو. کوێی

جەستەت بجوولاندبایەوە، هەستت دەکرد دەستت بە پارچە شەختەیەك دەکەوێ. من هەوڵمدا پێڵوی چاوەکانی بۆ سەرەوە هەڵبڕم کەچی لەوە دەچوو هەموو گیانی لە هەست و خوست کەوتبێ. بڕیارمان دا خێرا بیخەینە سەر پشتی یەکێ لە ئەسپەکان. ئەوەی بۆ ئێمە زۆر زەحمەت و جێی سەرسوڕمان بوو، کە هەردووکمان لە ئاستیدا دەستەوەستان بووین، چۆنییەتی بەستنەوەی (سوارە) بوو لەسەر پشتی ئەسپەکە. ئێمە لەوە بە گومان بووین کە کوڕە رۆحی لەبەردا مابێ. لەوەش دەترساین ئەگەر زۆر بە دیقەت نەبین لە بەستنەوەی، رەنگبێ شوێنێك لە جەستە بەسەهۆڵبووەکەی بشکێ! هەر چۆنێك بوو بە ئەسپایی بەرزمان کردەوە و خستمانە سەر پشتی ئەسپێك و هەردوو پشدێنەکەی خۆشمان لێکدا و بە ستمانەوە. جەعفەر ئەسپەکەی بە دوای خۆی داو منیش لە دواوە دەڕۆیشتم، هەر بە رێگاوە ئەسپەکەی دیکەشمان هێنایەوە و بە رێکەوتین. جەعفەر رێشمەی ئەو ئەسپەی لەمن وەرگرت کە کوڕەمان خستبوە سەری. منیش ئەسپەکەی دیکەم بە دوای خۆمدا و چاوەدێری پشتی ئەسپەکەی پێش خۆمیشم دەکرد. ناوەناوەش هەر کە هەستم بە ماندووبوون بکردایە، لە رێگای ملپێچەکەوە هەناسەیەکی قووڵم هەڵدەکێشا و سنگم تژی دەکرد لە بۆنی (تارا). هەستم دەکرد ئەو بۆنە لە کاتێکی وادا زۆر پێویست بوو، هێزێکی لە رادەبەدەری پێ دەبەخشیم، بە تایبەتیش لەو کاتانەی بە هەورازێکەوە سەردەکەوتین، ئەگەرچی لە

گەڕانەوەماندا زیاتر رووبەڕووی نشێو دەبووینەوە، بەلاّم نشێوەکانیش لە مەترسی بەدەر نەبوون، ئەو رێگاوبانانە لە هەندێ شوێندا وەها تەسك دەبوونەوە، ئەگەر زۆر ئاگامان لە خۆمان نەبوایە، بە خلیسکێك غلۆر دەبووینەوە. من بۆخۆم زیاتر لە پێنج جار بەربوومەوە، بەلاّم لە هەموو جارەکاندا بە چوستی خۆم قیت دەکردەوە، هەنگاوم هەڵدەهێنایەوە. ئەوەی بۆ من جێگای سەرسوڕمان بوو، بۆ یەکجاریش جەعفەر پێی هەڵنەخلیسکا. لەوە دەچوو خەیاڵ و داڵغەکانم وام لێ بکەن بە باشی بەرپێی خۆم نەبینم. ئێمە لە ماوەی چوون و گەڕانەوەماندا ئەگەر کزە رووناکی مانگ نەبوایە، نەماندەتوانی بەسەر زۆرێك لە زەحمەتەکانی رۆیشتن زاڵ بین، ئێمە بە باشی بەر پێی خۆمانمان دەبینی، من ئاخیرجاریش کە بەر بوومەوە، زیاتر پێوەندیی بەوەوە هەبوو، کە دیقەتم لە لاشەی (سوارە) گرتبوو. لەو دەمە وا هاتە بەر چاوم کە کوڕە هەوڵ دەدا سەری بەرز بکاتەوە. ئەو دیمەنە وای لێکردم هەوساری ئەسپەکەم بەردەم و لە ئەسپەکەی جەعفەر نێزیك ببمەوە. لەو ساتەدا هەستم کرد لەنێو قوولاّیی دەروونمدا موچڕکەی خۆشییەك، ترسێك راودەنێ. کە دەستم لەنێو چاوانی (سوارە)دا، ناوەندی پشتم بە عەرز کەوت. ئەو کات جەعفەر وەك ئەوەی ئاگاداری بەربوونەوەکانی دیکەشم بووبێ، هاواری لێهەڵسا و وتی:

- چییە خەوت لێکەوتووە؟!

دەستبەجێ هەڵسامەوە و خۆم گەیاندە جەعفەر، ئەویش بە حەپەساوییەوە بۆم وەستا، بەر لەوەی لێوەکانی لێك بترازێنێ و پرسیارێك بکا، بە پەلە وتم:

- هاورێ بەم چاوانەم بینیم سوارە سەری خۆی بەرز کردەوە!

جەعفەر وەك هەست بکا من کەسێکی ئاسایی نەبم، بە گاڵتە پێکردنەوە پێمی وت:

- ئەوە چیتە تێکچووی، تۆ سەعاتێك لەم کێوە بەستەڵەکە بمێنیتەوە نابیتە شەختە؟!

جەعفەر داوای لێکردم بگەڕێمەوە لای ئەسپەکەم و باشتر ئاگام لەخۆم بێ، من بە گوێی ئەوم کرد، بەڵام هەر کاتێك سەیری (سوارە)م بکردایە لەبەر چاومەوە نەك هەر دەجووڵایەوە، بگرە هەڵدەستایەوە و قیت لەسەر ئەسپەکە دادەنیشت، لەوەش زیاتر بزەیەکی منداڵانەی بۆم دەکرد و لەسەرخۆ پێمی دەوت:

- بۆچی منتان لەنێو دڵی ئەم کێوە مەزنە دەرهێنا؟

- ئەگەر وامان نەکردبا گورگ دەیخواردی!

(سوارە) بە پێچەوانەی دانیشتنی ئاسایی رووی لە من بوو، پشتیشی لە جەعفەر، لە نشێوە سەختەکانیشدا بێ ئەوەی خۆی بگرێ بە هیچ لایەکدا نەدەکەوت. من زۆرجار بە رێگاوە سوارەم بەو شێوەیە دەبینی، بەڵام نەمدەزانی بۆچی ئاوا خۆیم نیشان دەدا، لەوەش سەیرتر

جەعفەر بوو، نەمدەتوانی چۆن ئەو راستییەی پێ بڵێم کە بە چاوی خۆم دەمبینی؟ لە شوێنێك هەر بۆ حەسانەوەیەکی چەند خولەکی، ئەسپەکانمان راگرت، جەعفەر کە ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو، بەلاّم لە چاوەکانیدا هەستم بە سەرکەوتن و شانازی بەخۆکردنێکی زۆر کرد، لێم نێزیك بۆوە و وتی:

- سەران، چەند خۆشبوو ئەگەر سوارەمان بە زیندوویی هێنابایەوە؟

- راستە، بەلاّم نازانم بۆچی...

جەعفەر لە لاشەی سوارە نێزیك بۆوە، کەمێك بە لای دەموچاویدا دانەوییەوە، بە سەرسوڕمانەوە تێیوەڕاما، گوێم لێبوو لەبەر خۆیەوە وتی:"ئای خوایە، خۆ هەردوو چاوی کراوەن! "خێرا هەڵسایەوە و یەکسەر بۆ لای من هات، سەرەتا بە حەپەسانەوە وەستا، شتێك کە دەبوایە ئەو کات بیڵێ، نەدەهاتە سەر زاری، بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکا، بۆ لای سوارە گەڕایەوە، منیش بە دوایدا چووم، جەعفەر دەستێکی سوارەی کە کەوتبووە ژێرییەوە، راکێشایە دەرێ، پەنجەیەکی خستە سەر شادەماری بازووی سوارە، منیش لەو دەمە لە چاوەکانی ڕامام، کەچی پێڵوی هەردوو چاوەکانی داخرابوون، لەپڕ جەعفەر وتی:

- هاوڕێ خێراکە، پێدەچێ هێشتان مابێ!

هەر کە گوێم لەو قسەیە بوو، بێ ئەوەی ئیزن لە جەعفەر وەرگرم، کلاشینکۆفەکەم لە شانم داگرت و چەند گوللەیەکم بە دوای یەکدا تەقاند،

گوللەکان هەموویان ئاگردار بوون، هێندەی نەبرد لە بنکەکەمانەوە بە چەند گوللەیەکی هاوشێوەی گوللەکانم وەڵامیان داینەوە، ئەوە نیشانەی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان ئێمە و ئەوان بوو، کە ئەگەر پێویستیمان بە یارمەتی بوو، خێرا بگەنە لامان. ئێمە بەرەو خوار بەرێکەوتینەوە. ئەو نشێوەی کە لە کۆتاییەکەی دەگەیشتەوە بنکەکەمان، زۆر ڕك و عاسێ بوو. من بۆ خۆم لە هاتنە خوارەوەماندا هەستم دەکرد جەستەم لەنێو حەماسەیەکی سەیردا بەرە بەرە دەتوێتەوە، شوێنێك وەك هێزێکی موگناتیسی هەبێ، بۆ لای خۆیەوە رایدەکێشام، من وا خۆمانم دەهاتە بەرچاو وەك ئەوەی لەنێو قوڕگی مەرگدا کەسێکمان دەرهێنابێ، وام هەست دەکرد بە نێوەڕاستی خەڵکانێکی زۆر لە گوندنیشینەکانی ئەو ناوچەیە دا تێ دەپەڕین، هەموویان بە چەپڵەڕێزان پێشوازیمان لێ دەکەن، لەدوورەوە (تارا) بە غاردان بۆم دێت، منیش ڕێشمەی ئەسپەکەم بەردەدەم و بە هەنگاوی بە پەلە بۆی دەچم، خۆمان بۆ یەکدیی هەڵداوێین، هەر لە هەواوە یەکدیی لە باوەش دەگرین، کە دەکەوینە سەر زەوی، لەبەر چاوی خەڵك ون دەبین و لەو ناوە دەسڕێینەوە، سوارەش وەك مردووێك، پەرجوویی زیندووبوونەوە بە خەڵکەکە نیشان دەدا و بە هێمنی لەسەر پشتی ئەسپەکە دێتە خوارێ، تێکەڵ بە خەڵکەکە دەبێتەوە! هێندەی نەبرد کۆمەڵێك هاوڕێ گەیشتنە لامان، خێرا ڕێشمەی ئەو ئەسپەیان گرت، کە (سوارە)مان لە سەر پشتیدا بەستبۆوە. ئەوان لە ئێمە بە پەلەتر

دەڕۆیشتن، من و جەعفەر بە کاوەخۆ هەنگاومان هەڵدەهێنا. ئەو ڕێگایەی پێیدا دەچووینە خوارێ بەردەڵان و تەسك بوو. لەگەڵ ئەوەی زۆریش ماندووبووین، کەچی بڕیارمان دا هەر بە پێ بڕۆین. ئەسپەکەشمان لە رۆیشتندا زۆر چوست و چالاك خۆی دەنواند، هەر خۆیشی وەك سەرقافڵە بە پێشمان کەوتبوو. ئێمە دەبوایە گوێڕایەڵی هەنگاوەکانی ئەو بین. من بە رێگاوە بیرم لەوە دەکردەوە "ئەگەر ئەو ئەسپانە نەبوونایە چۆن وا بە خێرایی ئەم رێگا عاسێ و ئەم کێوە بەستەڵەکەمان دەبڕی؟"لە پشتەوە دیقەتم لە هەنگاونانەکانی ئەسپ گرتبوو، لە ریتمی جووڵانەوەی قاچەکانیدا لەخۆباییبوونێکی مەزنم دەبینی، هەر لە کەسێك دەچوو کارێکی وا گەورەی کردبێ ئاسان نەبێ ئەوانی دیکە بیکەن، ئاخر ئەگەر ئەو نەبوایە (سوارە) بەچی دەهێنرایەوە؟ ئێستە بە مردوویش بێ ئەو کوڕەمان لەنێو دەمی ئاژەڵە دڕندەکان دەرهێنا. ئەگەر ئەسپەکانمان بغەزریبان لە دواییدا چی روویدەدا؟ ئەسپ لەنێو ئەو شاخانەدا وەکو مرۆڤ مێژوویەکی سەیروسەمەرەی هەیە. تۆ ناتوانی ئەسپ لە ژیان و مێژووی تاقە گوندێك دابڕی. سەیرکە ئێمە لەو گوندەی کە بۆ خۆمانمان چێ کردووە، ئەگەر ئەسپێك یاخۆ ئاژەڵێکمان لە جۆری ئەسپ نەبوایە چۆن دەمانتوانی لەوێ بژین؟ ئەسپەکانمان نەك قورسایی ژیانی ئێمەیان کەم دەکردەوە، بگرە لە سای سەری ئەوان دەمانتوانی بەردەوام کۆمەڵێك

خانوو قیت بکەینەوە. ئەگەر ئەوان نەبوونایە چۆن دەمانتوانی ئەو هەموو داره زل و زەبەلاحانه لەو دۆڵ و عاسێیانه دابگرین؟

ئێمه جەستەمان له زستانه ساردوسڕەکانی ناوچه شاخاوییەکان به شانوشەوکەتی ولاخەکانمان گەرم دەکردەوە..تارا گیان خۆزیا هەنگاوه به شکۆکانی ئەو ئەسپەی پێشمانت دەبینی، ئەو کات لەوه تێدەگەیشتی، که بەشێکی زۆری ئازایەتی ئێمه، لەنێو چاوانی ئەسپ و هاوەڵەکانی دایه. من لەو باوەڕەدام لێره ئەوینیش بەبێ هەبوونی ئەسپ ناکرێ! لێره ئەوه ئاژەڵه کێوییەکانن خێرایی به ژیان دەبەخشن له سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانیشمان به هانامانەوه دەهاتن..تارا گیان دوای کەمێکی دیکه به چاوی خۆت گەورەیی و پاساوی هەبوونی ئەسپەکانت بۆ دەردەکەوێ. دەزانم له بینینی ئەو ئەسپەی که (سواره)ی هێناوەتەوە، بێ ئۆقرەیی هەموو گیانت دادەگرێ، له یەکەم ساتدا نەفرەت بۆ ئەو ئەسپه دەنێری، که هەواڵی مەرگی کەسێکی بۆت هێناوەتەوە، لەوەش ناخۆشتر لەوانه بێ دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵه هاوڕێیه دەبینی، که تەنیا به یەك ئەسپ گەڕاونەتەوە و من و جەعفەریان لەگەڵ نییه، حەتمەن تووشی شۆك و حەپەسان دەبی و خۆت پێ ڕاناگیرێ و پڕ به دەم هاوار دەکەی "ئەی سەران و جەعفەر له کوێن هاوڕێیان؟!"هێنده نابا دڵت به هاتنەوەی ئێمه خۆش دەکەن، دواتر یەکجێ خۆت لەنێو حەشاماتی هاوڕێیان دەدزیتەوە و به ئاڕاستەی ئێمه هەنگاو دەنێی. من دەزانم هاتنەوەم بۆ تۆ له هەموو

هەواڵێك خۆشترە. من لەوە تێ دەگەم، کە تۆ ناتوانی چاوەڕێی گەڕانەوەی لە سەرخۆی ئێمە بکەی، لەوە دڵنیام لە دووری بنکەکەمانەوە بە دەروونێکی تژی لە ئەوین و شانازییەوە بۆم دەوەستی، بێ ئەوەی گوێ بە هاوڕێ جەعفەر بدەی، توند باوەشم تێوەردێنی، منیش وەها بە خۆمەوە راتدەگوشم تا ئەو شوێنەی، کە لەنێوتدا ون دەبم، ئەو کات من و تۆ بەنێو بارەگەکەمان و بە بەر چاوی هاوڕێیانەوە ماچی گەڕانەوە و سەرکەوتنمان لە یەکتر دەکەین، کە گەڕاینەوە لەسەر بانی بەرزترین خانووی بارەگە، لەبەر دەم و چاوی زەق و نیگا سەرسامەکانی هاوڕێیان ئەو شیعرە دەخوێنمەوە، کە تۆ حەزت نەدەکرد بۆ کەسی بخوێنمەوە و بیدەم بە هیچ کەسێکیش، بە هەموویان دەڵێم بوەستن، هەواڵێکی خۆشم پێیە، ئەوان نازانن من چیان پێ دەڵێم، لەپڕ ئەو کاغەزە قەدکراوەی نێو گیرفانم دەردەهێنم، لە جیاتی هەواڵەکانی شەڕ و پێکدادانی چەکدارانی شاخ، شتێکی دیکەیان بۆ دەخوێنمەوە و دەڵێم:

- من شوون هەڵگری تیشکی نیگاکانی تۆم
من لەتۆدا بۆنی رووناکی دەکەم
لەنێو تۆدا گوێ لە تاریکی دەگرم
من بزەکانت وەك تینوەتی دەخۆمەوە
لەنێو تووڕەیی تۆدا سەما دەکەم
بە حەرفەکانی وشەی ئەوین

پەیکەری ماچێکت بۆ دەتاشم
لە فێنکی چاوەکانتدا
تەلارێك لە هەوا ساز دەکەم

کە شیعرەکە دەخوێنمەوە هەموویان چاویان ئەبڵەق دەبێ، ئەو کات لە نهێنی پێوەندیی من و تۆ تێدەگەن.. من هەر لە خەیاڵی ئەوەدا بووم، کە تارا بە چ شێوەیەك پێشوازیم لێدەکا، چیم پێ دەڵێ. زۆرمان نەمابوو بگەینەوە بنکەکەمان، هێدی هێدی دیمەنەکانی بەر چاومان ڕووناکتر و سافتر دەبوونەوە. لە نێوان قەدی داربەڕووەکانی بەردەمی گوندەکەمان، کەسێك بەدەردەکەوێ. ترپەکانی دڵم خێراتر لێ دەدەن، جەستەیەك دەبینم بە خێرایی دێتە پێش، لەوە دەچێ ئەویش ئێمە ببینێ، لەپڕ ئەو دەوەستێ و ئێمەش بە دوویدا لە شوێن خۆمان دەچەقین. من و جەعفەر نیگاکانمان بەریەك دەکەون، هەردووکمان لە یەکدیی تێ دەگەین. جەعفەر بزەیەکم بۆ دەکا، بەئاماژە تێم دەگەێنێ، کە خێراتر هەنگاو هەڵێنم بۆ ئەوەی زووتر بگەمە تارا. من نازانم بۆچی ئەو کاتەی ئەو دەبینم هیچ شتێك بە بەر چاومەوە وەك خۆی نامێنێتەوە؟ هەستم دەکرد پێیەکانم لە زەوی دادەبڕێن، شتێك دەبینم لە بۆشاییدا هەنگاو هەڵدەهێنێ، منیش بەنێو قەد و گەڵای دارەکاندا ڕووە و ئاسمان هەڵدەگەڕێم، جەستەیەك زۆر بە تین و تاو دێتە نێو باوەشم، ڕوومەتێك نەرم، سارد بە شنەبای بەیانی، خوێنی جەستەم بەگەڕ دەخەن و مەودای بینینم لێ دەسێننەوە، لەو دەمە

هیچم پێ نییە بیدەم بە تارا، تەنیا ملپێچەکەی خۆی و بڕێك شەرمی نێو حەزەکان!

سوپاس بۆ ئەم ملپێچەت، لە چوون و هاتنەوەمدا باوەشی گەرمی تۆی پێ بەخشیم! تارا ملپێچەکە دەکاتەوە ملم و لەسەرخۆ بە گوێما دەچرپێنێ و دەڵێ:

- بۆ ئەوەی هەردەم لە باوەشت بم، پێشکێشی تۆ بێ!

ئێمە چەند هەنگاوێکمان دەمێنێ بگەینە نێو بارەگەکەمان، لە هیکرِا لە سەربانی چێشتخانەکەمان، چەند چەکدارێك رووی لوولەی تفەنگەکانیان لە ئاسمان دەکەن و پێکەوە پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان رادەکێشن، ئێمە بە تەقەکانیان وڕو کاس دەبین، بۆ چەند چرکەیەك ترس بەگیانماندا هەڵدەگەڕێ، ئەسپەکەمان ستۆپێکی بە پەلە دەکا و لەگەڵێدا ملی بۆ ئاسمان بەرز رادەگرێ و دەحیلێنێ، دواتر هەرکەسە و تفەنگەکانیان لە شان دەهێننە خوار و لوولەکانیان لە ئاسمان دەکەن و چەند گوللەیەك دەتەقێنن، من و تارا و جەعفەر لە شوێن خۆمان دەوەستین، ئەسپەکەشمان لە ترس و تۆقین نازانێ بۆ کوێ رابکا، ئەو دەبوایە لەوێ دوورکەوێتەوە و خۆی لەنێو شریقەی گوللەکاندا قورتار بکا، یەکێ لە چەکدارەکان لە ئێمە نێزیك دەبێتەوە، بە زەردەخەنەیەکەوە بۆمان دێتە پێش، هەر لە دوورەوە دەستخۆشی لە من و جەعفەر دەکا و

ئاماژەش بۆ شوێنێك دەكا، كە سوارەی تیا بوو، بە دەمی پڕ لە قسە و حەپەسانەوە پێمان دەڵێ:

- سوارە زیندوو بۆتەوە!!

عەلیڕەزا هەستی بەوە كرد كە من دیقەتم لە ملپێچەكەی گرتبوو. خێسەیەكی وای بۆ كردم وەك ئەوەی پێم بڵێ (ئەوە بۆ كوێ چووی سەران؟) من نەمتوانی هیچ شتێكی پێ بڵێم، خۆیشم نەمزانی بۆچی نوتقم گیرا، عەلیڕەزا لەسەر قەرەوێڵەكەی هاتە خوارێ، زۆر بە نەرمی دەستێكی خستە سەر شانم و پێی وتم:

- ئێمە هیچ شتێك نامانكوژێ تەنیا یادگارییەكان!

عەلیڕەزا راستی فەرموو، بەڵام پێچەوانەكەشی هەر راست بوو، بۆیە منیش لەسەرخۆ وتم:

- بەڵام لێرە لە رابردوو زیاتر بە چ شتێكی دیكە دەژین؟

عەلیڕەزا قەناعەتی بە قسەكەی منیش هات. بە جووڵانەوەی سەری تێمیگەیاند كە قسەكەی منیش هەر راستە، بەڵام بۆ ئەوەی هێندێك گەشبینم بكا و كەمێك لە كەناری بێ ئومێدی دوورم بخاتەوە دەمی هێنایە بن گوێم، وەك ئەوەی نەیەوێ كەسێكی دیكە گوێی لەو قسانە بێ، بە دەنگێكی نزم، وتی:

- ژیان بێ ئایندە نابێ سەران!

- بەڵام ئێرە بۆ كوشتنی ئایندە چێ كراوە!

عەلیڕەزا دەستی لەسەر شانم هەڵگرت و ڕووبەڕووم وەستا، وێدەچوو ئەمجارە بیەوێ زۆر بە جدی لەگەڵم بدوێ:

- ڕاستە بەڵام ئەوان نە دەتوانن ئایندەی خۆیان بەسەر هەموو خەڵکیدا بسەپێنن، نەدەشتوانن ئایندەی ئێمە بسڕنەوە.

ئەو برادەرە چاو ڕەش و گەشە ئازەرییە، هێندە بە جدی و گەشبینییەوە قسانی دەکرد، هەر لەو زیندانییانە دەچوو، کە ساڵانێکی زۆریان لەنێو زیندان بەسەر بردبێ و بیانەوێ گڕوتینی بەرگری و خۆڕاگری بدەنە گیراوە تازەکان. شێوەی قسەکردن و بەرخوردی ئەو کوڕە وای لێکردم لە ماوەیەکی کەمدا باوەڕێکی زۆری پێ بکەم، هەر کاتێك هەستم بە دڵتەنگی کردبا لێی نێزیك دەبوومەوە، ئەویش خێرا بە چایەك پێشوازی لێ دەکردم. من لەو کوڕە فێربووم کە بکارم بە درێژایی ئەو هەموو ڕۆژ و مانگەی لە زیندان بووم، لە چا زیاتر دەمم بۆ قومە ئاوێ نەبەم، ڕۆژانە تا دە چام لە ترمزەکەی عەلیڕەزا دەخواردەوە، لە دواییدا لە ڕێگای ئەو ئافرەتەی کە بە ناوی دایکمەوە دەهاتە لام ترمزێکم بۆ هات، ئیدی خووخدێم بە چا خواردنەوە گرت. من کە لە شاخیش بووم حەزم لە چاخواردنەوە دەکرد، بەڵام زۆرینەی چایەکانم بە تاڵی دەخواردەوە، خۆشترین ساتەکانی چا خواردنەوەشم ئەو ڕۆژە بوو، کە من و تارا دوای نانخواردنی نیوەڕۆیەك بڕیارمان دا لە بارەگەکەمان دوور بکەوینەوە و بەرەو بناری ئەو شاخە هەڵکشێین کە کەوتبوە پشت بنکەکەمان، لەوێ

ئاگرێکمان کردەوە و چامان لەنێو قووتی ئاوی تەماتە سازکرد، تارا لە بەرانبەر من رۆنیشتبوو، دیقەتی لە ئاگرەکە دابوو، نەمدەزانی هزران لە چی دەکاتەوە، بەلاّم لەوە دەچوو، خەیاڵی بۆ ئایندەیەکی دوور رۆیشتبێ، من وامهەست دەکرد لەنێو خەیاڵی ئەودا پشکێکی سەرەکیم بەر کەوتووە، دیمەنە خەیالاّوییەکەی هێندە سەیر و سەرنج راکێش بوو، هەر لەوەی دەکرد لە فیلمێکی پڕ کێشمە و درامی بڕوانیێ، ئەو کاتەی چایەکەشم بۆ راگرت، هەر ئاگای لێ نەبوو، ناچاربووم کەمێك شانی راتەکێنم. تارا لەگەڵ راچەنینەکەیدا بزەیەکی بۆم کرد و پێلّوی چاوێکی بۆم نوقاند، وام هەست کرد رۆح و جەستەم بەنێو چاویدا رۆچوو، نقوومی دنیای خەیالاّتی ئەو بوو.

من بۆ ساتێکی کەم هیچ پێوەندییەکم بە دنیای دەرەوەدا نەمابوو، لەپڕ پەنجەیەکی نەرم و ناسکی ئەو، بەسەر پەنجەکانمدا تێپەڕی، کە سەیرم کرد قومێکی لە چایەکە دەدا، دواتر یەکسەر پێمی وت:

- ئەمە بۆ وا شیرینت کردووە؟

ویستم پێی بڵێم (ئەمە زاری تۆیە شیرینە!) کەچی خێرا وتی:

- دەتامی بکە بزانە دەتوانیت بیخۆیتەوە؟

پەرداخی چایەکەم لێ وەرگرت و قومێکم لێدا، چاوم بڕیە نێو چاوە پڕ داخوازییەکانی، لە چرکەیەکدا روومەتی سوور هەڵگەڕا، نیگام کەوتە سەر لێوەکانی، لێوەکانم وەبەر تیری نیگاکانی کەوتن، لەو دەمە خۆیشم

نەمدەزانی لە کوێی ئەو سەرزەمینەم، من تەنیا جەستەیەك بووم بەهێزی بایەك کە لەنێویدا ئەمسەر و ئەوسەرم دەکرد، لە شوێنێکەوە هەڵدەکشام بۆ شوێنێکی دیکە، پەلەم بوو لەنێو جەستەیەکی دیکەدا جێگای خۆم بکەمەوە، لەوێدا بە هەر چوار پەلم بە هەورازێکی پڕ موچڕکە و خۆشیدا هەڵگەڕێم، من هیچم نەدەبینی تەنیا هاڵاوی گەرمی هەناسەکانی تارا، ئەو هەناسانە گڕێك بوون بە خوێنی جەستەمان هەڵایسابوون، من دەمم بەنێو گوڵە شەکرەکان و سێوە تورت و تەڕەکاندا هاتوچۆیان دەکرد، ئێمە نەك جەستە و رۆحمان تێکئاڵاو و ئاوێتەی یەکدیی ببوون، پەیڤەکانیشمان لەنێو ئاگری هەناسەکانماندا دەسووتان، من تەنیا لە دوا چرکەکانی شەڕی جەستەکانمان، لە دوای گەمەی موچڕکەکان، گوێم لێبوو تارا وتی:

- نەمگوت چایەکە زۆر شیرین بوو؟

منیش بە پێکەنینەوە کە هێشتا سەروسیمام لەنێو قژە پەرش و بلاوەکەیدا بوو پێمووت:

- بەڵێ وابوو، بەڵام دەموزاری تۆ لە چایەکە شیرینتر بوو!

هەردووکمان بۆ دواجار توند ئامێزمان لەیەکدیی وەرێنا و نێوچاوانمان لەیەکدیی سوواند. پێکەوە هەڵسباینەوە و ئاگر و قوتییە چایەکەمان لە پاش خۆمانەوە جێهێشت...!

دەمویست یەکێك لە یادگارییەکانی شاخ بۆ عەلیڕەزا بگێڕمەوە، بەلاّم بانگەوازێك کە لە بلّندگۆی هۆڵەکە گوێبیستی بووین ئەو دەرفەتەی

پێنەدام، نەك هەر ڕێی لێگرتم، بگرە ترسێکی زۆریشی خستە دڵی هەردووکمان. عەلیڕەزا کە گوێی لە دەنگی خۆی بوو، وەك ئەوەی قەت چاوەڕێی ئەو بانگکردنەی نەکردبێ. یەکسەر ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکا، بۆ لای قەرەوێڵەکەی گەڕایەوە. شتێکی خستە گیرفانی و خێرا گەڕایەوە لای من. بزەیەکی نیگەرانئامێزی بۆ کردم و دەستێکی خستە سەر شانم. ویستم پرسیارێکی لێ بکەم، کەچی ئەو، وەك ئەوەی کەسێکی نێزیکی خۆی جێ بهێڵێ پێمیوت:

- ئەگەر ئازاد بوویت، سلاو لە (دنیا) بکە!!

ئەی خودایە! پێ دەچێ هەموو نهێنییەکی لە چاوی مندا خوێندبێتەوە. بۆچی ئەو قسەیەی بۆ ئەو ساتە ناخۆشە هەڵگرتبوو؟ دەبێ بۆ کوێی ببەن؟ حەتمەن دەزانێ جارێکی دیکە نایبینمەوە، ئەگینا بۆ ئەو قسەیەی کرد. من قەت عەلیڕەزام بەو داهێزران و نیگەرانییە نەبینیبوو، ئەو ئەگەرچی کوڕێکی زۆر بێدەنگ و کەمدوو بوو، بەلاَم بۆ من جێگای سەبووری و ئاوەدانی بوو. کە عەلیڕەزا بۆ دواجار نیگای لە نیگاکانم گیر بوو، هەستم کرد لە ژیانیدا ئەوە بۆ جاری دووەمە زەبرێکی قورس بە حەزێکی ناسکی دەکەوێ، ئەو کات زانیم کە من بۆ ئەو، لەنێو ئەو زیندانە دا چ پەیامێکی شیرین بووم، ڕەنگبێ قەت بە خەیاڵیدا نەهاتبێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئاوا بە ڕێکەوت لەنێو ئەو هۆڵە بێ ئەمانەدا منێك بدۆزێتەوە، کە بۆن و پەیام و یادگارییەکانی (دنیا)ی ئەوم پێ بێت! ئیدی

ڕۆژەکانی زیندان لە دوای ونبوونی عەلیڕەزا زۆر بە سەختی تێ دەپەڕین، زۆرینەی بەیانیان هەر کە لە خەو بێداریان دەکردینەوە، دەبوایە ئاوڕێك لە شوێنی ئەو کوڕە بدەمەوە، وەك ئەوەی چاوەڕێی گەڕانەوەیەکی لەناکاوی ئەو بم. ئاریشەی ئێمە لەو زیندانە ئەوە بوو نەماندەوێرا لەو کەسە بپرسین، کە لەپڕ پەلکێشی دەرەوە دەکرا. ڕۆژانە خەڵکی نوێیان دەهێنایە هۆڵەکە و کەسانێکی دیکەیان بۆ شوێنێکی دیکە دەبرد. زیندانییەکان بە ئاماژە لە یەکدییان دەگەیاند، کە ئەوەی لەلای ئێمە دەبردرا، مەحاڵ بوو بگەڕێندرێتەوە. لە زۆرینەی دۆخەکانیشدا بە مەرگ ئاشنا دەکران. ئەوانەی لەو ماوەیەدا لەتەك من دادەنیشتن، ناوە ناوە یەکێکیان لێ بانگ دەکردە دەرەوە، کەمیان دەگەڕانەوە. لە دە کەس تەنیا چوار مابووینەوە، هەموومان لە چاوەڕوانییەکی ترسناکدا ڕۆژ و شەومان بەسەر دەبرد. مەرگ خۆی بە رووخساری هەر چوارمانەوە هەڵواسی بوو. من هەستم دەکرد ئەتوار و هەڵسوکەوتم بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە زۆر باشتر بوو. بەوە دڵی خۆم دەدایەوە، کە لە دەرەوەی زیندان هەوڵێکی زۆرم بۆ دەدرێ بۆ ئەوەی ئازاد بکرێم، بەڵام کەی و چەندی دیکە دەمێنمەوە، ئەوە نەمدەزانی. لەو ماوەیەدا چەند جارێکی دیکە

راپێچی ژووری لێکۆڵینەوەیان کردم، ئەوان تەنیا یەك داوایان لێ دەکردم و دەیانوت:

- ئێمە دەمانەوێ ئازادت بکەین!

منیش بە سەرسوڕمانەوە دەموت:

- سوپاستان دەکەم.

کەچی هەمدیسان قەوانەکەیان بۆ لێ دەدامەوە و دەیانوت:

- بەو مەرجەی بڵێی کۆمۆنستم!

من ئەگەرچی باوەڕی تەواوم هەبوو کە ئەوان لە کۆمۆنستبوونی من دڵنیابوون، بەڵام سەریان لەوە سوڕمابوو، کە چۆن لە کاتی لێکۆڵینەوەکان بێ ئەوەی تۆزقاڵێك تووشی شڵەژان بم، بە کەللەیەکی سارد پێم دەوتن "ئاخر من راستیم پێگوتون، چ بکەم کە ئێوە باوەڕ بە قسەکانم ناکەن! "عەلیڕەزا زۆر جار پێی دەوتم" ئەگەر ساڵێکی دیکەش لێرە بمێنیتەوە، نەکەی قسەکانی خۆت بگۆڕی!"بەڵام لە دوای ونبوونی عەلیڕەزا هەموو شتێك لە بەرچاومدا دەگۆڕا. هەستم دەکرد ژیان بە خەستی تفتوتاڵ دەبێ. رۆژ بە رۆژ خواردنیشم لەبەر چاو دەکەوت و ئیشتیهام بۆ هیچ خواردنێك نەدەما. توانای قسەکردنم لەگەڵ کەسانی دەوروبەر ئێجگار کەمببۆوە. دیقەتم

له رووخساری هەرکێ بگرتبا، دیمەنێکی سەیر خۆی نیشان دەدام. هیچیەك لەو دیمەنانە لە مرۆڤیان نەدەکرد. سیمای هیچ کەسێکم وەکو جاران نەدەهاتە بەرچاو. ئەو چا خواردنەوەیەی کە لە عەلیرەزا فێربووم بە یەکجاری تەرکم کرد، خولقوخویەکی زۆرم دایە جگەرە کێشان. زۆرم بیر لەوە دەکردەوە بە خۆم داوایەك پێشکێشی بەڕێوەبەری زیندان بکەم راست و رەوان پێی بڵێم "بەڵێ من کۆمۆنستم" قابیلە چیم لێ دەکەن، زۆر زۆر ساڵێکی دیکەم لە زیندان دەهێڵنەوە. خۆ من خەڵکی ئێرە نیم. چییان داوە لە من. من کە ساڵێکم زیاتر لە زیندان بەبێ دادگەییکردن تێپەڕاندبێ، با ساڵێکی دیکەش لەو ئازار و چاوەڕوانییەدا بمهێڵنەوە. ئەوانە سەبری ئەییوبیان هەیە، چ پەلەیانە، سەدان بگرە هەزارانی وەك منیان بە هەمان شێوەی من هێشتۆتەوە. ئەوان ئەزموونێکی زۆریان لەسەر گرتن و گۆشەگیرکردن و ئەشکەنجەی رۆحی هەیە. داخوا پەروەندەکەی من کەوتۆتە دەست کێ، ئەویش کەی و بە چ جۆرێك دوا پێشنیاز و بڕیارم بۆ دەردەکا. ئەگەر کەسێکی بە ویژدان و ئیماندار بێ رەنگبێ لەوە تێبگا کە من هیچ مەترسییەکم بۆ سەر ئەوان نییە، بەلاّم کێ دەڵێ بەهێزکردنی ئیمان و ویژدان لەوەدا نابینێتەوە کە کەسێکی وەك منی بکەوێتە دەست و

کۆتایی بەو بێنە و بەردەیە بێنیٚ؟ سەیرە هیچ کەسێك لەوانە تێناگا، جاری وا هەبووە هێندە نەرم بوون لەگەڵمدا، هێندە نەدەما باوەڕیان پیٚ بکەم و ڕاستییەکەیان پیٚ بڵێم. گەلیٚ جاریش بیٚ ئەوەی پەنجەیان بە پەنجەم کەوتبیٚ و یەك قسەشیان لەگەڵ کردبم، لە ژووری لێکۆڵینەوە بە جێیان دەهێشتم، لەوە تیٚ نەدەگەیشتم بۆچی ئەو ڕەفتارەیان لەگەڵدا دەکردم، بەڵام هەستم بەوە دەکرد، کە ئەو بیٚ بایەخی و فەرامۆشکردنەیان زۆر لە جوێن و ئەشکەنجەدان بە ئازارتربوو. من دوای بردنی عەلیڕەزا و لەبەرچاو نەمانی کۆمەڵێك زیندانی دیکە، لەحزە بە لەحزە پایەکانی گەشبینیم دادەڕما و تروسکاییەکانی هیوا دەکوژانەوە. ئاخر هەر کەس لە جێگای من بوایە زۆر زەحمەت بوو تۆزقاڵێك ئومێدی بە ژیان بمێنیٚ، بە تایبەتیش ئەو شەوە شوومانەی کە زیندانەکەیان لیٚ دەکردین بە گۆڕستان. ئێمە کە کۆمەڵێکی کەم مابووینەوە هەر لەو مەڕە گێژانە دەچووین، کە هاوینان بە دوای سێبەری یەکدی رادەکەن. ئەو شەوانە بۆ هەموومان شەوانی تۆقێنەر و پەیامهێنەری مەرگ بوون. هەر کە دەرگای هۆڵەکە دەکرایەوە مێشوولە لە فڕین دەوەستا و دیوارەکان لە بێدەنگیدا نقووم دەبوون. ئەو پیاوە ریشدارەی کە دەهاتە ژوور و لیستێکی ناوەکانی بە دەستەوە بوو، لە چاویدا

کۆمەڵە گورگێك و دەستەیەك لە چەکدارانی حازربەدەست بۆ گرتن و کوشتن دەبینران، ئەو کابرایە کە ناوی زیندانییە داواکراوەکانی دەخوێندەوە دەتوت دەنگی لە بڵندگۆیەك دەردەچێ:

- بێ دواکەوتن، خێراکەن لە دەرەوە چاوەڕێتانین!

بێ ئەوەی هیچیەك لە داواکراوەکان نقەیان لێوەبێ تەنیا بە دەست و چاو خواحافیزیان لە ئێمە دەکرد و دەڕۆیشتن، لەبەر دەرگاش بۆ هەتا ئاخرین ئاوڕدانەوەیان لە پاش خۆیانەوە جێ دەهێشت، من ئەوەی لە هەموویانەوە بۆم بەجێدەما نیگا تێکشکاوەکان و جەستە تەسلیمبووەکان بوون بە مەرگ، هەر کاتێکیش دیقەتم لە شوێنی هەر یەکێکیان بگرتایە، دروست گۆڕێکم دەبینی. ئەو هۆڵەی کە منی تیا بووم وەك گۆڕستانێك دەهاتە بەرچاوم، کە مردووەکان چاوەڕێی ناشتن بوون. من بۆ خۆم شەوانە هاواری ئەوانم گوێ لێ دەبوو، دەنگی هەموویانم دەناسییەوە. کە سەیری قەرەوێڵە ڤالاکانم دەکرد، هەموویانم دەبینی، بەلام بە مردوویی. هەموو لەسەر نێوچاوانیان نووسرابوو (ئێمە قوربانییانی شەڕەکانی سنوور و زمانی جیاوازین!) لەو ڕۆژانەدا پڕوشکەکانی ئەو شەڕە نەفرەتییە چەند بە ئاسانی دەگەیشتنە ژوورەکانی زیندان. تەنیا

لە یەك شەودا بەبەر چاوی تۆقێنراو و پڕ حیرەتی منەوە زیاتر لە پەنجا و پێنج کەسیان بە مەرگ ناساند. ئێمە ئەو ڕۆژانە لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنی نێو هۆڵەکەوە هەواڵی شەڕەکانی سەر سنوورمان دەبیست، دەماندیت کە چۆن سەربازەکانی عێراق سنووری ئێرانیان دەبەزاند و دەکەوتنە نێو بۆسەی سەربازە ئێرانییەکان. هەر لەهەمان ئەو شەوانەدا دەمانبینی کە چۆن سنووری زیندانەکانیش دەبەزێندرا و گیراوەکانیان هەڵدەلوشی. لەسەر سنوورەکان مەرگ بە باڵای سەربازەکان هەڵدەگەڕا و لە زیندانیش بە ئاسانی دەبووە میوانمان، قەدەری من بینینی پاشماوەی جەستە هەلاهەلابووەکانی سەربازانی بەرەی جەنگ و هەڵوەرینی ڕۆحەکانی زیندانیی و خەونە پڕ خوێن و هاوارەکان بوو. ئێمە لەو شەوانەدا مەودای نێوان ژیان و مەرگمان نەدەبینی. هێزی بینینیشمان بۆ یەکدیی تا دەهات کەمتر دەبۆوە.

ئیدی شەوەکان بۆ ئێمە نەوەکو تەنیا پەیامی ڕۆحە تاریککراوەکان بوون، بگرە درێژترین ساتەکانی ئەشکەنجە و کورتترین ڕێگاکانی مەرگ بوون!

من ئاگام لەوە نەبوو کە لە بڵندگۆکەوە ناومیان خوێندبۆوە. یەکێ لە زیندانییەکان دوای ئەوەی زۆر بە پەلە رایتەکاندم، بە نارەحەتییەوە پێمی وت:

- سەران، لە ئیدارەوە تۆیان بانگ کرد!

شێوەی قسەکردنی ئەو زیندانییە، ترسێکی زۆری بۆم هێنا. دەستێکی رەش لە چاوە بێ ئۆقرەکانییەوە دەرچوو، دەستێك دروست لە مێژبێ بە دوای رۆحی مندا بگەرێ، بەنێو هەناومدا رۆچوو. گوێم لە قرتە و کەرتبوونی شتێك بوو، لەوە دەچوو دەمارێك لە دەمارەکانی رۆحی ترس تێهەڵگەراوی مندا پسابێ. من نازانم بۆچی رووخساری ئەو زیندانییە لەبەر چاومدا زۆر بە خێرایی دەگۆرا و جاری وا هەبوو لە هەموو شتێك دەچوو تەنیا لە مرۆڤ نەبێ. من دەبووایە باوەر بە قسەکەی بکەم و بە پەلەش برۆمە ئیدارە. لەوێ عادەت وابوو ئەگەر لە بڵندگۆکەوە ناوت بخوێنرابایەوە و کەمێك دواکەوتبای ئەوە دوو پاسەوان دەهاتن و پەلکێشیان دەکردی. کە هەڵسامە سەرپێ و ویستم هەنگاو هەڵێنم، وا هاتە بەرچاوم، بەنێو قۆرتێکی گەورە و عاسێدا تێ دەپەرم، قۆرتەکە دەیبردمەوە سەر گۆرستانێك سەری دیارنەبوو. من ناچاربووم هەنگاوەکانم بە پێش خۆم بدەم و بۆ هەرچییەك بێ لەبەردەمی ئیدارە ئامادە بم. هێشتا

نەگەیشتبوومە بەر دەرگای هۆڵەکە، جارێکی دیکە ناوم بانگکرایەوە، بەڵام ئەوجارە مەبەستی داواکردنەکەشیان راگەیاند. ئاوڕێکم لەو هاوڕێیە دایەوە، کە پێش کەمێك لە خەودا بە پەلە رایتەکاندم، بە چاو تێمگەیاند کە وێدەچێ چوونە دەرەوەم جێی مەترسی نەبێ. من هەقمبوو لەو رۆژانەدا لە هەموو شتێك بترسم، تۆ ئەگەر بە بەر چاوی خۆتەوە بە لێشاو زیندانییەکان بەرەو دەرەوەی زیندان راپێچ بکەن، بیر لەچی دەکەیتەوە؟ ئایا دەتوانی بۆ لەحزەیەکیش بیر لە جوانی و خۆشییەکانی نێو زەینتدا بکەیتەوە؟ هەر کەس شەوانە گوێبیستی هاوار و گوللەبارانکردنی زیندانیی و کوشتنی خەو و خەونەکان و خوێندنەوە و سڕینەوەی ناوە بانگکراوەکان بێ، بۆ ساتێکیش ئۆقرە لە گیانیدا دەمێنێ؟ من ئەگەرچی لەو بانگکردنە تێگەیشتم کە بۆ دیتنی خزم و کەسە نێزیکەکانی زیندانییان بوو، بەڵام ترس و تۆقین هێشتا بە جەستەمەوە دیاربوون. من لەبەرئەوەی چەند جارێکی دیکەش ئەو چاوپێکەوتنانەم بینیبوو، یەکسەر خۆم خزاندە ئەو شوێنەی، کە لەوێدا زیندانییەکان کۆدەبوونەوە و بە کۆمەڵ دەچوونە ژووری چاوپێکەوتنەکان، کەچی سەیر ئەوە بوو، کە نۆبەتی من هات و ویستم بۆ ژوورەکە سەرکەوم، کارمەندەکە رێی لێگرتم و داوای

ناومی کرد. منیش ناوی خۆمم پێوت، چەند جارێك لە کاغەزەکەی نێو دەستی راما، بەسەرسوڕمانەوە دیقەتی لە من و ناوەکان گرت. من لەوە تێگەیشتم کە بەئەگەری هەرە زۆر ناوم لەلیستەکەدا نییە و تازە هەر دەبێ بچمە ئیدارە و خۆمیان پێ بناسێنم. جارێکی دیکە ترس هەڵمەتی بۆ گیانم هێنا و بەرچاومی تاریك کرد. بۆ ماوەیەك لە شوێن خۆم وەستام. نەمدەتوانی بیر لەهیچ شتێك بکەمەوە، ئاخر بانگکردن لە ئیدارەوە مانای زۆری هەبوو، خراپترینیان، راپێچدان بوو بەرەو مەرگ، بەڵام ئەو شیمانەیە بۆ من زۆر دووربوو. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە کە لەوانەبێ بیانەوێ کەسانی وەك منیش لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. بۆ نا؟! چ بەربەستێك هەبوو وابکا من نەکوژن؟ هیچ! بۆچی ئەوانەی دوای شەڕەکانی ئیسلام ئاباد، لە زیندانەکانەوە برانە دەرەوە، کەسیان گەڕانەوە؟ نەخێر! چما کەسیان حوکمی لەداردانیان لەلایەن دادگەوە بۆ دەرچووبوو؟ نەخێر! لەوانەی دەمناسین، هێشتا هێندێکیان هەر بەگومان گیرابوون. تێیاندا هەبوو شێت بوو، ئەی خودایە! خۆ ئەو شێتەی پەلکێشی هۆڵەکەمان کرابوو، نەیدەهێشت کەسمان بە ئاسوودەیی بخەوین، دالْغە و خەیاڵ بمانباتەوە، لەگەڵ یەکدی بدوێین. ئەو شێتە هەر لە فیشەکە شێت دەچوو، وەك گوللە

بەلامانەوە تێدەپەڕی، جاروبار خۆی لار دەکردەوە و نیوە پێچەیەکی دەکرد، تا هێزی لە دەمدا دەبوو هاوارێکی لێ دەردەچوو. کەسمان لەو هاوارانە تێ نەدەگەیشتین. من وا دەهاتە بەرچاوم رەنگبێ کەسێك لە دەروونیدا هەبێ و بەردەوام راوی بنێ و ئەشکەنجەی بدا. من لەوە تێ نەدەگەیشتم بۆچی ئەو شێتەیان لەگەڵ ئێمە دانابوو؟ ئەگەرچی لەنێو زیندان وا بڵاوبۆوە کە (حەسەنی سنەیی) شێت نییە، ئەوە نمایشی شێتێتی دەکا! بەڵام من باوەڕم بەو قسانە نەبوو، زۆرجار بەنهێنی دیقەتم دەدایێ، ئەو نەك هەر شێتێکی ئاسایی نەبوو، بگرە ئەگەر زۆر تووڕەت بکردایە دەستیشی دەوەشاند و پڕ بەدەمیشی هاواری دەکرد:

- دەیوس، دەیوس!

ئێمە تا ئەو رۆژەی لەگەڵماندا بوو هەر پێمان دەوت (حەسەنی سنەیی)، بەڵام کاربەدەستانی زیندان ناویان بۆ (حەسەنی دەیوس) گۆڕیبوو. تۆ بێنە بەرچاوت حەسەنێك لەو گەڕەلاوژێییەی مەرگدا ون بکرێ، بۆ دەبێ منیش بیر لە مردن نەکەمەوە؟ تۆ وەرە و بەچاوی خۆت ببینە، کە من دەچمە بەردەمی ئیدارە، بزانە چۆن ساتوسەودایم لەگەڵدا دەکەن، چیم پێ دەڵێن، بۆ کوێم دەبەن.. کە چوومە بەر پەنجەرەی ئیدارەی

زیندان زەلامێك كە ئەگەر بتانپێوایە سێ هەندەی من دەبوو، سیمایەكی پڕ لوغز و تژی پرسیاری هەبوو، كە لێم پرسی:

- من ناوم سەرانە.. ئێوە بانگتان كردبووم.. فەرموون ئەوە هاتووم.

یەكسەر لە كاغەزەكەی بەردەمی وردبۆوە، بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بكا، شتێكی لەسەر پارچە كاغەزێك نووسی و دای بەمن، لەسەرخۆش وتی:

- بێرەدا بڕۆ و ئەم نامەیە بدە ئەو پۆلیسە!

من بەڕاستی نەمدەتوانی بەڕێكوپێكی بیر لە هیچ شتێك بكەمەوە، ئاخر ئەو شێوە بانگكردنە بۆ لێكۆڵینەوەش نەبوو. من شارەزای هەموو جۆرە بانگكردنێك ببووم، كەچی ئەوجارە سەرم لێ دەرنەچوو. تازە دەبوایە هەر بچم. كە لە پۆلیسەكە نێزیك بوومەوە، نامەكەم دایە دەست. خێرا بۆم هەڵسایەوە و منی وەپێش خۆی دا. ویستم بەپۆلیسەكە بڵێم (بۆ كوێ دەمبەن؟) كەچی لەوە دەچوو ئەو ئامادەیی گوێگرتنی نەبێ. سەیر ئەوەبوو لە چەند دەرگایەكەوە دەرچووین. لە شوێنێك رایگرتم و ڕادەستی بەكەسێكی چەكداری كردم. من وەك مەڕێكی گێژم لێهاتبوو چاوەڕێی رووداوی لە ناكاو و چەقۆی دەستی قەسابێكم دەكرد. ئەوەی زۆریش جێگای

سەرسوڕمانی من بوو، منیان بردە نێو باخچەیەك و لەوێ وەستاندمیان. لەپڕ ئەوەی پێشبینیم نەدەکرد و قەتیش بیرم لێ نەکردبۆوە، بینیم. سەرەتا لە شوێن خۆمدا تاسام، وام هەستکرد خەونێکی خۆش و پڕ تەلیسم دەبینم، ئای خودایە (سروە) چی دەکا لێرە؟! ئەم دیمەنە هەر لە خەون دەکا. من سەرەتا لە شوێن خۆمدا وەستام و سەرسامیی هەموو گیانمی داگرت، کەچی لە چاوی ئەودا گەرموگوڕیی و پێشوازی زۆرم بینی! (ئەو) چاوەڕێی ئەوەبوو کە زۆر بەگەرمییەوە بەخێرهاتنی بکەم، بەڵام نازانم بۆ نەمتوانی. (ئەو) بەخێرایی بۆم هاتە پێش و خەریك بوو باوەشم تێوەربێنێ، کەچی من لە ترسی کارمەند و پۆلیسەکانی ئەوێ هیچم نەکرد، تەنیا بزەیەکی شیرینی پڕ مانام بۆ فڕێ دا، ئەویش تۆقەیێکی گەرمی لەگەڵ کردم و پەنجەکانمی گوشی. پێم سەیربوو کە بەتەنیا بۆ دیتنی من ئەو هەموو رێگایەی بڕیبوو. من دەمزانی لەو شوێنانەدا دەبێ زۆر بە پارێزەوە قسەکانم بکەم، چونکە چاوەدێری دەکرام. ئەویش هەر زوو لەوە تێگەیشت. من کە لێم پرسی (چۆنە بەتەنیا هاتووی؟) لەسەرخۆ و بە زەردەخەنەیەکی ناسکەوە وتی:

- ئەگەر هەر کەسێکم لەگەڵ بووایە نەم دەتوانی بتبینم!

زەرفێکی دایە دەستم، داوای لێکردم لە دواییدا بیکەمەوە. (ئەو) هەموو شتێکی بەچاو و جەستە پێ دەگوتم، دیتنی ئەو لە زیندانێکی دوورە وڵات و ئاوا ترسناك، سڕینەوەی دیمەنەکانی زیندان و زەمەنێك لە ئازارەکان بوو. لە بێدەنگییەکی کورتی نێوانماندا وتم:

- چۆن نەترسای بێیتە ئێرە؟

خێرا رووی گەش و چاوە بزێوەکانی نیشاندام و وتی:

- لەبەرئەوەی تۆ ئازابوویت!

من هیچ قسەیەکی دیکەم پێ نەکرا، چونکە هەموو شتێك بەدیتنی ئەو و قسەکانی ئەو، گۆڕانیان بەسەردا هات. هەستم بەهێزێکی بێ سنوور دەکرد. لەوە دەچوو بتوانم دیوارەکانی زیندانیان پێ بڕوخێنم! ئەگەرچی ئەو دیدارەمان زۆر کورت بوو، بەڵام دوور و درێژیەکی زۆری بە زەمەنی ناخم بەخشی. ئەو دیدارە بۆ من واتای جارانی لە شەو و رۆژەکان داماڵی. من بەر لەوەی زیندانیی بکرێم (ئەو)م زۆرجار دەبینی، چەند جارێك لەنێو باخچەی ماڵەکەیان پێکەوە دانیشتووین. باسمان لە زۆر شت کردووە، تەنیا لە خۆشەویستی نەبێ!

دوای چارەکە سەعاتێك (ئەو) وەك چۆن بەتەنیا هاتبوو، هەروا بەتەنیاش رۆیشتەوە. بۆ ئاخرین جار لەبەر دەرگاکە، بەر

لەوەی دوا هەنگاوی چوونە دەرەوە بهاویَ، ئاوڕێکی پڕ لە خەندەی دایەوە و بەپەنجە باریکەکانی خواحافیزی لێکردم. لە چاوەکانیدا خۆمم بینی. هەستم کرد لەنێو باوەشی ئەودام و منی لەگەڵ خۆیدا برد. ئەویش لە ئامێزی مندا مایەوە و لەگەڵ خۆمدا بردمە نێو هۆڵی زیندانەکە. هەر بەرێگاوە زەرفەکەم هەڵپچڕی و نامەکەیم دەرهێنا. بەشەوقەوە لێکم کردەوە. بەدوای نووسینێکدا گەڕام. تەنیا پەپوولەیەکی وشکبووی راستەقینەم بینی، کە بە لێواری کاغەزەکەوە چەسپێنرابوو. لە تەنیشتیشیەوە وێنەی بەپەلەی مۆمێك کێشرابوو. ئەو نامەیە بۆمنی زیندانیی لەساتێکی وادا جوانترین دیاری و پڕ ماناترین پەیام بوو، ئاخر منێك کە لەوێدا تەنیا شاهێدی بەرەو مەرگ راپێچدانی خەڵکانێك بووبم و تۆزقاڵێك باوەڕم بە ئازادبوونم نەمابووبیَ، لەپڕ کەسێکی واش سەردانم بکا و کۆشێك هیوا و خۆشەویستی لەگەڵ خۆیدا بێنیَ، چۆن خوێنێکی گەش و نویَ بەنێو لەشمدا ناگەڕیَ و دەرگایەك لە ئومێد و هیوا بەڕوومدا ناکرێتەوە؟ بەڵام ئەوەی بۆ من جێگای پرسیار و تێڕامان بوو، ئەو ئەوین و سەرەڕۆییە بوو، کە چۆن وا بەکتوپڕی سەریهەڵدا؟ من بۆ جارێکیش بیرم لەو نەکردبۆوە، ئەی چی بوو وای لێکرد منی خۆش بویَ؟

تازە لە نامەکەدا، من ببوومە ئەو مۆمەی کە بەردەوام دەسووتام و دەتوامەوە. ئەویش وەك پەپوولە بەدوای نوری ئەوینی مندا دەخوولایەوە. ئەی خوایە چۆن بکارم رەگە قوولەکانی ئەوینی (تارا) لە دەروونمدا هەلکێشم و نەمامی تازەی خۆشەویستی بڕوێنم؟ تارا ئەگەرچی بە چەند مانگێك بەر لەوەی بگیرێم، بۆ دواجار شاخەکانی جێهێشت و ملی هەندەرانی گرتە بەر، بەلام ئەو لە وجودی مندا بەردەوام ئامادەیی هەبوو. زۆریشم هەولدا، ئەو سەفەرە یەکجارەکییە نەکا، کەچی سوودی نەبوو، بەرۆیشتنی تارا، هەستم دەکرد واتایەك بۆ مانەوەم لەوێدا نەمابۆوە، بەلام هیچ چارەیێکم نەبوو، دەبووایە کێوەکان چۆل نەکەین و چاوەڕێی پەرجووەکانی ژیان بین، (تارا) لە ونبوونیدا منی بەتەواوی بێ ئومێد و سەرگەردانی رۆحی کرد، بەخەیال بەدوویدا رامدەکرد و دەچوومە ئەو ولاتە نەدیوەی ئەوی لێ بوو، تارا تا ئەو رۆژەش کە گیرام، هیچ هەوالێکم لێی نەبیست، راستییەکەی نەمدەزانی لەکوێی ئەو سەرزەمینە گیرساوەتەوە، وەك شنەبایەکی بۆن خۆش هاتوو و ڕۆیشت، وەك بانگی مژدەی هەوالێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، هەموو ئەو رۆژ و سالانەی پێکەوە بووین، هەر لەخەونێکی دووردرێژ دەچوو، رۆیشتنە لەناکاوەکەی (تارا)

دروست لە ڕفاندن و پەلکێشکردنی ئەو زیندانییانەی دەکرد، کە بۆ دواجار بە چاو خواحافیزیان لێ دەکردن. ئەگەر تارا لە پەنای کێوەکان بمابایەوە، سەفەری زیندان هەرچەندیش دوورودرێژبووایە، نەدەبووە خەمێکی گەورە، وەك چۆن عەلیڕەزا، (دنیا)ی دەهێنایە نێو زیندان و پەرژینێکی لە عیشق بە دەوری خۆیدا چێ دەکرد و بە دوور لە چاوەبزێوەکانی پاسەوانانی زیندان، ئازارەکانی رۆژگاری بە خەیاڵەکانی عیشق رادەماڵی، منیش لەگەڵ (تارا) ئاوا دەبووم، بەڵام سەفەری ئەو، تەنیا یادەوەرییەکانی بەبیر دەهێنامەوە، خەیاڵەکانم تەنیا ئەو چرکەساتانە بوون، کە لە ڕابردوودا لەگەڵ تارا بەسەرم بردبوون. عەلیڕەزا هەم ڕابردووی هەبوو، هەم داهاتوو، ئەو لەسەفەری جەستە و رۆحدا لەگەڵ (دنیا) دانەبڕا بوو، بۆیە ساتەکانی دوارۆژیشی دەچنییەوە..(سروە) بۆ من لە ساتەوەختێکی وادا، ئەگەرچی هیچ رابردوویەکیشم لەگەڵیدا نەبوو، ئێستە و داهاتووی بۆ خۆی زەوتکرد! بزە پڕ مەحەبەت و چاوە پەپوولەئاساکانی، بەردەوامی ئەو ئەوینە بوو، کە لە تاراوە دەستی پێکرد. ئەو بەدەم پێی نەوتم (خۆشم دەوێیت)، بەڵام بەجەستە، لەوەش زیاتری وت. (ئەو) ئەگەر زۆر بیری لە من نەکردبێتەوە. ئەو مۆمەی نەدەخستە سەر کاغەز و، ئەو

پەپوولەیەی لەنێو نامەکە گیر نەدەکرد و بەتەنیاش ئەو هەموو ڕێگایەی نەدەبڕی بۆ بینینی من، ئەی خودایە ئەوە چۆن بوو روویدا؟ سەردانە لەناکاوەکەی ئەو، لە ژووانێکی عیشق دەچوو، کە زەمەنێکی زۆری پێ چووبێ و بەرنامەی بۆ دانرابێتەوە..هاتنی ئەو تەنیا یەك واتای هەبوو و بەس، ئەویش گەڕانێك بوو، بە دوای عیشقێکی مسۆگەر..

ئەو نامەیە لەو تەنیاییە بکوژەدا، تژیی کردم لە بیرکردنەوە و خەیاڵ، پڕی کردم لە تروسکایی ئەڤینێك، کە بێ ئۆقرەیی و ترس و دوودڵی لە رووخسارمدا نەدەهێشت، ئیدی هەستم بەو زەمەنەی جاران نەدەکرد، کە بەردەوام ئازاری دەدام و ببووە بەشێك لە هەموو بیرکردنەوەکانم. ئەو کاتەش کە بۆ دوایین جار بردمیان بۆ ژووری لێکۆڵینەوە و پێیان وتم:

- ئەگەر ئیعتراف بکەی، ئێستە ئازادت دەکەین.

منیش وەك ئەوەی زیندان بە وێستگەیەکی کاتیی بزانم و ئازادبوونیشم کارێکی ئاسان نەبێ، لەسەرخۆ بزەیەکم کردو وتم:

- تازە من لێرە راهاتووم.

لێکۆڵەر، بەخێرایی و هەڵچوونەوە وتی:

- ئەگەر (١٠)ساڵ حوکم بدرێی؟!

یەکڕاست وتم:

-     بۆ، خۆ من هیچ تاوانێکم نەکردووە؟!

لێکۆڵەر وەك ئەوەی کورسییەکەی ژێری، ئازاری بدا، دەمودەست هەڵسایەوە و بەسەرما نەڕاندی:

-     خۆت دەبینیتەوە!

دوای دوو رۆژ لە بەسەرچوونی زەبری پڕ چێژی ژووانی دلّداریم لەگەڵ (سروە)، جارێکی دیکە گوێم لەناوی خۆم بوو، کە لە بلّندگۆکەوە، بانگیان کردم:

- سەران قادری. خێرا بگەرە ژووری ئیدارە!

من لەو دوو رۆژەدا، لە کەسێکی سەرخۆش و مەستبوو دەچووم، کاریگەریی تیشکی چاوە پڕ خومارەکانی (سروە) هەموو دیوارەکانی زیندانی لەبەر چاوم رامالّیبوو، من هەر بەجەستە لەنێو زیندان مابووم، کە لەگەڵ زیندانییەکانیش قسەم دەکرد، زۆر جار خۆشم نەمدەزانی چی دەڵێم و باس لەچی دەکەم.

ئەوان لە نهێنیی ئەو رووداوە لەناکاوە تێ نەدەگەیشتن، هەقیان بوو ئەگەر بەجۆرێکی دیکە بیر بکەنەوە. تێیاندا هەبوو، تەواو لەوە ئەرخاین بوو، کە من بەقۆناخی شێتبووندا تێدەپەڕم، من ئامادە نەبووم باس لە هیچ شتێك بکەم، ترسم لەوە بوو، نەوەکو کێشەم بۆ بێتە پێش و گاڵتەشم پێ بکەن، کە

لە بلّندگۆکەوە گوێم  لەناوی خۆم بوو، یەکەمجارم بوو، ئەوەندە زۆر بترسم، هەر لە راچەنینەکەمەوە بۆم دەرکەوت، کە ئەو بانگکردنە هەواڵێکی ناخۆشی بە دواوەیە، پەشۆکاویی بەرادەیەك بەجەستەمەوە دیار بوو. هەموو ئەوانەی  دەوروبەرم هەستیان  پێکرد. ئەو پارووە نانەش کە لەناو دەممدا بوو، نەمدەتوانی قووتی بدەم، گەرووم توانای هەڵلوشینی نەمابوو، هەر لەخۆمەوە بیرم بۆ لای شتی خراپ دەچوو. بەهەرحاڵ خێرا خۆم گەیاندە ئیدارە، سەرم لە پەنجەرە چکۆڵەکە بردە ژوورەوە، خۆم بەو کەسە ناساند، کە چاوەڕێی منی دەکرد، بیستبووم ئەو کەسە یەکێ بوو، لە زیندانییە تۆبەکارەکان. هەر کە لە پەنجەرەکەوە منی بینی وەك ئەوەی مێشولەیەك نارەحەتی کردبێ، بەتوندی کاغەزێکی لەبەردەمم دانا و، بەسەر لێوەکانییەوە وتی:

- وەڵامی ئەم  پرسیارانە بدەرەوە؟!

ویستم لەهۆکاری ئەو داوایە بپرسم، بەڵام کابرا رێی لێگرتم و جارێکی دیکە لێوەکانی لێکترازاند و وتی:

-خێراکە!

کە سەیرێکی کاغەزەکەم کرد، سەرم لەو هەموو پرسیارانە سووڕما، لە هەندێکیان هەر تێ نەگەیشتم، راستە هەموو ئەو

ماوەیەی کە لە زیندان بووم توانیبووم بە باشی خۆم فێری فارسی بکەم، بەڵام قەت لەلای لێپرسراوانی زیندان وام نیشان نەدەدا، کە فارسی دەزانم، بۆیە رووم لە کابرا کرد و بەفارسییەکی تێکشکاو تێمگەیاند، کە من فارسی نازانم و کوردم! ئەویش بێ ئەوەی شتێك بڵێ یەکسەر لەوێ ونبوو، هێندەی نەبرد، کەسێکی لەگەڵ خۆی هێنا، لە سەروسیمایەوە دیاربوو ئەویش هەر زیندانیی بوو، سلاوێکی ساردی لێمکرد و کاغەزەکەی بەردەمی هەڵگرت و یەکە یەکە پرسیارەکانی بۆ دەکردمەوە کوردی. لە یەکەم پرسیاردا وتی:

- ئەگەر ئازاد بکرێی بۆ کوێ دەچیت؟!

موچڕکێك بەلەشمدا هەڵگەڕا، خەریك بوو لەخۆشیاندا زمانم تێکبئاڵێ:

- دەچمەوە وڵاتی خۆم!

وەرگێڕ پرسیاری دەکرد و وەڵامەکانمی لەتەنیشت پرسیارەکە دەنووسییەوە، کابرای چوارشانەی تۆبەکار، لە یەکێ لە بەرسڤەکانم توورە بوو، رووی لە وەرگێڕەکە کرد و وتی:

ـــ کۆماری ئیسلامی قەبوڵە یان نا؟ ئا، یان نەء؟!

منیش لەسەرخۆ وتم:

ـــ بۆ ئێرە یان بۆ ئێمە؟

وەرگێڕ وەك من، سەری لە پرسیارەکە دەرنەدەچوو، دیاربوو لەدواییدا کابرای تۆبەکار تێی گەیاند، کە مەبەستی هەردوو ولاتە، پرسیارێکی زۆر ئالۆز و قورس بوو، بەلام توانیم بایی ئەوەندە وەلام بدەمەوە، کە ئەوان بە هەندێك گومانەوە رازی بکەم و بلێم:

- لێرە، خۆتان ئەو نیزامەتان هەلبژاردووە، بۆ ئێمەش ئەوە ئاساییە، ئەگەر خەلکی ولاتەکەم هەلیبژێرن!

کە پرسیار و وەلامەکان تەواوبوون، پەنجەمۆریان پێهەلگرتم، دواتر پارچە کاغەزێکی دیکەیان پێدام و داوایان لێکردم بچمەوە هۆلی زیندان و شتومەکەکانم بێنمە دەرەوە. هەر کە دەرگای هۆلەکەم کردەوە و یەکەم هەنگاوم بۆ ژوورەوە هەلێنا، کۆمەلێك سەروچاوی لێك نێزیك و دەست و پەنجە لێکگرێدراوم بینی، دیاربوو هەموویان لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوون، هەوالێکی منیان دەست بکەوێ، بەبێ ئەوەی دەمان لێکبترازێ بە ئاماژەکانی چاو و برۆ گومانەکانی خۆمانمان بۆ یەکدیی دەربڕی، من کەلوپەلەکانم بە نیگەرانییەکی زۆر و بە پەلە کۆدەکردەوە، من لەو ساتانە لە هیچ شتێك ئەرخاین نەبووم، نەمدەزانی سەفەری ئەمجارەیان بۆ کوێیە، دەگوازرێمەوە یاخۆ ئازاد دەکرێم؟ هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرم بوون نقوومی نێو

حەپەسان و نیگەرانی بوون، بەبێ دەنگی خواحافیزیم لە هەمووان کرد، هەر کە چوومەوە لای ئیدارە، پۆلیسێك هاتە پێشم و ڕێنونیی کردم کە چی بکەم. سەرەتا تەق تەق لە دەرگایەکم دا، کە چوومە ژوورەوە کەسێکی مەدەنیم بینی لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو، کە سەیری منی کرد، هەستمکرد بۆنێکی قورس و خەست بە بن لووتمدا تێپەڕی، هەر لەو بۆنە دەچوو، کە بە مردوو دادەکرێ، بۆ ساتێکی کەم خۆمم بە مردوویی هاتە بەرچاو، تەزووێکی ترسناك گیانمی داگرت، هەستمکرد لە هەموو شتێك دابڕام، کە چاوم هەڵێنا، هەمان ئەو کەسە بەسەر سەرمەوە وەستابوو، کە لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، کابراکە بزەیەکی بۆم کرد و بە چاویش سەرسووڕمانی خۆی لە تێکچوونی لەناکاوی تەندروستیم نیشان دا، بەبێ بایەخەوە وتی:

- لە خۆشیاندا تێکچووی؟!

چەند دەرگایەکی نێو زیندانەکەم بە گومانەوە دەبڕی و لەچەند شوێنێکیشدا بە ڕقەوە سەیریان دەکردم، ترس و نیگەرانی بەرۆکی گرتبووم، لەنێو هەموو ئەو هەموو دەموچاوانەی دەمبینین، تەنیا کەسێك بەگومانەوە بای بای لێکردم. من نەمدەزانی بۆچی ئەو هەموو ژوورەم پێ دەکەن،

هەقمبوو لەناخمەوە بترسم، ترس گەیشتبووە  بینەقاقام بەجوانی بەرپێی خۆم نەدەبینی، بەڕاستی باوەڕم بەتەواوی لەدەست دابوو، ترس بەدامێنی جەستەمەوە هەڵدەگەڕا و جاروبار دەگەیشتە بینەقاقام، تەواو ڕەشبینی دەکردم، من لەو دەمانەدا کەسێکی پەلکێشکراو بووم، لەو ژوور دەیانبردمە ئەو ژوور، ئەو کەسانەی ڕووبەڕوویان دەبوومەوە، بە ئارەزووی خۆیان، سەروسیمای حەز و ناحەزی ڕەنگاوڕەنگیان نیشان دەدام، هەبوو بزەیەکی بۆ دەکردم، هەشبوو، بەنیگایەك دنیای لەبەرچاوم تاریك و رەش دەکرد. من کە بەڕاڕەوەکەی بەردەمی ژوورەکاندا ڕەتدەبووم، هەستم دەکرد بەنێو خەرەندێکی قووڵ و عاسێدا تێ دەپەڕم، خەرەندێك کە لە هەردوو لاوە خەڵکانێکی چەهرە ترش و چاومۆن ڕیزیان بەستبێ. منی نامۆ، بێ دەسەڵات، بەنێو ئەو حەشاماتەدا هەنگاوم هەڵدێنا، ئاریشەی من ئەوەبوو نەدەمزانی دەرم دێنن،  نەدەمزانی چیم لێ دەکەن، هەقم بوو بیر لە ئیعدامکردنیش بکەمەوە، ئەو ڕاڕەوەی پێیدا دەڕۆیشتم و ئەو چڕ و چەهرانەی دەمدیتن وەحشەتناك بوون وەحشەتناك! فەزایەکی وەحشەتناکیان پێك هێنابوو، چەند جارێك بەڕاست و ڕەوان گوێم لەناوی خۆم بوو، کە لە دەمی کەسێکەوە دەمبیست، ئەو کەسە وجودی نەبوو لەنێوانماندا، من

هەر ئەوەندەم دەزانی، کە دەبوایە لە هەنگاوهەڵێناندا بەردەوام بم. لەو ئانوساتەدا نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە، تەنیا ئەوە نەبێ، لە نیگای هەموو ئەوانەی دەکەوتنە بەرانبەرم، رۆبۆتئاسا بیلبیلەی چاویان دەجووڵاندەوە، کە بەتەنیشتیانەوە تێ دەپەڕیم، بە عاستەم پەنجەی خواحافیزیان بۆ بەرزدەکردمەوە و بەهێواشیش لێویان لێك دەترازاند، وشەیەك لە دەمیانەوە دەردەچوو، بەڵام لێیان تێ نەدەگەیشتم، کە گەیشتمە نێزیك دەرگایەکی بەرزی زیندان، لەوێ وەستاندمیان، یەکێ لە پۆلیسەکان بەهێمنی قۆڵی گرتم و بردمییە ژوورێك. ئەو کەسەی لە بنەبانی ژوورەکە دانیشتبوو جلوبەرگێکی مەدەنی لەبەردابوو، خێرا بۆم هەڵسایەوە و بەخێرهاتنی کردم، دەستی بۆم درێژکرد و ئەو فایلەی کە بە دەستمەوە بوو، لێمی وەرگرت و خستییە سەر مێزەکە. بزەیەك رووخساری داگرت و داوای لێکردم لەسەر کورسییەك دابنیشم. کابرا هەر بەپێوە سەیرێکی فایلەکەمی کرد، دواجار بەکەمێك گومانەوە دیقەتی دامێ و وەك بەدوای وشەیەکدا بگەڕێ، چەند جارێك فایلەکەی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد. شەپۆلێ لە گومان و ترس جارێکی دیکە هێرشی بۆم هێنایەوە، هەستم دەکرد هەموو گیانم دەرزی ئاژن دەکا، ئەو کورسییەی لەسەری ڕۆنیشتبووم تا دەهات

تەسکتر و تەسکتر دەبۆوە، کابرا هەستی بە نارِەحەتی و نیگەرانی من کرد. لەپشت مێزەکە سوورِایەوە و لێم نێزیك کەوتەوە. منیش وەك ئەوەی کەسێك هەڵمسێنێتەوە، هەستامە سەرپێ، ئەو دەستێکی خستەسەر شانم و بەهێمنی و دەم بە پەلارەوە پێمی وت:

ـــ جەهنەم پێ دەزانی ؟!

ویستم بەرسڤی بدەمەوە، لێ نەمتوانی ، کابرا بانگی پۆلیسێکی کرد و پستەپستێکی لەگەڵ کرد ... دەمووچاوی هەردووکیانم بەجۆرێك هاتە بەرچاو، کە پرِبن لە نەخشەو پیلانی ترسناك. من گومانم لە هەموو شتێك دەکرد، ئەگەر چی لەبەردەم یەکەم و ئاخرین دەرگای زیندانەکەش وەستابووم ، بەڵام کێ دەیزانی چارەم چی بۆ نوسراوە؟ لەنێوان ئازادی و مەرگدا، عاسێ ببووم ، ترسی گەورەم ئەوەبوو لەپشتی دەرگاکەوە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی وەستابێ ، کە ئەوەش بۆخۆی گومانەکەمیان قوڵتر و ترسناکتر دەکردەوە.. بۆماوەیەك لەنێو ترس نیگەرانیدا مابوومەوە .کەسێك ئاماژەیەکی بۆ سەربازی بەر دەم دەرگاکە کرد .. دەنگێك لەدەرگاکەوە هات .. بەر لەوەی دوا هەنگاوەکانم رووە و دەرگاکە هەڵێنم، کابرای مەدەنی جارێکی دیکە بانگی کردمەوە ژووری و ئەو پارەیەی

که له کاتی خۆیدا، واته بەر له ساڵ و نیویێك له کاتی گرتنمدا لێیان وەرگرتبووم، پێمی دایەوە و کاغەزێکیشی لەبەر دەمم دانا و داوای لێکردم ئیمزایەکی لەسەر بکەم. ئەو کاتەی دەستم دایە قەڵەمەکەی سەر مێزی کابرا،زانیم دەرگای دەرەوەی زیندان بە تەواوی کرایەوە . توانیم پشت دەرگا مەزنەکەی زیندان ببینم، هەڵمەتی بەگوڕی شەپۆڵەکانی با و لاربوونەوەی قەد و باڵای دارەکانی ئەوبەر جادەکەی بەرانبەر زیندان کەوتنە بەرچاوم، شنەبایەك هەر لە زمانی دڵدانەوەی کەسێك دەچوو، کە زوویر کرابێ، بەسەر جەستەمدا تێپەڕی. بلەز ئیمزایەکەم کرد و لەژوورەکە هاتمە دەرەوە. لەبەر دەرگا گەورەکە مۆرێکیان لە دەستی چەپم دا و پێیان وتم:

ــ ئاگاداری ئەم مۆرە بە..رەش نەبێتەوە، تا لە ئیعدامکردنەکە تەواو دەبیت !

لەکاتی گوتنی وشەی (ئیعدامکردن) بزەیەك بەسەر روویدا هات .. من بەسەرسامی وەستابووم ،چاوەڕێی دوا بڕیارم دەکرد .جەستەم لە تەختەیەکی چەقیوی نێو زەوی دەچوو. سەربازی بەر دەرگا لێم هاتە پێش ولەسەرخۆ دەستی گرتم و بەهێمنی پێمی وت:

ـ بڕۆ... خودا حافیزت بێ !

چەند چرکەیەکی پێچوو خۆم لە پشتی دیواری ئاسنینی زیندانەکە بینییەوە، سەیرێکی خۆمم کرد، لەوە دەچوو ئەو کات باوەڕم کردبێ، کە من لە دەرەوەی زیندانم... !!!!

* * *

دوای سنووربڕین و هەڵدانەوەی تەلدڕەکان راگواستنمان بۆ شوێنێکی نادیار، زۆری خایاند، ڕێگا هەمووی کەند و لەندبوو، ئێمە لە پشتی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکە ئاخنرابووین، دونیا بۆ ئێمە تاریکستان بوو...! ئەو کاتەش ئێمەیان لە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکە هێنایە خوارێ، جارێکی دیکە توندتر و قایمتر چاویان بەستینەوە...من نەمدەزانی لە کوێم و ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکەی لێ وەستابوو کوێی ئەو وڵاتە بوو...ویستم دەنگ هەڵبڕم و ناوی خێزانەکەم بهێنم، بۆ ئەوەی ئەگەر لەگەڵماندا بێ، بزانێ منیش لێیەوە نێزیکم، کەچی خێرا کەسێك پڕی دایە دەستم و بەدووی خۆیدا بردم، هەستم دەکرد بەشوێنێکدا دەڕۆم، هەر لە دۆڵێکی داخراو، یاخود خەرەندێکی ترسناك دەچێ، من بەناو تاریکستاندا دەڕۆیشتم، وەختێك گوێم لە دەنگێك بوو، ئەو کەسەی دەستمی گرتبوو، وەڵامی دەنگەکەی دایەوە، هێندەی نەبرد، وەستێنرام، وەستانێکی پڕ لە نیگەرانی و حەپەسان بوو، هەستم کرد هەر لەو شوێنەی

وەستابووم، دەرگایەکی ئاسن کرایەوە. دواتر دەستێك ئەو پەڕۆیەی سەر چاومی لابرد، سەرەتا هیچ شتێکم نەبینی، کەسێك دووجار شانمی ڕاتەکاند و شتێکی گوت، هیچی لێ تێ نەگەیشتم، بەڵام دەمزانی مەبەستی ئەوە بوو بچمە ئەو ژوورەی کە لە بەرانبەریدا وەستابووم، ژوورەکە هەر لە ئەشکەوتێکی نارێك دەچوو، لە نێوەڕاستیدا قەرەوێڵەیەکی کۆنی لێ دانرابوو، کە چوارچێوەکەی ژەنگاوی و بالیف و بەتانییەکەی سەری پڕ پەڵە خوێن بوو، لە سەرەوەی بنمیچی ژوورەکە تەنیا کونێکی بچووکی هەبوو، من لە دیمەنە پیس و وەحشەتناکەی ئەو زیندانە تاکەکەسییە رادەمام، لە ناکاو گرمەیەك هات و دەرگاکەیان لەسەر داخستم و لەنێو تاریکیدا نقووم بووم!